# پێشەکـــی

جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکی گۆڕاوە، نوێگەری وەك پڕۆسەیەکی مێژوویی و بەردەوام و گشتگیر پشکی سەرەکی هەیە لەم گۆڕانە گەورەیەدا، نوێگەری وەکو کولتوورێکی جیهانی کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر کولتووره ناوخۆیی و ناوچەییەکان، دەتوانێت هێواش هێواش خۆی بخزێنێتە نێو کوچە دوورەدەستەکانی کولتووری میللەتانی جیهانەوە. کولتووریش وەك پێکهاتە و بنەمایەکی بنەڕەتی هەموو کۆمەڵگەیەك ڕۆڵی گرنگی هەیە لە نەخشەکێشانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. کولتوور یەکێکە لەبابەتە سەرەکیەکانی سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا بە تایبەتی و بوارەکانی تری وەك پەروەردە و فەلسەفە و سایکۆلۆژیا. گۆڕانی کولتووریش وەك ڕاستیەکی بەرجەستە دەتوانرێت ئاکامەکانی بەچاو ببینین.

کولتوور لەسەر بنەمای ئەوەی، کە سەرچاوەیە بۆ گەشەسەندن و گەشەکردن لە هەموو ئاستەکانی تردا، چونکە هەموو لایەنەکانی تری وەك سیاسەت و ئابووری و هزری و کۆمەلآیەتی پابەندە بە ژیانی مرۆڤەکان و لە پێناوی گۆڕانی گەشە مرۆییەکەدایە، لێرەوە هێواش هێواش گەشەکردن دەردەکەوێت و تەکنەلۆژیاش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەم بوارەدا هاتنەناوەوەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، هاتنەناوەوەی کەرەستەی دیکەی ئابووری و زۆربوونی پێداویستییەکانی مرۆڤ، پێویستی گۆڕانکاری زیاتر چەسپاند. ئەگەرچی ئەم گۆڕانکاریانە زۆر لەسەرخۆ دەڕواتە پێشەوە، بەلآم هەنگاوی گرنگی لە بواری پراکتیکیدا ناوە، بۆنمونە بوژاندنەوەی بازاڕ و دەستی کار و کردنەوەی زانکۆ و خوێندنگە و پەیمانگە و سەنتەرەکانی خوێندن و زمان و مارکێت و بونیادنانی چەندین پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی و کرانەوەی مرۆڤی کورد بەڕووی بیری نوێ و تێکەڵبوون بە دونیای دەرەوە، دەستکەوتی گرنگی گۆڕانی کۆمەلآیەتی و کولتوورین لە هەرێمی کوردستاندا. لەسەر ئاستی کولتووری گەشەپێدان بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە تێکەڵبوونی مرۆڤی کورد لەگەڵ کولتووری بیانی لەڕێگەی سەفەر و کۆچکردنەوە، وایکرد مرۆڤی کورد لە دەرەوەی کولتووری خۆیدا ئاشنای کولتووری میللەتانی تر بێت چ لە ڕووی دابونەریت و فەرهەنگیانەوە، چ لە ڕووی شێوازی مامەڵە و ژیانی ڕۆژانە و ڕەفتار و شێوازی پۆشینی جل و بەرگ و شێوازی نان خواردن و میوانداریان، چ لە ڕووی هونەر و موزیك و ئەدەب و فەرهەنگی مەعنەویانەوە کاریگەری زۆری هەبوو لەبواری گەشەکردنی کولتووریدا.

لەم توێژینەوەیەدا ئێمە وەك گۆڕاوی پاشکۆ توێژینەوە لەبارەی کولتوورەوە ئەنجام دەدەین، هەوڵ دەدەین توخمەکانی شیبکەینەوە. نوێگەریش وەك پرۆسەیەکی گشتگیر و کاریگەر بە ڕێژەیەکی زۆر کار لەسەر ئەم بنەمایە دەکات و شێوەی نوێی پێدەدات.

توێژینەوەکە دەکرێت بە دوو دەروازەی سەرەکییەوە، کە لە دوو لایەنی تیۆری و مەیدانی پێکدێت. **لایەنی تیۆری** توێژینەوەکە پێکهاتووە لە چوار بەشی سەرەکی هەریەکەیان چەند باسێکی لەخۆگرتووە. **بەشی یەکەم** تایبەتە بە ڕەهەندە گشتییەکانی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمك و زاراوەکان، هەروەها ئەو تیۆرەیەی توێژینەوەکە پشتی پێبەستووە بۆ خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتیە نوێکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها ئەو گۆڕانە کولتووری و کۆمەڵایەتیانەی پرۆسەی نوێگەری دروستیکردووە. **بەشی دووەم** بریتییە لە چوار باسی سەرەکی. **باسی یەکەم** بریتییە لە باسکردنێکی تیۆری بۆ کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی نوێ لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکەی ئیمیل دۆرکایم بۆ کۆمەڵگەی میکانیکی و کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی. **باسی دووەم** پێکهاتووە لە قسەکردن لەسەر نوێگەری و گۆڕانی بەها کولتورییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەمەبەستی دەرخستنی بڕ و ئاستی گۆڕانکارییەکان. **باسی سێیەم** کارکردنە لەسەر دەرخستنی دیاردەی دواکەوتنی کولتووری لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکەی ویلیام ئۆگبێرن بۆ گۆڕانە ماددی و نامادديیەکانی کۆمەڵگە، بەستنەوەی بە گۆڕانە ناهاوسەنگەکانی کولتوور لە شاری سلێمانیدا، هەرچی **باسی چوارەمە** خستنەڕووی دیاردەی بێ پێوەریە لە دنیای نوێدا، کە کاریگەریەکانی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرچاو دەکەون.

**بەشی سێیەم** لە چوار باسی سەرەکی چڕوپڕ پێکهاتووە و تەرخانکراوە بۆ نیشاندانی ڕۆڵی پرۆسەی نوێگەری لەسەر هەریەکە لە کایەکانی مۆدەکۆمەڵایەتیەکان و موزیك وەك دوو کایەی کولتووری گرنگ. **باسی یەکەم** بریتییە لە نوێگەری و مۆدەکان کە هەریەکە لەپەیوەندی مۆد بەکۆمەڵگە و تیۆرایزەکردنی ئەو مۆدانە دەخاتەڕوو. **باسی دووەم** پێکدێت لەباسکردن لە مود و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە باسکردنە لە مۆد و ڕۆڵی لە دروستبوونی چینی کۆمەڵایەتی وجیاوازی چینایەتی و کاریگەری لەسەر گۆڕینی شێوازی ژیانی تاك لە شاری سلێمانیدا. **باسی سێیەم** گوزارشتە لە نوێگەری و موزیکی کوردی، کاریکردووە لەسەر پەیوەندییەکانی موزیك و کولتوور و موزیکی جەماوەری لە ڕەهەندە سۆسیۆلۆژیەکەیەوە. هەرچی **باسی چوارەمە** خستنەڕووی گۆڕانەکانە لە موزیکی کوردیدا لەژێر ڕۆشنایی موزیکی کوردی و ڕەسەنایەتی و ڕۆڵی تەکنەلۆژیای نوێ لەسەر ئەم کایە کولتووریە، هەروەها بەکاڵابوونی موزیك وەك دیاردەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و هونەری.

پاشان **لایەنی مەیدانی**، کە سود لە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەرگیراوە، وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری و دەستخستنی مەعریفەی زانستی لەسەر دیاردەی گۆڕانی کولتووری لەبەردەم هەژموونی پرۆسەی نوێگەریدا. بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتن لەگەڵ

**دەستەبژێری ڕۆشنبیر و ڕەخنەگر و هونەرمەند و ئەکادیمی و توێژەرانی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامدراوە لەشاری سلێمانی. باسکردن لە دۆخی گۆڕانکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان لەم شارەدا، کە مەیدانی توێژینەوەکەیە. هەروەها کۆتا بەش تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی دەرەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە، کە ئاراستەی ناوەندە ئەکادیمی و کولتووری و ڕۆشنبیری و ناوەندە حکومی و دەزگا پەیوەندیدارەکان کراوە.**

**ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتنە نوێکانی کولتووری نوێ و هەژموونی ئەم کولتوورە لەسەر کولتووری خۆماڵی دەخاتەڕوو لە شاری سلێمانی. هەروەها نیشاندانی گۆڕانی کولتووری وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. بەواتایەکی تر کولتوور پێکهاتەیەکی وەستا و نەگۆڕ نییە، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕاندایە لەهەموو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر سێ لقی سۆسیۆلۆژیا کردووە. یەکەمیان سۆسۆلۆژیای دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، دووەمیان سۆسیۆلۆژیای کولتوور، کە کارکردنە لەسەر مۆدە کۆمەڵایەتییەکان، سێیەمیش سۆسیۆلۆژیای هونەر، کە کارکردنە لەڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی موزیکی کوردی. بە ئومێدی ئەوەی کەلێنێکی بچوکی بۆشاییە مەعریفی و زانستیەکە پڕبکەمەوە.**

# دەروازەی یەکەم

# لایەنـــــی تیۆری

# بەشی یەکـــــەم

## ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمك و زاراوەکان

### باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم: ئاما نجەکانی توێژینەوەکە

### باسی دووەم: پێناسەی چەمك و زاراوەکان

یەکەم: نوێگەری

دووەم: کولتوور

سێیەم: گۆڕانی کولتووری

### باسی سێیەم: ئەو تیۆرانەی توێژینەوەکە پشتی پێبەستون

# بەشـــــی یەكــــەم

## ڕەهەندەكانی توێژینەوەكە و پێناسەی چەمك و زاراوەكان

### باسی یەكەم: ڕەهەندەكانی توێژینەوەكە

### یەكەم: كێشەی توێژینەوەكە

ئەم توێژینەوەیە كار لەسەر ئەوە دەكات، كە دەركەوتەكانی سەردەمی نوێ و جیهانی نوێ لەسەر كولتووری كۆمەڵگەی كوردی لە بوار و شێواز و فۆڕمەكانی مۆدە كۆمەڵایەتیەكان و گۆرانی و موزیكی كوردی نیشان بدات، ئەم توێژینەوەیە دەركەوتنە نوێكانی كولتووری نوێ(مۆدێرن) و هەژموونی ئەم كولتوورە لەسەر كولتووری خۆماڵی دەخاتەڕوو، هەروەها نیشاندانی گۆڕانی كولتووری وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی. بەواتایەكی تر كولتوور پێكهاتەیەكی وەستا و نەگۆڕ نییە، بەڵكو هەمیشە لە گۆڕاندایە لەهەموو كۆمەڵگە جیاوازەكاندا، بەڵام ڕادە و شێوازی گۆڕانەكە و خێرایی و لەسەرخۆیی گۆڕانكاریەكە پەیوەستە بەوەڵامدانەوەی ئەو كۆمەڵگەیە بۆ گۆڕانكاریەكان. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئەو بەریەككەوتن و ململانێیانە بخاتەڕوو، كە ئەم دوو چەمكە لەگەڵ یەكتردا ڕووبەڕووی دەبنەوە.

كۆمەڵگەی كوردی وەك كۆمەڵگەیەك چۆن مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی نوێگەری دەكات؟ ئایا توانای پاراستنی كولتوورەكەی خۆی هەیە؟ یاخود ململانێی دەكات؟ ئەگەر وایە شێوازی ئەو ململانێیە چۆنە؟ ئایا گۆڕانی كولتووری چییە و چۆن ڕوودەدات؟ سروشتی پەیوەندی نێوان نوێگەری و گۆڕانی كولتووری چۆنە لە پەیوەندیدا بە وردە كولتوورەكانی وەك موزیكی كوردی و مۆدە كۆمەڵایەتییە نوێكانەوە؟ ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوەدایە.

ئەم توێژینەوەیە لە بەردەم پرسی كارلێكی كولتوور و مۆدێرندا هەڵوێستە دەكات، نوێگەری وەك پارادایمێكی نوێ و گەردوونی، نەریتی كوردیش وەك پارادایمێكی شێوە نەگرتوو، لە دەیان وێستگە و كایەی جیاوازەوە بەریەكدەكەون، دوو لەو وێستگانەی بەریەكدەكەون، مۆدە و موزیكە، مۆدە وەك بەشێكی فراوان لە كولتوور، كە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام ئێمە مۆدێلێك هەڵدەبژێرین بۆ نانخواردن، بایەخدان بە خۆمان و ئەوانیتر، هەروەها ڕێكخستنی ناوماڵ و بەڕێوەبردنی كارەكانمان، جلوبەرگمان، دیدار و پەیوەندییەكانمان، موزیكیش وەك ئاوازێك و بەشێكی گرنگی شێوازی ژیان و دیوە نامادییەكەی ژیانمان. هەر دووكیان پێكەوە چەردەیەك لە ڕشتەی بیركردنەوەی ئێمە دەخەنەڕوو، بەمەش هەردوو دیوی كولتوور بۆتە جێی كاركردنی توێژینەوەكە.

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

١. گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە لە نێو کۆمەڵگەیەکدا ئەنجام دەدرێت، کە ڕوون نییە سەر بە چ فۆڕمێکی کۆمەڵگەیە، نەریت و کولتورەکەی لە لایەك و نوێگەریش لە لایەکی تر ئالۆزییەکی زۆری پێبەخشیوە.
٢. یەکێك لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە بەکارهێنان و لێکدانی تیۆری کلاسیك و تیۆری هاوچەرخە بۆ خوێندنەوەی دیاردەی گۆڕانی کولتووری لە بەردەم پرۆسەی نوێگەریدا.
٣. سەر ڕێگەخستنی هەوڵی ڕاڤەیەکی کۆمەڵناسییانە بۆ سروشتی پەیوەندی و ململانێی پرۆسەی نوێگەری و کولتوور لەکۆمەڵگەی کوردیدا.
٤. ئەم توێژینەوەیە گرنگە لەو ڕووەوە، کە دەتوانرێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستی لێی بڕوانین، چونکە هەردوو کایەی کۆمەڵناسی کولتوور و کۆمەڵناسی هونەر تا ئێستا نەبوونەتە بواری توێژینەوەی زانستی.
٥. گرنگیەکی تر لە بوارە مەیدانییەکەیدایە، کە بەدیدێکی ڕەخنەگرانەی وورد، کایەی موزیك و مۆدە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی شارەزایان و تایبەتمەندانی ئەو دوو بوارە گرنگەی کولتوور لە شاری سلێمانی شرۆڤە دەکات.

## سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

١. دەرخستنی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوازی ژیانماندا دێت لە ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی هاتنەناوەوەی پرۆسەی نوێگەری.
٢. توێژینەوە لە هاتنەناوەوەی مۆدێل و شێوازی نوێی مۆد بەهۆی پرۆسەی نوێگەرییەوە.
٣. زانینی ئاستی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر دابونەریتەکان وەك بەشێك لە کایەی کولتوور دێت لەبەردەم شەپۆلی پرۆسەی نوێگەریدا.
٤. دەرخستنی شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی و بەرهەڵستی لەبەرانبەر هاتنەناوەوەی نەریت و کولتووری نوێ.
٥. دەرخستنی کاریگەری نوێگەری لەسەر گۆڕینی فۆڕم و ناوەڕۆکی هونەری موزیك و گۆرانی کوردی لە شاری سلێمانی لەڕوانگەی سۆسیۆلۆژیەوە.

## باسی دووەم: پێناسەی چەمك و زاراوەكان

### یەكەم: نوێگەری (( الحداثة، Modernity ))

هەركاتێك مرۆڤ بخوازێت دەربارەی (چەمكێك، زاراوەیەك، وشەیەك) بزانێت یاخود هەوڵی ناسینی بدات، ئەوا پێویستە بە دوای ڕەگ و ڕیشە، یاخود بنەچە(اصلی)ی ئەو چەمكەدا بگەڕێت، تاوەكو باشتر لەماناكەی تێبگات و هەوڵێكی ڕیشەناسیانەی بدات، تا لێكۆڵینەوە سەبارەت بەو چەمكە ئاسانتر خۆی بدات بەدەستەوە و لایەنە شاراوەكانی بۆ ئاشكرا ببێت. بێگومان هەركارێكی لەم جۆرە پێویستی بەماندوبوونی زۆرە، چەمكی نوێگەری(مۆدێرنە)یش یەكێكە لەو چەمكە ئاڵۆز و فرەڕەهەندانەی، كە مێژوویەكی قوڵ و درێژی هەیە و ئاڕاستەی جیاواز جیاوازی لەخۆگرتووە. هەوڵدان بۆ ناسین و تێگەیشتن لە بونیاد و پێكهاتەی ڕیشەیی ئەم چەمكە و ماناكەی سەخت و دژوارە. لێرەدا كەم تا زۆر هەوڵی ناساندن و پێناسەكردنی ئەم چەمكە دەدەین:

لەڕووی چەمكەوە دەتوانین بۆ وشەی "مۆدێنیزم (Modernism) وشەی (نوێخوازی) دابنێین بەرانبەر (الحداثية او الحداثوية) لە زمانی عەرەبیدا، هەروەها بۆ وشەی مۆدێرنە (Modernity)وشەی (نوێگەری) دابنرێ بەرانبەر (الحداثة)ی عەرەبی، هەروەها وشەی مۆدێرن(Modern)وشەی (نوێ) دابنرێ بەرانبەر (الحديث)لە زمانی عەرەبیدا، چونكە هەر یەك لەو سێ وشەیە واتای تایبەت بەخۆی هەیە و ناكرێ لەجێی یەكتر بەكاربهێنرێن"[1].

بۆ یەكەمین جار "چەمكی نوێگەری(مۆدێرنە) لەلایەن شاعیری گەورەی فەڕەنسی بۆدلێر بەكارهێنرا لە وتارێك لە ڕۆژنامەی (فیگارۆ) لە ساڵی ١٨٦٣ سەبارەت بە نیگاركێش(كۆنستانتین گیز) لەژێر ناوی (نیگاركێشی ژیانی مۆدێرن)"[2]. لێرەوە هەوڵدەدەین لە بەردەم كۆمەڵێك پێناسەی جیاوازدا بوەستینەوە بۆ ئەم چەمكە، چونكە نوێگەری(مۆدێرنە) تەنها یەك سنور و یەك جوگرافیای دیاریكراوی نیە، بەڵكو زیاد لە جوگرافیا و هەرێمێكی هەیە و سنورە جیاوازەكان دەبڕێت و خۆی دەهاوێتە ناو هەموو سوچێكی ئەم دنیایەوە، زۆر جار دێتە ناو ژیانی تایبەتی و ئەزموونە كەسییەكانمانەوە و بەشداری بۆنە و ڕووداوە تایبەتیەكانمان دەكات

[1]. شاهۆ سەعید، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٣٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٥.

[2]. ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنیتە، دیموكراسی و ڕۆشنبیران، وەرگێڕانی: موسڵح ئیروانی و مراد حەكیم، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٢ ، ل ١١.

بێ ئەوەی خۆمان خواستمان هەبێت، بێ ئەوەی دەسەلاتی ڕووبەڕووبونەوەیمان هەبێت، زۆر جاریش ئاڕاستەکانی ژیانمان بۆ دیاری دەکات.

زۆرێك باوەڕیان وایە"نوێگەری بە واتای ڕۆژگاری پیرۆزی عەقڵی مرۆڤ لەبەرانبەر باوەڕی نەریتی (ئەفسانەیی، ئایینی، ئەخلاقی، فەلسەفی...تاد)پێگەیشتنی ئەندێشەی زانستی و عەقڵباوەڕی (ڕەشنالیزم) و گەشەسەندنی دیدگەی فەلسەفی ڕەخنەگرانە دێت. هەروەها باوەڕهێنان بە کارکردنی هەمەلایەنە و پێویستی(ضرورت) ئەندێشەی ڕەخنەگرانە. بەم واتایە نوێگەری ڕەخنەکردنی بەردەوامی کولتوور و نەریتە بەمەبەستی خۆنوێکردنەوە"[١].

"نوێگەری بەجۆرە شێوازێکی ژیان و ئەزمونکردنی ژیان هەژمار دەکرێت، کە بەهۆیەوە گۆڕانی پیشەسازیبوون و شارستانی و گۆڕانکاری لە بواری دینیدا دێتەدی، تایبەتمەندیەکانیشی بریتییە لە چاکسازی و گۆڕانی خێرا، هەروەها خوێندنەوەی نوێ بۆ کات و شوێن و خێرایی جوڵە و پەیوەندیەکان و دینامیکیەت و گۆڕانی کولتووری"[٢].

"هەمیشە چەمکی نوێگەری(مۆدێرنە) بەرانبەر دوو چەمکی دیکە دەوەستێتەوە، یەکێکیان چەمکی (**کۆن**)، ئەوی تریان چەمکی (نەریت) یان (تقلید)ە. لەم ڕوانگەیەوە بەردەوام واتای ڕاستەقینەی وشەی مۆدێرن دەگۆڕێت، بەلام بنەڕەتی نوێگەری(مۆدێرنە) بە واتای (بەردەوام بەرەوپێش چوون) لەهەمان کاتدا(سەرلەنوێ خوێندنەوەی نوێ) و بەجێهێشتنی (کۆن) بەکاردێت"[٣]. لە ڕوانگەی ڕۆمەکانەوە "وشەی (مۆدێرن)، واتای (**نوێ**)ی هەبووە، لە کاتێکدا واتای (کۆن)یش بریتی بوو لە (ئەو شتەی پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە)، ڕۆمەکان بۆ یەکەمجار وشەی نوێ(مۆدێرن) (Modernus) یان لە سەدەی شەشەمی زاینیدا لە وشەی (Modo) وە دروستکرد، کە بە واتای (بەتازەیی) دێت، کەواتە بە بۆچونی ڕۆمەکان نوێ(مۆدێرن) بوون واتە هۆشیاری سەبارەت بەو سەردەمەی مرۆڤ خۆی تێیدا دەژی"[٤].

لەم ڕوانگەیەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە نوێگەری واتە هۆشیاری و ئاگایی مرۆڤ بەو سەردەمەی چالاکی و ژیانی تایبەتی خۆی تێدا ئەزموون دەکات، ئەزموونەکانی خۆی بۆ

---

[١]. بابك احمدی، مدرنیته واندیشەی انتقادی، چاپ ششم ، نشر مرکز، تهران ، ١٣٨٥، ص٩.

[٢]. پیتر چایلدز، مدرنیسم، ترجمە: رضارضایی، چاپ دووم، نشر ماهی، تهران، ١٣٨٦ ، ص٢٥.

[٣]. انتونی گیدنز، تجدد و تشخص جامعه و هویت شخصی در عصر جدید، ترجمە: ناصر موفقیان، نشر نی، تهران، ١٣٧٨، ص٤٥.

[٤]. ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەکان، وەگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، سلێمانی،٢٠٠٣، ل٩.

تێگەیشتن لەو دنیایەی کە ژیانی تێدا دەگوزەرێنێ بەکاردەهێنێ، ئەم ئاگایی و تێگەیشتنە بەسەرەداوی دۆخێکمان دەگەیەنێت، دۆخێك کە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، بەردەوام واتا و گوزارشتی نوێ دێنێتە کایەوە، سەبارەت بەچەمکی نوێگەری(مۆدێرنە) واتای تازە دەخوڵقێنێ. زیگمۆن باومان لەقسەکردن لەسەر واتای چەمکی نوێگەری(مۆدێرنە) بەم جۆرە مانای دەکات "زاراوەی مۆدێرنە لایەنی بەرجەستە و ئاشکرای بە واتای هاواتای (باو) بوو یان شتێکی خاوەن خاڵی دەرچوون یان سەرچاوەی کۆتایی و هاوچەرخ دێت"[1].

مارشاڵ بێرمەن لە کتێبی (ئەزموونی مۆدێرنیتی)دا بەم جۆرە پێناسەی نوێگەری دەکات "نوێ(مۆدێرن) بوون بە واتای پەیوەست بوون بە هەرێمێکەوە، کە لەودا ڕووداوەکان، هێز و دەسەڵات، کەیف و شادی و گەشە و گۆڕان هەموو جیهان و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، لەهەمان کاتدا هەڕەشە لە فەوتاندن و ڕووخاندنی هەموو ئەزموونەکان دەکات"[2]. نوێگەری پرۆسەیەکی سەرتاپاگیرە، کە مرۆڤ بێ ویستی خۆی پەیوەندی لەگەڵدا دەبەستێ و پەیوەست دەبێت پێوەی، لەیەك کاتدا مژدە و هەڕەشەی خۆی هەیە، زۆرجار خۆشبەختی بە مرۆڤ دەبەخشێت، زۆرجاریش هەڕەشە لەو خۆشبەختیە دەکات و دەیخاتە ژێر مەترسیەوە.

کۆمەڵناسی فەڕەنسی ئالان تۆرین لە پێناسەی نوێگەریدا دەنوسێت: نوێگەری بریتیە لە بەرهەمی چالاکیە عەقڵانیەکانی ئادەمیزاد، هەروەها چالاکیە زانستی و تەکنەلۆژی و لۆجستی کارگێڕییەکان، نوێگەری لەبری عەقڵیەتی غەیبانی و میتافیزیکی، زانست دەخاتە سەنتەری ژیانی کۆمەڵایەتی ئادەمیزادەوە، بیر و باوەڕە ئاینیەکانیش دەخاتە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی تاکە کەسەوە"[3]. ئەم ڕوانگەیە پێیوایە نوێگەری جێگە و پێگەی ئایین و عەقڵیەتی غەیبانی لەق دەکات و لەشوێنیدا زانست و عەقڵی زانستی دەکاتە سەنتەری بیرکردنەوەکانی مرۆڤ و کار و چالاکیەکانی لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووریدا، ئایینیش بە شەخسی دەکات و کاریگەری ئایین لەبواری گشتی و فەزای گشتیدا کەم دەکاتەوە. هاوکات بیروڕایەکی تر نوێگەری، بەچەشنێکی شارستانی و تازە دەزانێت دژی چەشنێکی سونەتیی و نەریتگەرا، هەر وەکو فەیلەسوفی فەڕەنسی ژان بۆدریارد دەڵێت: نوێگەری چەشنێکی ژیاریی دژ بەو چەشنە سونەتیەیە، کە بەدرێژایی چەندەها سەدە باڵی بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا کێشاوە، کە

[1]. زیگمۆن باومان، مۆدێرنە، وەرگێڕانی: ڕێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٣٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ ل ١٤١.

[2]. مارشاڵ بێرمەن، ئەزمونی مۆدێرنیتی، وەرگێڕانی: مەنسور تەیفوری، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٥٤.

[3]. أنتونی گیدنز، فراسوی چپ و راست، ترجمە: محسن ثلاثی ، انتشارات علمی، تهران، ١٣٨٢، ص١١٩.

تاهەنوکەش چەشنێکی زاڵە "[1]. نوێگەری دژ بە چەشنێکی سونەتگەرا و نەریتگەرایە، کە ڕەگ و ڕیشەیەکی ئایینی هەیە، ئەم دژبوونە هەوڵی داماڵینی ئەو شێوازە نەریتگەراییە دەدات، هەوڵی داماڵینی پیرۆزی دەدات لە مرۆڤ و لە کۆمەڵگە. "نوێگەری ئەو دید و هەڵوێستە هزری و ڕۆشنبیرییە ڕەخنەییەیە، کە هەوڵی داماڵینی پیرۆزی لە دونیا و لە کۆمەڵگە و لە مرۆڤ دەدات و دەخوازێت هەرسێکیان بکاتە بونێکی سەرزەمینی و قابیلی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی میتۆدی و ڕەخنەیی"[2]. ئەم دیدە، نوێگەری بەلێدان لەپیرۆزی و داماڵینی پیرۆزیی وێنا دەکات، بەرانبەر بەژیانی مرۆڤ و ئەو دنیایەی تێیدا دەژی و دەیانخاتە بەردەمی ڕەخنە و توێژینەوە لە دەرەوەی ڕوانگەیەکی پیرۆز کە نەتوانرێت باس بکرێت و بدرێتە بەر ڕەخنەکردن، هەروەها مرۆڤ و کۆمەڵگە لە دنیای غەیبانی و هزری ئاسمانییەوە دەکاتە بووێکی سەرزەمینی و لە چوارچێوەی ژیانێکی زەمینی قابیلی ڕەخنە لێدەڕوانێت.

هەروەها مێرسیا ئەلیاد، کە بیرمەندێکی گەورەی سەدەی بیستەمە دەنوسێت: "ئێمە ماوەیەکی زۆرە ئاگاداری ئەم مەسەلەیەین، بەم جۆرە کۆمەڵگە نوێکان(مۆدێرن)ەکان بەسیفەتی نوێ(مۆدێرن) بونیان دیاری دەکرێن، چونکە چەند هەنگاوێکی دووریان بڕیوە لە بواری داماڵینی پیرۆزی لەژیان و گەردوون، هەروەها گوزارشت لەو تازەبونەوەیە دەکرێت لەجیهانی نوێ(مۆدیرن)دا، لەڕێگەی جارێکی تر هەڵسەنگاندنەوەی ئەوەی، کە لەسەر ئاستی دنیایی بۆ بەها پیرۆزەکان پێشچاو خراوە"[3]. لێرەوە دەتوانین بڵێین نوێگەری هەموو سنورە ئایینی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و چینایەتی و نەتەوەییەکان دەبڕێت، بەشێوەیەکی قوڵ بەتەواوی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتووری مرۆڤ و کۆمەڵگەدا دەچێتە خوارەوە، واتا و ئاماژەی تازە بە ژیان و دونیا دەدات، بەجۆرێك هەموو شتێك قابیلی گۆڕان و تێڕوانینی ڕەخنەیی بێت. "نوێگەری دەیەوێ مرۆڤ سەروەری دنیا بێت، بزوێنەری دنیا بێت، بونەوەرێك، کە دەبێ لەگەڵ توانا مرۆییەکاندا بۆ چەمکسازی و ڕێکخستن و سیستەماتیزەکردن بگونجێت.

---

[1]. هاشم صاڵح، مۆدێرنیزم چیە، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٣٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٤٠ .

[2]. مەریوان وریا قانیع، لەنێوان مۆدێرنە و ئیسلامی سیاسیدا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١١، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٦ .

[3]. مێرسیا ئەلیاد، ئەفسانەکان لە جیهانی مۆدێرندا، وەرگێڕانی: محمەد حسێن، گۆڤاری سەردەم، ژمارە٤٧-٤٨، دەزگای چاپ پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٧٧ .

زانین (زانستی مۆدێرن) ئیشی نیە بەسەر دنیای ڕاستەقینەوە، ئەو دنیایەك دەڕازێنێتەوە کە تێیدا ئەزموونی ئێمە بێتەدی، دنیایەکی قابیلی لێپرسینەوە، سادەگەرا و ئاسان درککراو"[١].

نوێگەری دەیەوێت هیچ شتێك بە پەنهانی و نهێنی نەمێنێتەوە، تەواوی بارو بونیادە شاراوەکان ئاشکرا بکات، دیسانەوە خوێندنەوەی نوێ و لێکۆڵینەوەی نوێیان لەبارەوە ئەنجام بدات. عەقڵ و زانست بکاتە سەنتەری بیرکردنەوەکانی ژیانی مرۆڤ و ڕۆڵی بیری ئایینی و بیرە نەریتخوازەکان شیکار بکات و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا لاواز بکات . "نوێگەری ئەو خواستە تیژڕەویە هیچ سنورێك ناناسێت، ئارەزووکردنە لە ئاشکراکردنی ئەو نهێنیەیەی، کە سەردەمێك پێگەی ئیمان بوو"[٢].

خواستی نوێگەری بە پلەی یەکەم لاوازکردنی پێگەی ئیمان بوو، هەروەها ڕزگارکردنی مرۆڤ بوو لەو بیرە ئایینیەی، کە بواری بەخوێندنەوەی نوێ و بیری نوێ نەدەدا لە کۆمەڵگەدا. هەروەك چۆن هەوڵدان بوو بۆ ڕزگاربوون لە بیری خوڕافی و ئەفسانەیی و نەریتی کۆن، کە ڕێگەی بەبیرکردنەوەی عەقلانی نادینی نەدەدا ."بەرنامەی سەرەکی نوێگەری(مۆدێرنە) خۆرئاوایی (کە مژدەی بە زانست دەدا)، ئەوە بوو جیهان لەو خەسڵەتە ئاڵۆزە قوتار بکات، کە بیرکردنەوەی ئایینی و میتۆلۆژی کۆن دروستیان کردبوو، ئەویش بەدانانی مەعریفەی زانستی لەشوێنی وەهم و خەیاڵ پلاویەکان"[٣]. ئەمەش واتە دانانی زانست و مەعریفەی زانستی و میتۆدی زانستی نوێ لەشوێنی ئەفسانە و خوڕافات، کە لەو سەردەمەدا باو بوو، هەروەها هەوڵدان بۆ ئەوەی زانست و مەعریفە و مۆدێلی نوێی قوتابخانە و پەروەردە و خوێندن، کە ڕۆژگارێك بالا دەست بوو جیگەی کڵێساو فێرگە دینیەکان بگرێتەوە.

"نوێگەری واتە ڕۆژگاری سەرکەوتنی عەقڵی مرۆیی بەسەر بیروڕا نەریتیەکاندا (ئەفسانەیی، دینی، ئەخلاقی، فەلسەفی و... ) گەشەی بیری زانستی و عەقلانیەت، زیادبونی بایەخی تێڕوانینەکانی فەلسەفی ڕەخنەگرانە"[٤]. هەروەها فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئینگلیزی گیرارد دێلانتی پێناسەی نوێگەری دەکات و دەنوسێت: "نوێگەری بریتییە لە پڕۆژەیەك تێیدا

---

[١]. بابەك ئەحمەدی، مۆدێرنیتی و قەیران، وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٥ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٥٧ .

[٢]. محمد مزوز، قەیرانی مۆدێرنە و گەڕانەوەی دیۆنیزۆس، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٤١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ , ل٥ .

[٣]. ئەشرەف حسن، کاریگەری نیچە لەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرت، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٤٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٥٧.

[٤]. بابەك ئەحمەدی، هەمان سەرچاوە، ل٦٢.

گومانی گەورە گەورە هاتە کایەوە، گومان دەربارەی مەودا و ڕەهەندە هەرە گرنگەکانی ئەزموون و شارەزایی مرۆیی لەبوارەکانی: مەعریفە و دەسەلاٌت و تێگەیشتندا بۆ خود"[1].

بۆتێگەیشتن و ڕونکردنەوەی واتا جیاوازەکانی چەمکی نویٚ(مۆدێرن) پێویستە جیاکارییەکی تەواو بکەین لەنێوان هەموو ئەو چەمك و زاراوانەی وەکو هاوشێوە و لق وپۆپ لەم چەمکە دەبنەوە، کە هەر یەکەیان مەبەست و واتای تایبەتی خۆی هەیە، ئەوانیش چەمکەکانی (مۆدێرن، مۆدێرنە، مۆدێرنیزم، مۆدێرنیزەیشن)کە هەریەکەیان گوزارشت لەساتەوەختێك لەساتەوەختەکان و شێوازێك لەشێوازەکانی ئەو پڕۆسە هزری و فەلسەفی و ئابووری و زانستی و کولتووریە دەکەن کە پێیدەگوترێت سەردەم یاخود چاخی نویٚ(مۆدێرن)، ئەم جیاکارییەش بەمانای ئەوەنیە کەدابڕانێکی جەوهەری بکەین لەنێوان چەمکەکاندا، بەڵکو تەنها بۆ تێگەیشتن و تێکەڵنەکردنە، بۆ ئەوەی کاتێك دەڵێین نویٚ(مۆدێرن) بزانین مەبەستمان لەچیە و باسی چی دەکەین؟.

نویٚ(مۆدێرن) زاراوەیەکە ئاماژە لەکات و مەودای کاتیی دەکات، چاخێکی نوێیە لەچاو ئەو ئاگاییەی سەبارەت بەخۆی هەیەتی و بەبەراورد بەچاخەکانی پێش خۆی، بۆ نموونە لەکولتووری خۆرئاوادا ڕزگاربوون لەدەسەلاٌتی کەنیسە و جیابونەوەی دەسەلاٌتی دەوڵەت لەدەسەلاٌتی کەنیسە، بەڵگەی چاخ و سەردەمێکی مۆدێرنە لەچاو سەدەکانی ناوەڕستدا. چەمکی نویٚ(مۆدێرن) گوزارشت لە سەردەم یان چاخێك دەکات لەڕووی زەمەنیەوە، کە ئەم پڕۆسە و پڕۆژەی نوێگەری تیادا سەرهەڵدەدات، واتە ئەو پانتاییە زەمەنییەمان بۆ دیاری دەکات، کە نوێگەری(مۆدێرنەی) تێیدا دروست دەبێت و پڕۆژە و واتا و ئاماژەکانی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، بیر و هزرمان بەڕووی سەردەمێکدا دەکاتەوە، کەسەردەمێکی نوێیە و جیاوازە لەو سەردەمە کۆنەی پێشتر پێی ئاشنابوین و ئەزموونمان کردووە .

بەلاٌم نوێگەری(مۆدێرنە) "پڕۆژەیەکی هزری و فەلسەفیانەی هزرڤان و بیرمەندانی چاخی نویٚ(مۆدێرن)ە، نوێگەری ئەو پڕۆژە و لێکدانەوە و جیهانبینیە هزری و فەلسەفیانەن، کە لەلایەن فەیلەسوف وبیرمەندانی نوێگەرییەوە ڕەنگرێژکراون و بە هۆیانەوە وێناکردنەکانی خۆیانیان سەبارەت بە سەردەمی نویٚ(مۆدێرن) خستۆتەڕوو، گەر چەمکی نویٚ(مۆدێرن) پڕۆژەیەك بێت لەکات و زەمەندا، ئەوە نوێگەری(مۆدێرنە) پڕۆژەیەکە لە زەین و بیرماندا"[2].

---

[1]. مەریوان وریا قانیع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢٦١.
[2]. ڕێبوار سیوەیلی، نوسین و بەرپرسیاری، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٥٩.

هەرچــی (مۆدێرنیزەیشــن)ە ڕەهەنــدی ماتڕیاڵیانــەی نوێگــەریمان پێدەناســێنێ و بەرجەستەکەری پرۆسەی نوێگەرییە، نوێگەری وەك پرۆژەی هزری، بەرنامەی جۆراو جۆری گۆڕینی هەمەلایەنی خستۆتەڕوو، کە دواجار ئەم بەرنامانە لە چوارچێوەیەکی ماتڕیالینەی تەکنیکیدا بەرجەستەبوون"[1]. بەم جۆرە ئەگەر نوێگەری لایەنی تیۆری پرۆژەیەکی هزری و فەلسەفی و هونەری و ئابووری ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانە بێت، کە بانگەشەی سەردەم و چاخێکی نوێ دەکەن. مژدەی سەردەمێکی نوێمان دەدەنێ، کە تێیدا پرۆژی هزری و فەلسەفی خۆیان دەخەنەڕوو، ئەوا نوێسازی (مۆدێرنیزەیشن) لایەنی پراکتیکی ئەو پرۆژەیەمان بۆ دەخاتەڕوو، واتە بۆمان دەکاتە شتێکی بەرجەستە و واقعی و کەم تا زۆر لەژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریدەبەین.

"مۆدێرنیزەیشن یان نوێسازی(بە مانا نائایدیۆلۆژیانە و پوختەکەی خۆیەوە)لەبنەڕتدا چەمك و زاراوەیەکی تەکنەلۆژیە نەك زاراوەیەکی بەهادارانە. نوێسازی لەم مانایەدا، دەرخەری گۆڕین و جێگرتنەوەی ئامێرە لەشوێنی هێزی کاری مرۆیی، خێراکردنی تۆڕەکانی گەیاندن و جولاندنی خێرای خەڵك و کارەکانە. ئۆتۆماتیکیبوونی خزمەتگوزاریەکانیش بەشێك لەسیما گرنگەکانی ئەو دەخاتەڕوو"[2]. مۆدێرنیزەیشن ئەو هێزە تیژڕەوەی سەردەمی نوێ(مۆدێرن)ە، کە ڕیتمێکی خێراو پڕ جوڵە و بەردەوام بەژیانی ئادەمیزاد دەدات، هەروەها ئەم پرۆسەیەش لەڕێگەی تەکنەلۆژیای تازەوە ئەنجام دەدات، لەشوێنی هێزی بازوو و توانای جەستەیی، ئامێر و مەکینە لەپرۆسەکانی بەرهەم هێنان و بواری تەکنیکیدا بەشداری پێدەکات.

هەرچــی نوێگەری(مۆدێرنە)یــە "بریتیــە لەدەســتکەوت و بەرجەســتەبوونی نوێگــەری لەڕەهەندە ئیستاتیکی و مەعنەویەکەیدا، نوێگەری سیما مەعنەوی و ئیستاتیکی و ڕوحیەکەی مۆدێرنیزمە، کە لەهونەر و ئەزموونە مەعنەویەکاندا ڕەنگدەداتەوە"[3]. نوێگەری ئەو پێکهات و بەهایانەی سەردەمی (مۆدێرن)ە، کە تایبەتە بەلایەنی جوانناسی و هەستە مەعنەوی و دنیا ڕەمزیەکەی و خۆی لەهونەر و ئەدەب و چێژە مەعنەویەکاندا دەبینێتەوە، دنیایەك، کە پێچەوانەی دنیای بێ ڕوحی تەکنەلۆژیا و بوارە تەکنیکیە ئەبستراکتەکانە، کە مرۆڤی لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا تەنیا و گۆشەگیر و نامۆکردوە. کەواتە نوێگەری دیوی پێچەوانەی

---

[1]. ڕێبوار سیوەیلی، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩ و٦٠.

[2]. ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنیتە و نەریتی پچڕان، وەرگێڕانی: ڕێباز مستەفا، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە ٢٠-٢١، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٢٥.

[3]. ڕێبوار سیوەیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

دنیای تەکنەلۆجی و زانستیە ڕوتەکەی چاخی (مۆدێرن)ە . نوێخوازی(مۆدێرنیزم) لەگەڵ نوێگەریدا جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە "نوێگەری هەمان نوێبونەوەیە، نوێبونەوەیەك، کە کەسێك خواستی بەسەر نویٚ هێناندا نەبێت، خۆبەخۆ ڕوودەدات، بەلاّم نوێخوازی(مۆدێرنیزم) جۆرێکی ئایدۆلۆژیایە، جۆرێکی ئەندێشەیە کەئەرکی شوێن جێگۆڕکیٚ پێکردنی نوێگەری(مۆدێرنە)یە لەجێگەی کۆندا"[١]. نوێگەری پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و هێواشە بە هەناوی کۆمەڵگەدا دەڕواتە خواریٚ بەشێوەیەکی قولْ و سیستەماتیکی بە کۆی بونیادی کۆمەڵگادا ڕۆدەچیٚ، بەلاّم نوێخوازی(مۆدێرنیزم) پرۆسەیەکی هزری و بیر و ئەندێشەیە، کەبەخێرای دەگاتە مەبەستەکانی. ئەوەی پێویستە ڕوونبکرێتەوە دیاریکردنی ئەو چەمکەیە، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا بەکاری دەهێنین کە بریتیین لە(مۆدێرن، مۆدێرنە، مۆدێرنیزم، مۆدێرنیزەیشن).

نویٚ(مۆدێرن): واتە ئەو سەردەمە یان ئەو ماوە زەمەنیەی، کە پرۆسەی مۆدێرنە تیادایە یان پیایدا تێپەڕدەبێت، یاخود مرۆڤ دەگرێتەوە، بۆنموونە مرۆڤی مۆدێرن.

نوێخوازی(مۆدێرنیزم): ڕەوتە ئایدۆلۆجی و هزری و ئەدەبیەکەی نوێگەری دەگرێتەوە.

نوێگەری(مۆدێرنە): گوزارشتە لە ڕەوت و پرۆسەیەکی کۆمەلاّیەتی و کولتووری و ئیستاتیکی و هونەری و ئابووری، کە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر کار بەم چەمکە کراوە.

نوێسازی(مۆدێرنیزەیشن): گوزارشتە لە لایەنی تەکنەلۆجی و تەکنیکیە خێرا و بیٚ سنورەکانی سەردەمی مۆدێرن.

- کەواتە دەتوانین بڵێین سەردەمی مۆدێرن لە چوار ڕەهەندی بنەمایدا ڕەنگیداوەتەوە، کە بریتین لە:

**یەکەم**: ڕەهەندی کات و دروست بوونی مەودای زەمەنی لە نێوان (پێش مۆدێرن) و (سەردەمی مۆدێرن)دا، واتە (مۆدێرن)

**دووەم**: ڕەهەندی فەلسەفی و هزری، کە هەڵگری جیهانبینی جیاواز و دابڕانێکی مەعریفییە لەگەڵ سیستەم و شێوازی بیرکردنەوەی پێش خۆیدا، واتە(مۆدێرنیزم)

**سێیەم**: ڕەهەندی ماتریالی و پرۆسەی ژیاری و تەکنەلۆژی، کە خوازیاری کۆنترۆڵکردنی شوێن و فەزا و پەیوەندییەکان و دامەزراوەکانە، واتە(مۆدێرنیزەیشن)

---

[١]. عبدالکریم سروش، فربەتر از ایدئولوژی، چاپ هفتم ، مؤسسه فرهنگی صراط، تهران،١٣٨١، ص٣٥٢.

**چوارەم:** ڕەهەندی مەعنەوی و ئیستاتیکی، کە خۆی لە هەموو ئەو دیاردە ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و هونەری و ڕوحیانەدا دەبینێتەوە، کە تایبەتن بەشێوە ژیانی مرۆڤی مۆدێرن[1]، واتە نوێگەری(مۆدێرنە).

سەردەمی نویٚ(مۆدێرن)وەرچەرخانێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە، ئەم سەردەمە بەڕەهەندە زەمەنی و فەلسەفی و فیکری و ئیستاتیکی و ماتریاڵیەکانیەوە، توانی گۆڕانێکی بنەمایی لەبونیادی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەگشتی بهێنێتە کایەوە، هەروەها ئەم چاخە نوێیە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ بوو لەگەڵ داب و نەریتەکاندا، بە تایبەت لە کۆمەڵگە نەریتخوازەکان، کە تیایاندا داب و نەریتەکان ببوونە یاساو ڕێسای بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵگەیانە، ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەیەك، کە تێیدا کولتووری باو و دروستکراوی کۆمەڵگە تەواوی جومگەکانی ژیانی مرۆڤی قۆرخ کردبوو .

لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەدا توێژەر پێیوایە، کە نوێگەری(مۆدیرنە): ئەو قۆناغ و سەردەمە تازەیەیە، کە لەبەرانبەر دنیای کۆن و پێش خۆیدا دەوەستێتەوە، مژدەی سەردەم و دنیایەکی تازەمان دەداتێ، بیرو ئایدیای نویٚ و ڕەخنەیی دێنێتە ناو سەرجەم کایە و بوارەکانی ژیانی ئادەمیزادەوە، هەروەها تێدەکۆشێ بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لەو تەفسیر و ڕاڤە کۆنانەی پانتاییەکانی ژیانی مرۆڤیان تەسك کردۆتەوە، گۆڕینیان بۆ تەفسیر و خوێندنەوەی نویٚ و سەردەمیانە، پڕۆسەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە، کە گوزارشتە لە ئەمرۆیبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری، لەبەرانبەر کولتووری باو و کۆنی کۆمەڵگەی کوردی، کە ئەمەش ڕووبەڕوبونەوەیەکی بەرچاو لەسەر ئاستە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکە نیشاندەدات.

## دووەم: کولتوور ((الثقافة، Culture ))

چەمکی کولتوور، لە چەمکە بنەڕەتییەکانی زانستەکۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت و بەشێوەیەکی تایبەت لەبواری ئەنسرۆپۆلۆژیا و کۆمەڵناسیدا. زۆر لەزانستەکان بایەخیان بەم چەمکە داوە، وەك زانستی فەلسەفە و پەروەردە و...تاد، کولتوور تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو(خڕبوونەوە) لەداب ونەریت و شێوەجیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستەمێکی ڕێکخراوە لەڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی گروپێك یان چەند گروپێکە لەخەڵك،

[1]. ڕێبوار سیوەیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

ڕەگەزەکانی کولتوور وەك جۆرەکانی مەعریفە و هونەر و داب ونەریت و بیروباوەڕەکان و بەها و نۆڕمەکان و بیروڕا هاوبەشەکان، واتە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ لە ژیانیدا بەرهەمی دەهێنێت"[١].

یونسکۆ لەساڵی ١٩٨١ لە کۆنفرانسی جیهانی لە شاری مەکسیکۆ بەم جۆرە پێناسەی کولتوور دەکات:"کولتوور بریتیە لەو خەسڵەتە مەعنەوی و ماددی و هزری و سۆزمەندیانەی، کە شوناس دەبەخشێتە گروپێکی کۆمەڵایەتی یاخود کۆمەڵگەیەك، ئەم کولتوورە هونەر و وێژە و باوەڕ و شێوازی پێکەوە ژیان و مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت"[٢]. ڕالف لینتۆن پێیوایە کولتوور بریتییە لە "سەرەئەنجامی کۆکردنەوەی مەعریفە و ئاڕاستەکان و جۆرەکانی ڕەفتاری هاوبەش و گواستراوە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا"[٣].

کلا کۆهۆن کولتوور بە پێشنیاز یاخود نەخشەی ژیان پێناسە دەکات، بیکیر کولتوور بە هەستی هاوبەشی مرۆڤ بۆ هەماهەنگی کاری پێکەوەیی پێناسە دەکات، بۆ تەواوی کۆمەڵناسان ئەوە ئاشکرایە، کەئەندامانی یەك کۆمەڵگە خاوەنی بیروڕای بونیادی هاوبەشن، کە لەڕێگەیەوە جیهانی دەوروبەر دەناسن، لەنێوان باش و خراپ جیاکاری دەکەن، کولتوور مانا دەبەخشێتە بەرهەم و کارەکانیان. زۆربەی کۆمەڵناسەکان بۆ پێکەوەنانی بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژە بە (کولتوور) دەکەن وەك هێمایەك بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش تەنها تایبەتە بە مرۆڤ[٤]. ئێدوارد بێرنێت تایلۆر پێیوایە کولتوور "بریتییە لەپێکهاتەیەکی تێکەڵ لە مەعریفە و بیروباوەڕەکان و هونەر و ئەخلاق و یاساکان و نەریتەکان، هەروەها کۆی توانا نەریتییەکانی تر کە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە"[٥].

مالینۆفسکی کولتوور بە جۆرێك لە وەڵامدانەوەی ڕێکخراو بۆ پێداویستیە مرۆییەکان دەزانێت، کە بۆ هەر سێ بەشی ( پێویستی ژیان(بایۆلۆجی) و پێویستی کۆمەڵایەتی و پێویستی گونجاندن) دابەشی دەکات. مرۆڤناسی ئەمریکی کلاید کلا کۆهن پێیوایە، کە کولتوور میراتێکی

---

[١]. تاهیر حەسۆ زێباری، محمد حوسین شوانی، دەروازەیەك بۆ کۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠١٣، ل ١٢٧.

[٢]. ڕامین جهانبەگلو، ژیار و تازەگەری، وەرگێڕانی: هیوا عزیزی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦٥.

[٣]. تاهیر حەسۆ زیباری، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨.

[٤]. حمید عضدانلو، اشنایی با مفاهیم اساسی جامعەشناسی، چاپ دووم ، نشر نی، تهران، ١٣٨٦، ص٤٤٦ .

[٥]. دنیس کوش، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعيداني، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧، ص ٣١.

کۆمەڵایەتییە، کە تاك لە گروپەکەی خۆیدا دەیدۆزێتەوە، کولتوور ڕێگەیەکە بۆ بیرکردنەوە و هەستکردن و ڕەفتارکردن[1].

کولتوور کۆمەڵێك تایبەتمەندی ڕەفتاری و بیروباوەڕی وەرگیراوی ئەندامانی یەك کۆمەڵگەی تایبەتە، کە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. دەتوانین لەم پێناسەیەوە چەندین تێگەیشتن بەدەست بهێنین.

**یەکەم**: **ئاوێتە** بوونی کولتوور واتە ئەوەی، کە کولتوور بەشێکی تەنیا نیە، بەڵکو (کۆمەڵێك) دیاردەیە .
**دووەم**: **وەرگیراوە**. واتە کولتوور لەڕێگەی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتی بووندا، بۆ تاك دەگوازرێتەوە .
**سێیەم**: (**تایبەت**)ی بوونی کولتوور. واتە بۆ هەر کۆمەڵگەیەك جیاوازە و هەموو کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندی کولتووری خۆی هەیە[2].

سادەترین پێناسە، کە دەتوانین بەدەستی بهێنین ئەوەیە، کە فێربوونی کولتوور واتە فێربوونی چۆنیەتی ژیانکردن، کۆمەڵێك بیرو باوەڕو دابونەریت، کە مرۆڤ فێریان دەبێت، لەگەڵ ئەوانی تردا هاوبەشیان پێدەکات، لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە پێدەگوترێت (کولتوور). کە بەم شێوەیە دەبینین خاوەنی دوو بنەمای سەرەکییە، **یەکەمیان** دەتوانرێت فێری ببین و **دووەمیان** کاری پێکەوەییە. واتە ئەندامانی کۆمەڵگە پێیەوە پابەنددەبن.

کولتوور دەتوانرێت وەك (کۆمەڵێك مانای هاوبەش) پێناسە بکرێت. ئەم واتا هاوبەشانەش لە (بەها بنەڕەتییەکان، شێوەکانی ڕەفتار، کۆی داهێنانە ماددی و ناماددییەکان) پێکدێت، کە بەرهەمی داهێنانەکانی مرۆڤە لەکات و شوێنی جیاوازدا، کولتوور پردێکە پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا پێکدەهێنێت، بەبێ کولتوور گرووپەکان لێکدەپچڕێن، ئێمە تەنها وەختێك لەبوون و کاریگەری کولتووری خۆمان بەئاگادێین، کە بەشێوەیەکی ناخودئاگایانە ڕووبەڕووی کولتووری جیاواز دەبینەوە و ڕەفتارەکانیان دەبینین، کە جیاوازە لەڕەفتارەکانی ئێمە. لەگەڵ بوونی جیاوازی زۆر لە نێوان کولتوورە جیاوەزەکاندا هەیە، زۆربەی کۆمەڵناسان لەو بارەیەوە لەسەر ئەوە کۆکن، کە کولتوور پشت بەستووە بە شەش ڕەگەزی سەرەکی، کە بریتین لە (باوەڕەکان، بەهاکان، پێوەرەکان، بنەما ئەخلاقییەکان، هێما و سیمبولەکان، تەکنەلۆژیا)[3].

---

[1]. کلود ریویر، درامدی بر انسان شناسی، ترجمە: ناصرفکوهی، چاپ هفتم، نشر نی، تهران، ١٣٨٦، ص ٢٤٥.
[2]. کلود ریویر، نفس مصدر، ص٢٤٨.
[3]. حمید عظدانلو، المصدر سابق، ص ٤٤٨.

کولتوور گوزارشته له چەند بەهایەك كە ئەندامانی كۆمەڵگەیەكی دیاریكراو خاوەنێتی، پێوەرگەلێكە كە ئەوان پەیڕەوی دەكەن، ئەو كالاّ ماددییانەن، كە بەرهەمی دەهێنن لەژیانی كۆمەلاّیەتیدا. هەر وەختێك وشەی كولتوور لەژیانی ڕۆژانەدا بەكاردەهێنین زۆربەمان لەزهنی خۆماندا ئەدەبیات و هونەر و نیگاركێشی و موزیك لەبەرچاو دەگرین، بەلاّم چەمكی كولتوور بەو جۆرەی كۆمەڵناسەكان بەكاری دەهێنن تەواوی ئەو چالاكیانە و زۆر بواری تریش دەگرێتەوە، كولتوور بەكۆمەڵێك شێوە ژیانی ئەندامانی كۆمەڵگە دەنەخشێنێت وەك: (چۆنیەتی پۆشینی جل و بەرگ (مۆد)، ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی، چۆنیەتی كاری ڕۆژانە و ڕێوڕەسمی ئایینی و بەسەربردنی كاتی بەتاڵ لەخۆدەگرێت). هەروەها ئەو كالاّیانەی بەرهەمی دەهێنن بۆ ئەندامانی ئەو كۆمەڵگەیە گرنگە، چونكە بەشێكی گرنگی كولتوورە. وەك تیروكەوان و كارخانە و ئوتومبێل و پەرتووك و شوێنی نیشتەجێ بوون[1].

زۆربەی مرۆڤناسە ئەمریكیەكان بەگشتی هاوڕان لەسەر ئەوەی، كە كولتوور هەڵگری ئەم تایبەتمەندنیانەی خوارەوەیە، كە بریتین لە:

**یەكەم**: كولتوور فێركاریە واتە دەتوانرێت فێربكرین و فێری ببین.
**دووەم**: كولتوور سەرچاوەی ژیانناسی و شوێنی ژیان و دەروونناسی و مێژوو و بوونی مرۆڤە.
**سێیەم**: كولتوور تایبەتمەندی پێكهاتەیی(بونیادی) هەیە.
**چوارەم**: كولتوور بەسەر بواری جۆراوجۆردا دابەش دەبێت.
**پێنجەم**: كولتوور خۆڕاگرە و بەهێزە.
**شەشەم**: كولتوور توانای گۆڕانی هەیە.
**حەوتەم**: كولتوور كۆمەڵێك بنەمای لەخۆگرتووە، كە دەتوانرێت بەمیتۆدی زانستی شیكردنەوە و لێكدانەوەی بۆ بكرێت.
**هەشتەم**: كولتوور هۆكارێكە، كە تاك دەتوانێت بەهۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەریدا ڕێكبخات و داهێنانەكانی خۆی تێیدا گەشەپێبدات[2].

بەم مانایە كولتوور هەڵگری زیاد لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەكە، هەموو ئەمانە پێكەوە ڕۆڵ و پێگە و گرنگی زیاتر و ئاڵۆزتر بە كولتوور دەبەخشن، كە دەتوانرێت بونیادی كۆمەلاّیەتی

---

[1]. انتونی گیدنز، جامعەشناسی، ترجمە: منوچهر صبوری، چاپ سیزدهم ، نشر نی، تهران، ١٣٨٣، ص٥٥.

[2]. لوئیس كوزەر، برنارد روزنبیرگ، نظریە های بنیادی جامعە شناختی، ترجمە: فرهنگ ارشاد، چاپ دوم، نشر نی، تهران ، ١٣٨٣ ،ص ٦٥-٦٦.

و فەرهەنگی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەی لەسەر پێك بهێنرێت و وەك بنەما بۆ تەواوی کایە هونەری و مەعریفی و شێوە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی پشتی پێببەسرێت.

توێژەر بەم جۆرە پێناسەی کولتوور دەکات، کە بریتییە لەکۆمەڵێك بەها و بنەما و ئاکار و بیروباوەڕ و هونەر و هێما لە هەردوو لایەنی ماددی و نامادد‌ی، لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بونیان هەیە و بۆ هەر کۆمەڵگەیەکیش تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەمەش ڕەنگڕێژی شێوازی ژیان و بیرکردنەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە و ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەیەکی تایبەت دەکات. دەکرێت بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ژیان و هاتنەناوەوەی شتی نوێ بۆ ناو کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەردابێت.

## سێیەم: گۆڕانی کولتووری (( التغير الثقافی ، Culture change ))

گۆڕانی کولتووری "بریتیە لەهەوڵێکی ئاڵوگۆڕپێکراوی تەواو لەبواری وردە ڕووداوە کولتووریەکاندا، لەبواری هونەریی و زانستی و فەلسەفی و تەکنیکیدا، بەشێوازێکی بەرفراوان لە یاساکان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا، هەروەها گۆڕانکاریکردن لەشێواز و بنەمای سیستەمی کۆمەڵایەتیدا"[1].

گۆڕانی کولتووری، گۆڕانە لە سیستەم و بیرکردنەوەی جۆراوجۆر لەبیروباوەڕ و بەهاو پێوەرەکان. بەم واتایە گۆڕانی کولتووری گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەدواداد‌ێت، کە تێگەیشتنی گشتی بۆ بواری کۆمەڵایەتی و هزری کۆمەڵگە دەخاتەڕوو، گۆڕانی کولتووری هەموو گۆڕانەکان لەخۆدەگرێت، کە لە هەر بەشێکی کولتووردا ڕوودەدات، وەك هونەر و زانست و تەکنەلۆژیا و ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، هەموو گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی بەرئەنجامی گۆڕانی کولتووریە[2]. هەر ئاڵوگۆڕێك ڕوودەدات لە بوارێکی دیاریکراو لە بوارەکانی کولتووری ماددی یاخود نامادد‌ی لە ڕێگەی زیادەخستنەسەر یان لابردن یان لە ئاڵوگۆڕی سیما یاخود پێکهاتەی کولتوورەکەدا، دەتوانین ئەم گۆڕانکاریانە بەهۆکاری زۆر دەستنیشان بکەین، بەڵام زۆربەی بەهۆی کولتوورەکانی ترەوە ڕوودەدات، یان لەئەنجامی نوێگەری و داهێنان، کە دێتە ناو کولتوورە دیاریکراوەکەوە"[3].

---

[1]. دلال ملحس استيتية، التغير الاجتماعي والثقافي، دار وائل للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٤، ص٧٨.

[2]. صبحي محمد قنوص، علم دراسة المجتمع، الطبعة الثالث، دار الجماهيرية لنشر والتوزيع، مصراتة، ١٩٩٣، ص١٤٣.

[3]. محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، دار المعريفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٩٧، ص١٠٠.

وەختێك تاكەكانی سەر بە كولتوورێك بەهەر هۆكارێك دێنەناو كولتوورێكی ترەوە، كولتووری هاتوو دەستدەكات بە فشار خستنەسەر تایبەتمەندیەكانی كولتووری یەكەم و هێواش هێواش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم پرۆسەیە بەلێدانی كولتووری ناو دەبرێت. ئەم ناولێنانە بەهۆی ئەوەوەیە، كە كولتووری نویَ بەشێوەیەكی توند خۆی دەخزێنێتە ناو كولتوورەكەی تر و دووچاری لاوازی و بێتوانایی دەكات، ئەم لێدانەش زۆرجار هۆكارەكەی كۆچكردنە. هەتاكو جیاوازیەكان لەنێوان كولتوورەكاندا زۆرتر بێت هێزی لێدان و بەریەككەوتنەكە زۆرتر دەبێت. كولتوور دیاردەیەكە دەگۆڕێت، ئەزموونی مێژوویی ئەوە دەردەخات، كە كولتووری كۆمەڵگەیەكی دیاریكراو لەكات و ساتی جیاوازدا یاخود لەشوێن و جوگرافیای جیاوازدا گۆڕانی بەسەردا دێت.

گۆڕانی كولتووری ڕیشەكەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەرچاوەی سەرەكی،"**یەكەمیان** پڕۆسەی داهێنان و كەشفكردن، **دووەمیان** پڕۆسەی پڕوپاگەندە. كەشفكردن و داهێنان دەتوانرێت بەشێوەی مەبەستدار یاخود بیَ مەبەست ئەنجام بدرێت، داهێنانی مەبەستدار بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستی كۆمەڵگەیەكی دیاریكراو، كە لەڕێگەیەوە گۆڕان بەدیدێت، لەكاتێكدا داهێنانی بیَ مەبەست لەحاڵەتی سروشتی ژیانی مرۆڤەكاندا ڕوودەدات، كە گۆڕان بەسەر كولتوور و ژیانی مرۆڤدا دەهێنێت"[١]. بەڵام سەرچاوەیەكی تری گۆڕانی كولتووری لە ڕێگەی پڕۆسەی پڕوپاگەندەوەیە، پڕوپاگەندە واتە ڕەوتی گوزەركردنی دیاردەیەكی كولتووری لەكۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر. ئەمەش دەتوانرێت بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە هاوسێیەتی دوو كۆمەڵگە و هاتووچۆی نێوان ئەندامەكانیان، یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەچوارچێوەی پڕۆسەی كۆچكردن و دەرهاویشتەكانی جەنگ و ئاكامەكانی.

بەم شێوەیە ئەمڕۆ لەكۆمەڵگەی نوێدا لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر و بێشومار دیاردەی كولتووریدا ڕووبەڕوو دەبینەوە (باوەڕەكان، شتەكان، بارودۆخەكان، سیمبولەكان و ...تاد)، كە هەریەكە لەم دیاردانە دەتوانین لەسنوری مێژوویی و جوگرافی تێپەڕێت و بەشوێنگەلی زۆر و جۆراوجۆر و كۆمەڵگەی دوورە دەست بگات. پرسی سەرەكی لای مرۆڤناسەكان ئەوەیە بۆچی هەندێك لەدیاردەكان لەهەندێك كۆمەڵگەدا بەخێرایی پێشوازی لێدەكرێت و لەبەرانبەردا بەشێك لەدیاردەكانی تر بەرهەڵستی توند دەكرێن، هەرچەندە ئێمە بەرەو ڕووی كۆمەڵگەی نویَ(مۆدێرن) بڕۆین بەهۆی پەیوەندی نێوان كولتوورەكان، بەهۆی گەشەسەندن و خێرایی گۆڕانی

---

[١]. ژاك ریس، ژان فرانسوا دورتیە، منشأ عالم، حیات، انسان، زبان و فرهنگ، ترجمە: جلالالدین رفیع فر، موسسەی انتشارات آگاە، تهران،١٣٨٦، ص٥٩.

تەکنەلۆژیاوە، ئاستی نوێگەری گۆڕانی کولتووری بەهەمان شێوە زیاتر و فراوانتر دەبێت، بە جۆرێك لەزۆرێك لەکۆمەڵگەکانی دوونیادا زیاتر لەوەی لەگەڵ کێشەی وەستان و چەقبەستندا ڕووبەڕووببنەوە، ئەوا زۆرتر لەگەڵ کێشەی خێرایی گۆڕانی لە کولتوورەکانیاندا ڕووبەڕوون، ئەمە وادەکات، کە زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە هەڵی تەواویان بۆ نارەخسێت تاوەکو خۆیان لەگەڵ پێشهات و گۆڕانە خێراکاندا بگونجێنن و لەگەڵیاندا ڕابێت، لەبەرئەوە توشی سەرلێشێواوی و بێ پێوەری کۆمەلأیەتی دەبێت[1].

کولتوور هەمیشە لەحاڵەتی گۆڕاندایە، تەنانەت لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەشدا، کە کەم جوڵەن و وەستاو دێنەبەرچاو، لەبەرئەوەی کە نموونە "کولتورییەکانی کۆمەڵگەیەك پێکهاتووە لەشێوازە ڕەفتارییەکان و ڕەگەزە پێکەوە بەستراوەکان. گۆڕان لە بەشێکی کولتووردا دەبێتە هۆی گۆڕان و ململانێ و گوشار لە بەشەکانی تریشدا"[2]. کولتووری هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بە وەستاوی و بۆ هەمیشە وەك خۆی نامێنێتەوە، سەقامگیری بۆ ماوەیەکی کاتی دروستدەبێت لە پەیوەندیدا بە هەندێك بنەما و ڕەگەز لە کولتووردا، بەلأم ئەم سەقامگیریە هەمیشەیی نیە، بەڵکو بە کات و دیاردە کولتووریەکانەوە پەیوەستە، هەرکاتێك پێویستیی نوێ و دیاردەی کولتووری نوێ سەریان هەڵدا گۆڕان لە کولتووردا سەرهەڵدەدات، ئەم بنەمایە بۆ کولتوری کۆمەڵگەی کوردیش ڕاستە و چاوەڕوانکراوە، بەتایبەتی گۆڕانە کولتووریەکان لە چواردەورمان و لە جیهانی دەرەوە خێرا و بەرچاون.

توێژەر بەم جۆرە پێناسەی گۆڕانی کولتوور دەکات: بریتییە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لەپێکهاتە و شێوازی بنەما کولتووری و کۆمەلأیەتییەکان، هەروەها گۆڕان لەتوخم و ڕەگەزەکانی کولتوور و پەیوەندیە کولتووریەکان وەك هونەر و شێوازی ژیان و پرۆسەی هاوسەرگیری و مۆدە کۆمەلأیەتییەکان و پێکهاتەکانی دیکەی ژیانی کولتووری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەهۆی هاتنەناوەوەی کولتووری نوێ و پرۆسەی نوێگەریەوە.

## باسی سێیەم: ئەو تیۆرانەی ئەم توێژینەوەیە پشتی پێبەستوون

ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی و گەیشتن بە ئامانجەکانی، پشتی بەستووە بە تیۆری کۆمەڵناسی فەرەنسی ئمیل دۆرکایم لەبواری (گۆڕانکاریەکان لە کۆمەڵگەی

---

[1]. کلود ريوير، درآمدی بر انسان شناسی، المصدر سابق، ص ٢٥٦.

[2]. مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: ڕێبوارسیوەیلی و ئەوانی تر، دەزگای چاپ بلأوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٢٢.

میکانیکی و کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی) بۆ خوێندنەوە و بەراوردکردنی کۆمەڵگەی کوردی، کە ئایا کۆمەڵگەیەکی نەریتییە یاخود کۆمەڵگەیەکی نوێگەرە(مۆدێرنە)، یاخود دابەش بووە بەسەر هەردوو جۆرەکەی کۆمەڵگەدا، کە بەبڕوای ئێمە باشترین تیۆرییەك، کە سود بە توێژینەوەکەمان بگەیەنێت ئەم تیۆرییەی دۆرکهایمە لەپەیوەند بە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان، هەروەها بەراوردی کۆمەڵگە لەڕووی پێکهات(بونیاد)ی ئەرکەکی و شێواز و فۆرمی کۆمەڵگە لەڕووی کولتوورییەوە.

دەربارەی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی، کە دکتۆرانامەکەی ئەمیل دۆرکهایمە کە تێیدا پرسیار لەبارەی ئەوەوە کراوە، کە چۆن مرۆڤەکان دەتوانن کۆمەڵگە دروست بکەن؟ هەروەها چۆن تاکەکانی کۆمەڵگە دەتوانن مەرجی پێویست بۆ دروستبوون و پێکهاتی کۆمەڵایەتی بونیاد بنێت؟ " دۆرکایم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە بونیادیە دوو شێوازی (هاوبەندی) لەیەکتری جیادەکاتەوە، کە ئەوانیش هاوبەندی خۆبەخۆ یان میکانیکی و هاوبەندی ئەندامی یان ئۆرگانیکی"[1].

دۆرکایم خەسڵەت و شێوازی پێکهات و ئەرك و ڕۆڵی هەر یەکە لەم دوو جۆرەی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو و کاریگەری و کاردانەوەکان نیشاندەدات. بە جۆرێك هەڵسەنگاندن و خستەڕوویان بۆ دەکات، کە بە ئاسانی بتوانین لەژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرییەدا خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بکەین، ئەم تیۆرەیە زۆر یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی، کە شێواز و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی پێدەستنیشان بکەین، کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی بەناویەکداچووە لەڕووی پێکهاتی خزمایەتی و سۆزداری و هاوخەمی و بەتەنگەوەهاتن، لەڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، کە دابەشکردنی کار بەشێوەیەکی تائەندازەیەك لە قۆناغەکانی سەرەتادا زۆر بە لاوازی دەبینرا، هەروەها نیشاندانی ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر شێوازی گەشە و کرانەوەدا، کە دابەشکردنی کاری فراوانتر کردوە، ئەمەش وایکرد فۆڕمی ئەم کۆمەڵگەیە بە پشت بەستن بەم تیۆرییە گۆڕانی بەسەر دابێت.

ڕۆڵی ئەم تیۆرییە بۆ دەرخستنی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان لە کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی نوێدا بە گۆشەنیگایەکی سۆسیۆلۆژیانە و بەدەستهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان. هەروەها بونیادی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە پەیوەندیدا بە

[1]. ریمون آرون، مراحل اساسی سیراندیشه در جامعەشناسی، ترجمە: باقر پرهام، چاپ نخست، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٨٢، ص٣٦١ .

کۆویژدان، که دیسان یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتیەکان، کە دۆرکایم بۆ بەراوردی ئەم دوو جۆرە لە کۆمەڵگە بەکاریدەهێنێت، هەروەها سود وەرگرتن لە چەمکی بێ پێوەری (ئەنۆمی) لای دۆرکایم بۆ خوێندنەوەی ڕەنگدانەوەکانی ئەو دەرهاویشتانەی دنیای نوێ بۆ سەر مرۆڤەکان دروستی دەکات، کە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی نوێ و بەرچاوە لەدوای دەرکەوتنی پرۆسەی جیهانگیری و سیستەمی سەرمایەداری، هەروەها کارکردن بە تێزەکەی زیگمۆند باومان لە پەیوەندیدا بە پرۆسەی نوێگەری(مۆدێرنە)ی شل، کە بەهەمان شێوە بە دیدێکی نوێ باس لەهەمان پرس دەکات.

سەرەڕای خستنەڕووی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی نوێگەری لەهەر سێ باری ڕووبەڕووبوونەوە و وەرگرتن و گونجانی کولتووری، کە بۆ ئەمەیان سود لە تیۆری (دواکەوتنی کولتووری) وەرگیراوە لە لایەن کۆمەڵناسی ئەمریکی ولیام ئۆگبێرن، لەپەیوەندیدا بە گەشەی کولتووری ماددی و نامادی لە کۆمەڵگەی کوردیدا. هەروەها جیاوازییە کولتووریەکان لە کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی نوێدا بە بەراوردکردنێکی کۆمەڵناسیانەی زانستی.

# بەشی دووەم

## نوێگەری و کولتووری کۆمەڵگەی کوردی

**باسی یەکەم: کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی نوێ( مۆدێرن )**

**باسی دووەم: دواکەوتنی کولتووری ( ویلیام ئۆگبێرن )**

**باسی سێیەم: نوێگەری و گۆڕانی بەها کولتوورییەکان**

**باسی چوارەم: بیٚ پێوەری لە جیهانی نوێدا**

# بەشی دووەم

## نوێگەری و کولتووری کۆمەڵگەی کوردی

### باسی یەکەم: کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی نوێ(مۆدێرن)

سەرەتا دۆرکایم لەکتێبی (دابەشکردنی کاری کۆمەلایەتی)دا لەپەیوەندیدا بە بابەتی دابەشکردنی کاری کۆمەلایەتی دوو مۆدێلی جیاوازی کۆمەڵگە پێشنیازدەکات و هەوڵی لێکۆڵینەوەیان دەدات، کە ئەوانیش کۆمەڵگەی(هاوبەندی میکانیکی)و کۆمەڵگەی (هاوبەندی ئۆرگانیکی)یە، ئایا دابەشکردنی کار لەهەریەکە لەم کۆمەڵگایەنەدا چۆنە؟ لەهەر یەکێکیاندا شێواز و ڕادەی ئەم گۆڕانکارییانە چۆنە لەئاستی دابەشکردنی کار؟ چۆن گەشەی کاری کۆمەلایەتی تێیاندا ڕوودەدات؟ لەچوارچێوەی نوسینەکەیدا ئەو جیاوازیە بەرچاوانە دەخاتەڕوو، کە لە هەریەکە لەو دوو مۆدێلەی کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە. دۆرکهایم لەو کتێبەدا دوو جۆری جیاواز لەکۆمەڵگە بەیەکتری بەراورد دەکات. "یەکەمیان ئەوەی کە لەڕێگەی هاوبەندی میکانیکی، کە دابەشکردنی کار زۆر تێیدا دیاریکراوە، دووەمیان ئەوەی کە لەڕێگەی هاوبەندی ئۆرگانیکی، کە دابەشکردنی کار تێیدا پێشکەوتووە. لە کۆمەڵگەی هاوبەندی میکانیکیدا کۆویژدان (الوجدان الجمعی) بەسەر تاکەکاندا بوونی هەیە و جێگیرە، هاوبەندی میکانیکی پێویستی بە وێکچوویی تاکەکان هەیە، هەموو تاکەکانیش باوەڕێکی وەك یەکیان دەربارەی جیهان و ژیان هەیە، کە لەسەر بنەمای دین یان مەزهەب دامەزراوە"[1].

"هاوبەندی میکانیکی لەو کۆمەڵگەیانەدا باوە، کە بیر و مەیلە هاوبەشەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە لەڕووی چەندێتی و توندوتۆڵییەوە زیاتر بێت لە بیروباوەڕی تایبەتی ئەندامانی کۆمەڵگە. ئەم جۆرە یەکگرتنە تەنها بەهۆی گەشەی پێچەوانەی تاکایەتییەوە پێدەگات، بە گوزارشتێکی تر هاوبەندی میکانیکی لەشوێنێکدا باوە، کە کەمترین جیاوازی تاکایەتی لەئارادابێت و ئەندامانی کۆمەڵگە لەڕووی هۆگری بۆ چاکەی هەموان لەیەك ئاستدابن. هاوبەندیەك، کە دەرکەوتەی وەك یەکی هەبێت، کاتێك دەگاتە لوتکە کە ویژدانی تاکایەتی یەکە یەکەی ئەندامانی کۆمەڵگە لەگەڵ کۆویژدانەکەدا پێکبگات و لەهەموو ڕوویەکەوە بن بەیەك. بەپێچەوانەوە هاوبەندی ئۆرگانیك لەجیاوازی کۆمەڵگەوە پێکدێت نەك لە لێکچوونی تاکەکانی

---

[1]. یان کرایب، نظریەی اجتماعی کلاسیك، ترجمە: شهناز مسمی پرست، چاپ سوم، مؤسسە انتشارات آگاه، تهران،١٣٨٦، ص١٢٧.

کۆمەڵگە، ئەم جۆرە لەهاوبەندی دەرهاویشتەی دابەشکردنی کارە، تاچەند ئەرککانی کۆمەڵگە جیاوازی زیاتر بەخۆیەوە ببینێ، جیاوازی لەنێوان ئەندامەکانیشدا زۆرتر دەبێت، ئەندامە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیەك کەمتر وابەستەی ڕەوتە کۆیی و هاوبەشەکانن، وێڕای ئەوەی دەشێ پەیوەست بن بەئەرك و ڕۆڵ و پسپۆڕی جیاجیا، کە لەتایبەتمەندیەکانی سیستەمی هاوبەندی ئۆرگانیکن"[1].

"بێگومان دەتوانین دۆرکایم بە کۆمەڵناسێك بزانین، کە زیاتر لەهەر کەسێکی تر پاڵنەری گردبوونەوەی لەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا خستەناو بواری لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنەوە، لەسەر بنەمای بیروڕای دۆرکایم پێشکەوتنی دابەشکردنی کار هۆکاری گۆڕانێکی گەورەبوو لەکۆمەڵگەدا، لەڕاستیدا بە بەڵگەی دابەشکردنی کار، کە کۆمەڵگەی نەریتی بەگونجان لەگەڵ هاوبەندی میکانیکی  بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی نویێ(مۆدێرن) بە گونجان لەگەڵ کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی دەگۆڕێ"[2]. دەتوانین کۆمەڵگەی میکانیکی بەکۆمەڵگەی نەریتی بچوێنین، کە دۆرکایم دەیەوێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێدا بەراوردی بکات، کە ئەو بەکۆمەڵگەی ئۆرگانی ناوی دەبات.

دۆرکایم باس لە ڕەوشتی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی دەکات، وەك ئەوەی ئەم ڕەوشتەی دابەشکردنی کار ڕۆڵی هەبێت لەو گۆڕانکارییانەی، کە مرۆڤ دەیەوێت لەکۆمەڵگەدا ئەنجامیان بدات، ئەو باس لە ڕۆڵ دەکات وەك چەمکێکی گونجاو و بەکارهاتووی دروست بۆ دابەشکردنی کار بۆ ئەمەش پاساو دەهێنێتەوە بۆ جێگیرکردنی بیروڕاکانی لەمەڕ دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی، لەو کۆمەڵگەیانەدا، کە هێواش هێواش کەوتونەتە سەر ڕێچکەی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوون. هەروەها مانا جیاوازەکان و بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم چەمکە دەخاتەڕوو. پاشان بەووردی و سەلیقەیەکی زۆرەوە، کە لە کوێدا واتا و گرنگی و ئامازەکانی دەردەکەوێت، ئەو پێیوایە هەر کردارێك مرۆڤ ئەنجامی دەدات لەڕووی زهنیەوە ڕێکخراو و پلان بۆ دانراوە، ئەمەش یارمەتی دەدات، کە ڕۆڵێکی هەبێت و کاردانەوەی هەبێت.

بەم مانایە دۆرکایم دەیەوێت ڕۆڵ بدات بەهەریەك لەودوو جۆر کۆمەڵگەیە. وەك واقعێکی کۆمەڵایەتی خاوەن پێگە و قورسایی نیشانیان بدات. هەروەها دۆرکایم باس لەدابەشکردنی کار دەکات وەکو واقعێکی کۆمەڵایەتی گرنگ و پڕبەها، کە لەڕێگەی کۆمەڵگەوە ئەنجامدەدرێت،

---

[1]. لویس کوزەر، دۆرکهایم ژیان و ئەندێشە، وەرگێڕانی: محمد قادر، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ،٢٠٠٨، ل١٨.

[2]. گی روشه، تغییرات اجماعی، ترجمه: منصور وثوقی، چاپ هفدهم، نشر نی ، تهران، ١٣٨٤، ص ٤١ .

ئەگەرچی دۆرکایم ئەوە ڕەت ناکاتەوە، کە بەتەواوەتی تاك ڕۆڵی هەیە لەم ئەرکەدا، بەلاّم ڕەخنەیەکی توند لەوانەش دەگرێت، کە تەنها بەبوارێکی تاکایەتیەوە دەیبەستنەوە، بۆ ئەمەش چەندین نموونە دەهێنێتەوە، وەکو نموونەی هاوڕێیەتی، کە لێکنەچوون لەڕووی سروشت و ئاکار و کردارەوە وادەکات، کە ئەرك و کردارەکانی دابەش بکرێن و هەریەکە ڕۆڵێك ببینێت لەکۆمەڵگەکەیدا. لێرەوە ڕۆڵی دابەشکردنی کاری هاوڕێیەتی درك پێدەکەین هەر وەکو دۆرکایم دەڵێت:"هیچ کاتێك کەسانی دەست بلاّو نابن بەهاوڕێی کەسانی پیسکە، یان کەسانی ڕاست و پاك نابن بە هاوڕێی کەسانی ڕیاکار و تەڵەکە باز، کەسانێك، کە خاوەنی ڕوحێکی میهرەبان و ئارامن، حەز بەپەیوەندی لەگەڵ کەسانی شێت و وێتدا ناکەن"[1].

ئەمە دەرخەری جیاوازی کۆمەڵگەکانە لای دۆرکایم، کە بەراورد دەکات لەنێوان کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی نوێدا، ئەگەرچی دۆرکایم دەیەوێت بڕوا بەبوونی جیاوازی بهێنێت و هەوڵی ئەوە دەدات بۆ ئەوەی جیاوازی بکاتە خاڵی وەرچەرخانی پەیوەندی هاوڕێیەتی و لێك نزیك بوونەی پەیوەندیەکان، بەلاّم ئەو بڕوای وایە، کە هەریەکە لەو سروشت و خەسڵەتانەی باسکران لەپەیوەندیدا بەهاورێیەتییەوە لە پرۆسەی دابەشکردنی ڕۆڵی کاردا کاریگەری خۆی هەیە و دەرکەوتە و دەرهاویشتەی گرنگ بەجێدەهێڵن. کەواتە ئەو دابەشکردنی کار بەپێویست(ضرورة) دەزانێت بۆ ئەوەی هەرکارێك ڕۆڵی خۆی پێبدرێت. ئەو پێیوایە ئەمە لەو کۆمەڵگەیانەدا باوە، کە ئێمە بەکۆمەڵگەی نەریتی ناویان دەبەین، کە بەها مرۆیی و نەریتیەکان زۆر حساب بۆکراو و لەبەرچاوگیراون.

هەروەها بۆ بەرگریکردن لەبۆچوونەکانی نمونەی تر دەهێنێتەوە لەسەر کرداری سێکسی لە پەیوەند بەڕۆڵی پیاو و ژن لەکۆمەڵگەدا، کە ئەمەش بەدابەشکردنی کردار دەزانێت و هەریەکە لەپیاو و ژن بەبڕوای ئەو ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە لەپەیڕەوکردنی ئەم پەیوەندیەدا، پاشان لەپەیوەند بە کۆمەڵگەوە بەجۆرێك، کە هەریەکەیان ڕۆڵێك دەبینێت. هەروەها ئەو پێیوایە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ و هاتنەکایەی کۆمەڵگەی نوێ بواری ئەم دابەشکردنە فراوانتر دەبێت بە بەراورد بەکۆمەڵگەکانی پێشوتر و قۆناغەکانی ڕابردوو. لەکۆمەڵگە کۆنەکاندا جیاوازی ژن وپیاو زۆر کەم هەستی پێدەکرا، ئەرکەکان دابەش نەکرابوون بۆ ئەمەش نموونەی گرنگ دەهێنێتەوە لەپەیوەند بە شەڕکردنی ژنان لەگەڵ پیاوان لەجەنگەکاندا و کاری تری وەکو کشتوکاڵ و هەندێك

---

[1]. امیل دورکیم، دربارەی تقسیم کار اجتماعی، ترجمە: باقر پرهام، چاپ پنجم، نشر مرکز، تهران،١٣٩٢، ص٢٥.

پیشەی تر. یاخود بەشداریکردنی پێکەوەیی لە ڕاوشکار و کارە بەکۆمەڵەکاندا لەو کۆمەڵگەیانەی، کە یەکانگیری کۆمەڵایەتی میکانیکی تیادا بەدیدەکرێت.

دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو لای دۆرکایم کۆمەڵگەی هاوبەندی ئۆرگانی پتر لەکۆمەڵگەی نویٚ نزیکە، هاوشێوەی کۆمەڵگەی نویٚ پەیوەندیەکان لاواز و یاساکان و بنەما زانستیەکان ڕۆڵی خۆیان دەبینن تا پەیوەندیە خزمایەتی و ئایینی و خێڵەکیەکان . "سەرمایەی ڕەمزی لەکۆمەڵگەی نەریتیدا جێگەی گرنگی پێدانی زیاترە لەکۆمەڵگەی نویٚ، لەکۆمەڵگەی نەریتیدا بەشێوەیەکی گشتیی بەرژەوەندییە ماددیەکان دەکرێنە قوربانی بەرژەوەندییە ڕەمزی و مەعنەوییەکان"[1]. بۆنموونە مامەڵەکردن بە موڵك و زەویەوە وەك شەرەف و شانازی سەیر دەکرێت، لەنێو گوند و لادێکاندا فرۆشتنی موڵك وەك فرۆشتنی شەرەف سەیردەکرێت، ئەگەرچی بەرژەوەندی ماددی زۆریش بوونی هەبێت ناتوانرێت دەست بەرداری موڵك بن، چونکە وەك سەرمایەی ڕەمزی سەیردەکرێت. کۆمەڵگەی نەریتخواز بەهۆی ئەوەی داخران تێیدا تائەندازەیەکی زۆرە ئەمەش وایکردووە، پەیوەست بن بەهەندێك نەریت و ڕێساوە، کە ناوخۆیین و کرانەوە تیادا پەکخراوە.

پییەر بۆردیۆ لەپەیوەندیدا لەگەڵ نەریت وەك زیادەیەك بۆ تیۆری کۆمەڵایەتی، دنیای نویٚ وەك پڕۆسەیەکی جیاواز سەیردەکات، "ئەو بنەمایەی لەکۆمەڵگەی نەریتیدا کاری پێدەکرێت لەگەڵ یەك بنەمای(عەقیدە)یی بیٚ چەندوچوون هاوتایە، لەکاتێکدا لەکۆمەڵگەی نوێدا بنەمای نوێخوازی لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ(کۆنخوازی)دا"[2]. کۆمەڵگەی نویٚ لەسەر بنەمای (یاسای مرۆیی) دادەمەزرێت نەك (یاسای ئاسمانی)، پرۆسەیەکە پشت ئەستوورە بە عەقڵباوەڕی و کرداری زانستیانە. واتە کرداری زانستی و تەکنەلۆژی. نوێگەری بەگوزارشتی ماکس ڤیبەر "پڕۆسەیەکی عەقلانی (هزری و ڕۆشنگەرانە)ی کۆمەڵگەیە، واتە نوێگەری (دەستپێکی حکومەتی عەقڵ)ە"[3].

هەندێك لە کۆمەڵناسان، کە باس لە نوێبوونەوە دەکەن بیر لە پڕۆسەی (بەعەقلانیکردن)دەکەنەوە، عەقلانیەت بەو واتایەی، کە کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس ڤیبەر باسیدەکات. "لەدیدی ئەم کۆمەڵناسەدا نوێبوونەوە مانای گۆڕانی بەردەوام لە زۆربەی بوارەکانی

---

[1]. ئۆسکات لش، جامعەشناسی پست مدرنیسم، ترجمە: حسن چاوشیان، چاپ دوم ، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٤، ص٦٥.

[2]. ئۆسکات لش، نفس مصدر، ص ٣٥٥-٣٥٦.

[3]. بابك أحمدی، نفس مصدر، ص ٩-١٠ .

ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیدا، بەڵام لەژێر کاریگەری و ڕابەری عەقڵدا، لێرەدا هێزی سەرەکی گۆڕانکاریەکان عەقڵ خۆیەتی، عەقڵە لەدەرەوەی خورافەت و دین و سحر و عاتیفەدا شتەکان دەجوڵێنێت و دونیا دروستدەکات، لای ڤیبەر ئەوەی دونیای نوێ لە دونیای پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەم ڕۆڵە سەرەکی و بنەڕەتیەی عەقڵە. لەدیدی ئەم کۆمەڵناسەدا کۆمەڵگە تەقلیدیەکان کۆمەڵگەیەك بوون، کە ناعەقڵ یان دین یان خورافە بەڕێوەی بردوون. تێڕوانینی سحری تێڕوانینی سەرەکی بووە تێیاندا، ئینسان بۆ تێگەیشتن لەخۆی و لەکۆمەڵگە و لەدونیا خاوەنی هزرێکی سیحری یان سحرئامێزبووە، دونیای نوێ ئەو دونیایەیە، کە کۆتایی بەم دونیا نەریتی دەهێنێت و کۆمەڵگە لەو سحر و خورافەتە دادەماڵێ کە لەدونیای تەقلیدیدا دراوە بەسەریدا"[1].

عەقڵ چەکی سەرەکی ڕەخنەیە بەدەستی نوێگەرییەوە بۆ زاڵبوونی دەسەڵاتی بەسەر کۆن و نەریتدا، عەقڵ تەنها بنەمای دروستکردنی ژیانی تاك و کۆمەڵگەیە، نوێگەری لەسەر بنەمای ئەم گوزارشتە گەشەکردنی هێزی ئیداری دەوڵەت و گەشەی زانستی و تەکنەلۆژی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تێپەڕاندنی زۆرێك لەنەریتەکان و باوەڕی کۆنیینە لەنێو کولتووردا دەزانێت. "بە هەرشێوەیەك بێت لەدونیای نوێدا ڕەگەزێك لەدنیای کۆن و نەریت دەمێنێتەوە، چەند شتێك گۆڕانیان بەسەردا دێت و زۆر شتی نوێش پەیدادەبێت، کەواتە نوێگەری واتای تەواوکاری نییە، بەڵکو ئامانجە. ئەگەر بیەوێت هەموو جۆرە نەریتێك کەنار بخات، ئەوا بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی خۆی لەدەست دەدات"[2].

ئەگەر بەچاوێکی کراوەوە سەیری ئەو گۆڕانکاریە گەورانە بکەین، کە ئەمڕۆ لەئاستە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکاندا ڕوودەدات، هەروەها ئەوپێشهات و پێشکەوتنانە ببینین، کە دێنەکایەوە دەتوانین بەشێوەیەکی باش ئەو جیاوازیە زۆرانە ببینین، کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ جیادەکاتەوە لەکۆمەڵگەی دوێنێ، لەکۆمەڵگەی نەریتیدا مرۆڤەکان چەندین بەهای ڕەوشتی و بەهای نەریتی گرنگیان هەیە، کە کاری پێدەکەن و جێگەی یاساو ڕێسای وەزعی بۆ گرتوونەتەوە و پەیڕەوی دەکەن و لادان لێی بە دەرچوون لە بەها باڵاکان لێکدەدرێنەوە، ئەمەش داخرانی لە زۆر ئاستدا لێدەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەندێك لەم نەریتانە کۆنترۆڵی ژیانی کۆمەڵایەتی کردووە و باشی و ئامانجی خۆی بەدی هێناوە، بەڵام مانەوە لە بۆتەی ئەم نەریتانەدا

---

[1]. مەریوان وریا قانع، لەدایکبوونی دونیای نوێ، گۆڤاری ڕەهەند، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ژمارە ١، ٢٠١٠، ل ٨ .

[2]. بابك ئەحمدی، نفس مصدر، ص ١٠.

توانای گەشەکردن و کرانەوەی عەقڵی سنوردار کردوون، ئەمە وێڕای ئەوی لەکۆمەڵگە تەقلیدیەکاندا دین و ئەفسانە و خورافەت جێگەی زانست و عەقڵ دەگرێتەوە و کاری پێدەکرێت.

نوێگەری، کە لەجیهانی دەرەکیدا ڕوودەدات پێویستی بە بیرکردنەوە و لێوردبوونەوەی زۆر نییە، لەگەڵ کردنەوەی چاوەکانمان و هەستەکانمان دەتوانین ببینین و بیناسین، ئامێری چاپ و ئەلکترۆن و فڕۆکە و کۆمپیوتەر و بەرهەمە پترۆکیمیاییەکان و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و فاکس و سینەما و وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و دەرمانی کیمیایی و ئامێرە زانستییەکان و کورەی ئەتۆمی هەمووی پەیوەندیدارن بەدونیاو کۆمەڵگەی نوێ و شوێنەوارێکیان لەکۆمەڵگەی نەریتی و کۆندا نیە.

**دەتوانین بەم شێوەیە بەراوردێك لەنێوان ئەم دوو سەردەمەدا بخەینەڕوو:**

– لەجیهانی نوێدا مرۆڤ هەوڵی زاڵبوونی بەسەر سروشتدا دەدا، بەرانبەر بەسروشت دەوەستایەوە، لەکاتێکدا لەکۆمەڵگەی کۆندا مرۆڤ وەها تێڕوانینێکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەرانبەر بەسروشت نەبووە .

- لەجیهانی نوێدا زانستی کرداری زاڵە بەسەر زانستی تیۆریدا، بەڵام لەجیهانی کۆندا زیاتر خەریکی تیۆرسازی بوون .
- جیهانبینی مرۆڤی کۆمەڵگەی کۆن ئەفسانەیی بووە، بەڵام جیهانبینی کۆمەڵگەی نوێ عەقلانییە.

– جیهانی کۆن جیهانێکی ئایینی بووە و مرۆڤ لەئاسمان و ئەودیوی سروشت(میتافیزیك)ی ڕوانیووە، لەکاتێکدا مرۆڤی نوێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئاسماندا پچڕاندووە. جیاوازی جیهانی کۆن و نوێ لەوەدایە بە گوزارشتی مارکس، کە لە کۆمەڵگەی کۆن و ڕابردوودا بیرمەندان بە دوای تەفسیری جیهاندابوون، بەڵام ئەمڕۆ لە هەوڵی گۆڕینی جیهاندان[١].

– لە کۆمەڵگەی نەریتیدا، جیهانبینیەکان(زەمینەی کردار و ڕاڤەکان) کەم و زۆر بەشێوەیەکی تەواو بەبواری ئەفسونی جیهانبینی ئایینی و هاوکات پەیوەندی بونیادی و بونیادی خزمایەتی نەریتی و بونیادی ئابووری و بەرهەمی کشتوکاڵی پەیوەستە، لەم بارودۆخەدا، باوەڕەکان، کە زەمینەی پەیوەندی و مامەڵە دەرەخسێنن، تایبەتمەندیەکی سروشتیان هەیە، لەچوارچێوەی

[١]. عبدالکریم سروش، فربەتر از ایدۆلۆژی، نفس مصدر، ص ٣٥٠.

بەهاكان و پێوەرەكاندا خۆیان دەنوێنن. بەلاَم لەكۆمەڵگەی نوێدا بەپێچەوانەوە، عەقلاَنی بوون بنەمای (ئابووری و دەوڵەت) پێك دەهێنێت[1].

لێرەوە نوێگەری(مۆدێرنە) لە كۆمەڵگەی نوێدا مانای دابڕان و دورکەوتنەوە بەرانبەر بە کۆن لە خۆدەگرێ، کە دەتوانین بڵێین چەمکی (کۆن) تێدەپەڕێنێ و دەمانخاتە ناو دنیایەکی نوێ و جیاواز لەو دنیا کۆنەی پێشتر پێی ئاشنا بووین ئەمە لەلایەك، هەروەها ڕووبەڕوبونەوە و پێکدادان لەگەڵ کۆمەڵێك واتا و شێوازی تری پێکهاتەی ژیانی مرۆڤ، کە هەمیشە لەململانێیەکی توندایە لەگەڵیدا ئەویش چەمکی (نەریت)ە لەلایەکی ترەوە، ئەم ململانێیە تا هەنوکە درێژەی هەیە، سەرەڕای ئەوەی نوێگەری بەمانای ڕاڤە و شرۆڤەی نوێ و خۆنوێکردنەوەی بەردەوام دێت بۆ دونیا و کۆمەڵگە و مرۆڤ، هەروەها دەرچون لەو شرۆڤە و ڕاڤە کۆنانەی کولتوور وداب و نەریتەکان ڕۆڵی گرنگیان تێیدا هەبووە.

یەکێکی تر لەنیشانە گرنگەکانی جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی نوێ، بریتییە لەپلەی سەربەخۆیی خودی کە تاکەکان بەدەستیدەهێنن، لەم پێناوەدا زانا کۆمەڵناسەکان توێژینەوەی زۆریان پێشکەش کردووە بۆ دەرخستنی ئەم جیاوازیە.

هنری مین یەکەم کەس بوو ئامارژەی پێدا لەکتێبەکەیدا بەناوی یاسا کۆنەکان (القانون القدیم) ئاماژە بەجیاوازی شێوەی ژیانی کۆمەڵگەی سەرەتایی و کۆمەڵگەی نوێ دەکات، دەنوسێت:"پەیوەندی کۆمەلاَیەتی لەکۆمەڵگەی نەریتیدا لەسەر بنەمای خزمایەتی ڕاوەستاوە، هەروەها خزمایەتیش بەسروشتی خۆی کۆکەرەوەیە نەك جیاکەرەوە، بەلاَم کۆمەڵگەی نوێ لەسەر بنەمای پەیمان(العقد) وەستاوە، کە زیاتر جیاکەرەوەیە نەك کۆکەرەوە، بەم شێوەیە کۆمەڵگەی نوێ زیاتر گرنگی بەتاك دەدات لەسەر حسابی کۆمەڵ، گرنگی بە بەرژەوەندی دەدات لەسەر حسابی خزمایەتی"[2]. دیسانەوە کۆمەڵگەی نوێ بە وەرچەرخان و گۆڕانێکی ڕیشەیی وێنادەکرێت، کە دەرچونە لەپنتێکەوە و گەیشتنە بە پنتێکی تر، چوونەناوەوەیە بۆ دونیایەك، کە چیدی بەو تەفسیرە کۆنە ڕازی نابێت، کە بۆ دونیا کراوە، ناکۆکە بەو جیهانە دێرین و کۆنە و دەیەوێت دیدگا و جیهانبینی نوێ بخوڵقێنێت.

---

[1]. مایكل پیوزی، یورگن هابرماس، ترجمە: احمد تدین، چاپ سوم، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٩٠، ص ٧٦- ٧٧ .

[2]. محمد عاطف غیث، دراسات فی علم الاجتماع التطبیقی، دار النهظة العربیة للطباعة والنشر، بیروت، ص١١١.

دۆرکایم لەو باوەڕەدابوو لە وەختێکدا کۆمەڵگەی هاوبەندی میکانیکی بەپەیوەستبوونی ئەخلاقی نێوان تاك و کۆمەڵ دادەنرێت، هاوبەندی ئۆرگانیکی بەپەیوەندی ئابووریانەی کۆمەڵگە دادەنرێت، بۆیە لێرەوە دۆرکایم پێشنیازدەکات، کە "پێویستە کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی وەك کۆمەڵگەی میکانیکی بنەمای ئەخلاقی هەبێت. لێرەوە تۆنیس بنەمای ئەخلاقی هاوبەندی لەکۆمەڵگەی نەریتیدا دەناسێنێ، ئەو لەو وێنایەی، کە دەیکات بۆ کۆمەڵگەی نوێ بەشێوەی پەیوەندی سودگەرایانە نیشانی دەدات، تایبەتمەندی هاوبەندی ئۆرگانیك ئەوە بوو، کە پەیوەست بوونی تاك بە کۆوێژدانەوە بەهۆی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ گروپەکانی تری ناو کۆمەڵگە، کە ئەوەش سەرچاوەکەی تایبەتمەندبوونیەتی بەکارێکی دیاریکراوەوە لەئەنجامی دابەشکردنی کاردا"[١].

لەژێر ڕۆشنایی ئەم خوێندنەوانەدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی دەتوانرێت بگوترێت، کە کۆمەڵگەی کوردستان نە بەتەواوەتی کۆمەڵگەیەکی نەریتخوازە، نە کۆمەڵگەیەکی نوێیە بەهەمان شێوە، بەڵکو پێیەکی لەناو نەریت دایە، ئەگەر سەیری کولتووره نامادديەکەی بکەین بەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی سەیری دابونەریتەکانی دەکات و یاسا و ڕێسا نەنوسراوەکان پەیڕەوی دەکات، لەلایەکی تریشەوە پێیەکی لەناو دونیای نوێدایە، لەوەدا، کە بە ناچاری کولتووری ماددی و تەکنەلۆژی و زانستی سەردەم خۆی خزاندۆتە ناویەوە و ناتوانێت خۆی لێ بپارێزێت، هەروەها ئەگەر سەیری ئەو کرانەوە بەشەکییە بکەین، کە بواری ڕەخساندووە بۆ ئاڵوگۆڕە کولتووریەکان لەدروستبوونی سەنتەر و ناوەند و پەیمانگە ڕوناکبیریەکان، شوێنە گەشتیاریەکان، کافتریا و قاوەخانەکان، کە بواری یەکترناسین و یەکتریبنینی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕەخساندووە، سەرەڕای ڕەخساندنی هەلی ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان و کۆکردنەوەی جیاوازەکان، کە ئەمانە هێمای بەشارستانی بوون و بە مۆدێرن بوونن لەکۆمەڵگەدا. لەبەرئەوە نەدەتوانێت دەست بەردای ڕابردووی و نەریتەکانی بێت و نەدەتوانێت نوێگەری قبوڵ بکات وەك ئەوەی هەیە، بەڵکو لەنێو دووڕیانی نەریت و نوێگەریدا لە هاتوچۆدایە.

بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردی نەریتەکان تێیدا لە زۆر ئاستدا باڵادەستن و زۆر بە زەحمەت گۆڕانیان تێدا ڕوودەدات، لەلایەکی تریشەوە بە لێشاو کولتووری ماددی و تەکنەلۆژیای نوێ بە بێ پلان و ڕێوشوێنی پێویست دێتە ناو ئەم کۆمەڵگەیەوە، جیاوازیەکی گەورەی لەبواری گەشەسەندنی هەردوو لایەنی ماددی و نامادديی کولتووردا دروستکردووە، کە دەتوانرێت بە

---

[١]. أنتونی گیدنز، سیاست، جامعەشناسی و نظریه اجتماعی، ترجمه: منوچهر صبوری، چاپ سوم، نشر نی، تهران، ١٣٨٤، ص ١٣٥.

ئاسانی ئەو جیاوازیانە هەست پێبکرێت ئەمەش لە زۆر ئاستدا ڕێگەی بۆ دەرکەوتنی دیاردەی دواکەوتنی کولتووری لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروستکردووە.

## باسی دووەم: دواکەوتنی کولتووری (ویلیام ئۆگبێرن)

گومان لەوەدا نیە، کە بنەمای کولتووری گرنگترین بنەمای پێکهاتەی دروستبوونی کۆمەڵگەیە. هیچ میللەت و کۆمەڵگەیەك بەبێ بوونی کولتوور و فەرهەنگێکی دیاریکراو بەخۆی لەدایك نابێت. کۆمەڵگە و کولتوور دوانەیەکی پێکەوە بەستراوی لێك جیانەکراوەن، دوانەیەکن سیما و خەسڵەتی یەکتریان وەرگرتووە. کولتوور گوزارشتە لە کۆمەڵێك بەهای دیاریکراو، کە ئەندامانی گرووپ و کۆمەڵگەیەك پابەندن پێیەوە، بەرگری لێدەکەن و هەوڵی بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی ئەو بەها و نۆرمانە دەدەن، کە لەچوارچێوەی ئەو کولتورەدا جێگەی بۆتەوە، کولتوور پانتاییەکی فراوانی لەنێو دڵ و عەقڵ و بیرکردنەوەی پەیڕەوانیدا داگیرکردووە، ئەم پانتاییە بەشێکی زۆری پێدراوە عەقڵی و کۆمەڵایەتەکانی بۆ دەستەبەرکردووە. شێوە و فۆڕمی ژیانی بۆ کێشاون، نۆرم و بەهای خۆی پێبەخشیوون. "کولتوور سەرجەمی ئەو بەرهەم و ئەنجامە مێژوویانەیە، کە کۆمەڵێکی دیاریکراو لەمێژووی خۆیدا هێناوییەتیە بەرهەم. لەوانە زمان و بیر و ئەدەب و هونەر و ئەفسانە و میراتی فۆلکلۆری و بابەتە تیۆری و زانستییەکان و داب و نەریت ..تاد بۆیە چوارچێوەیەکی فیکری و تێڕوانیینە بۆ ژیان و کۆمەڵ"[1].

لێرەوە کولتوور لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەبێتە ناسنامە و پێناسی نەتەوە و میللەتێك. واتا بنەمایەکی گرنگی سەلماندنی بوونی کۆمەڵگە و نەتەوەیە، شوناسێك دەبەخشێتە ئەو نەتەوەیەی، کە هەڵگری ئەو جۆرە کولتوورەیە، لەپەیوەند بە ئەمەوە ڕۆڵی ناساندنی ئەو میللەت و کۆمەڵگەیەش دەبینێت بەدنیای دەرەوە و بەتایبەت بەو کۆمەڵگەیانەی، کە هاوسنورن لەگەڵیدا، جگە لەوەی کولتوور بنەمای سەلماندن و ناساندنی نەتەوە و میللەتە، بەئەندازەی ئەوەش دەرخەری جیاوازییەکانە لە نێوان میللەت و دەستە و گروپ و کۆمەڵگەکاندا، بەجۆرێك، کە جیاواز دەردەکەوێت لەگەڵ میللەت و نەتەوەی تردا، ئەم جیاوازییەش بۆخۆی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، کە بوونی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە بە بوونی کەلتورێکی تایبەت بەو کۆمەڵگە و میللەتە. وێڕای ئەوەی دەشێت ئەم بۆچوون و دیدگایە لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوام و خێراکاندا

---

[1]. ڕەفیق سابیر، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٣، ل٤٠
.

بەتایبەت لە سەردەمی بە جیهانیبوون و فرەیی کولتووریدا ماناکانی ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی و ئیتنی گۆڕانکاریان بەسەردابێت.

کولتوور بەگشتی لەهەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا پێکهاتووە لە دوو بەشی سەرەکی، کە کۆی بونیادی کولتووریەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێت. ئەوانیش (کولتووری ماددی و کولتووری ناماددی)ە، بۆیە لەسەر بنچینەی ئەم دوو بنەمایە "تیۆری دواکەوتنی کولتووری دەرکەوت لەبیرۆکەی دواکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە لەئەنجامی خێرایی جیاوازی گۆڕانی نێوان لایەنی کولتووری ماددی و ناماددی، کە پێشتر بەشێوەیەکی هاوسەنگ بوو، هەروەها ئۆگبێرن پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیەی کرد، ئوگبێرن پێیوابوو، کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەبارودۆخی گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەتایبەت گۆڕانە تەکنەلۆژییەکان، کە پشت دەبەستێت بەترازانی داب و نەریت و بەرژەوەندییە جێگیرەکان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشایی و کەلێن لەهاوسەنگی کۆمەڵایەتیدا"[1].

ئەم چەمکە لەبواری کولتووری ناماددی(پێوەرەکان، بەهاکان، باروەڕەکان)، کە خۆی لەگەڵ نوێگەری ماددیدا دەگونجێنێت بەکاردێت. کۆمەڵناسی ئەمریکی **ویلیام ئۆگبێرن** لە نمونەی ئەو کۆمەڵناسانەیە، کە ئەم چەمکە لەنوسینەکانی خۆیدا بەکاردەهێنێت، ئەو لەنێوان کولتووری ماددی وناماددیدا جیاکاری دەکات، کولتووری ماددی بەکۆی ئەو شتانە دەزانێت کە دەتوانرێت دەستیان لێ بدرێت و ببینرێن، ئەو شتانەش لە داهێنانی مرۆڤن، وەك (کاغەز و چەك) یاخود سەرچاوەیەکی سروشتیان هەیە، کە بۆ بەکارهێنانی تایبەتی دەست دەدەن، وەك (نەوت، درەخت، خاك) یاخود سیستەمگەلێکن کە مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی نیازەکانی خۆی دروستیان دەکات و بەکاریان دەهێنێت. وەك (کارخانەکان و جۆرەکانی تەکنەلۆژیا ..هتد).

هەرچی کولتووری ناماددیە تەواوی ئەو پێکهاتانەیە، کە ناتوانرێت دەستیان لێبدرێت و ببینرێن، وەك (باوەڕەکان، پێوەرەکان و بەهاکان، ڕۆڵەکان و زمان) لەتێڕوانینی ئۆگبێرندا کولتووری ماددی و ناماددی لەهۆکارە گرنگەکانی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی)دەژمێردرێن، بەڵام تیۆری(پاش ماوەی کولتوور)ی ئۆگبێرن زیاتر پشت بەستووە بە هۆکاری ناماددی کولتوور، ئۆگبێرن پێیوایە لە نێوان ئەم دوو هۆکارە دەستنیشانکراوەدا کولتووری ناماددی زیاتر گرنگی هەیە، ئەو پێیوایە یەکێك لەو گرفتانەی، کە ڕووبەڕووی مرۆڤی ئەمڕۆ بۆتەوە گرفتی خۆگونجاندنێتی لەگەڵ داهێنانە ماددی و تەکنیکیەکانی سەردەمی نوێ، ئەو پێیوایە کولتووری

---

[1]. محمد عاطف غيث، نفس المصدر، ص٥١.

نامادەی یان ناتوانێت خۆی لەگەڵ مۆدێرنەدا بگونجێنێت یاخود بۆ خۆگونجاندنی توشی گرفتی گەورە دەبێت"[1].

کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی دەستنیشانکردنیەوە بۆ کۆمەڵگەی نەریتی و نوێخواز کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزە، لەم ڕووەوە نەریتە باوەکانی، کە چەندین ساڵە هەڵسوڕێنەری ژیانی ڕۆژانە و نەخشەکێشی پەیوەندییەکانی ژیانی مرۆڤەکانیەتی، کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەیە، ئەم دابونەریت و کولتوورەی، کە هەیە بنەمای ڕیشەیی خۆی هەیە و بەئاسانی گۆڕانی بەسەردا نایەت و لەو پێناوەدا قوربانی زۆری دەوێت، ئەگەرچی زۆرێك لە ڕۆشنگەر و ڕۆشنبیر لەم ڕێگەیەدا دووچاری کوشتن و لەباشترین حاڵەتیشدا شاربەدەر و ناچاری سەرهەڵگرتن و مەنفا کراون، کە ویستویانە تازەگەری و نوێگەری بکەن لەکولتووری کۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها بەگژ دابونەریتی خراپی کۆمەڵگەدا بچنەوە. ئەگەرچی ئەم هەوڵانە لە هەندێك ئاستدا جێکەوتی خۆیان هەبووە، گۆڕانکاری لێرە و لەوێی بەدیهێناوە.

ئەمە دەرخەری ئەوەیە، کە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە خواستی بۆ گۆڕانکاری و گونجانی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەگەرێکی کراوەیە، خواستێکی ڕاستەقینەیە، سەرەڕای ئەمەش دیدگای تر و گۆشەنیگای دیکە هەن بەپێچەوانەوە بە ڕەشبینییەوە لەم بارودۆخە دەڕانن "کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەندە لەڕەوتە هزری و فەرهەنگی و ئابوورییەکان دووربووە، کە هێشتا نوێگەری نەیتوانیوە جەستەی نەریتە کۆن و داڕزاوەکانمان بەشەلاقی خۆی ڕاچڵەکێنێت، هەتا بزاڤی کوردستان بەمەنزڵگە نەگات، پرۆژەی نوێگەری ئەزموون نەکات ناتوانین بچینە ناو کۆمەڵگەی مەدەنیەوە"[2].

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە بۆ ئەوەی بچینەناو کۆمەڵگەی شارستانیەوە لەڕووی هزری و مەعریفی و بیرکردنەوەوە پێویستە بیری نوێگەری و بەگژداچوونەوەی بیری وەستا و چەقبەستو تێکبشکێنین و لە شوێنیدا کرانەوە و قبوڵکردنی ئازادیە گشتی و ئازادیەکانی بیروباوەڕ و ئەویدی قبوڵکردن بکەینە ئامانجی نزیك و دورمان لەپەیوەند بە ژیانی مەدەنییەوە. واتە کۆمەڵگەی کوردی ڕاستە لەڕووی ماددی و کەرەستە مادییەکانەوە داخڵی کۆمەڵگەی نوێ بووە، بەڵام کەرەستە مەعنەوی و فکرییەکانی بەگشتی هێندە لاوازن نەیتوانیوە وەك کۆمەڵگەیەکی نوێ خۆی نیشان بدات، واتە پەیوەندیەکان دەبێت لەسەر ئاستی پەیوەندی مرۆڤانە و ڕوانگەی ژیان

---

[1]. حمید عضدانلو، نفس مصدر، ص ٤٤٩.

[2]. هادی محمدی، کوردەواری...مۆدێرنیزم یان پۆست مۆدێرنیزم، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە ١٩ ، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٦٣.

دۆستی ڕێکبخرێت، بەڵام لەکۆمەڵگەی کوردیدا پەیوەندیەکان تاکگەرایانە و بەرژەوەندخوازانەیە بۆیە سەرەڕای ئەوەی تا ئەندازیەك کرانەوە بەدی دەکەین، بەڵام ئەم کرانەوەیە نەبۆتە نەریتێکی گشتی کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووریەوە شوناسی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێببەخشێت. لەم ڕووەوە لەبەرئەوەی زۆر بەدەگمەن گۆڕانکاری لە کولتوری نامادی ئێمەدا دێتەپێش، بۆنمونە کولتوری مادی زۆر خێرا دەگۆڕێ، بەڵام کولتوری مەعنەوی و بیر و هزر زۆر لەسەرخۆ و هێوش گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە گۆڕانە مادی و مەعنەویەکان بەشێوەیەکی تەریب و هاوسەنگ ڕوونادەن، بۆیە کاریگەریەکان زۆر کەم دەبن. لای ویلیام ئۆگبێرن ئەم حاڵەتە بە (دواکەوتنی کولتووری) ناودێر کراوە، کە مەبەست لێی زەحمەتی گۆڕانە لە کولتووری ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا.

ئۆگبێرن پێیوایە "گۆڕانە خێراکانی سەردەمی ئێمە سازگاری و گونجانی کۆمەڵایەتییان سەختتکردووە مەبەست لەوەش حاڵەتەکانی وەکو گونجانی مرۆڤ لەگەڵ کولتوور و هەماهەنگی و گونجانی نێوان بەشە جیاجیاکانی کولتوورێکە، ئەو پێیوایە، کە تەواوی بەشەکانی کولتوورێك پێکەوە ناگۆڕێن، هەندێك لەڕەگەزە کولتورییەکان خێراتر لەلایەنەکانی تر بەرەوپێشەوە دەچن ئەوانی تر کەمتر گەشەدەکەن، ئاکامی ئەم کارە دواکەوتنی کولتورییە، دەشێت هەلومەرجی دەرکەوتنی قەیران لەناو کولتووردا بڕەخسێنێت"[١].

ڕەنگە کۆمەڵگەی کوردی باشترین نمونە بێت بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانەی لە سەرەوە باسمانکرد، ئەگەر سەیرێکی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو بکەین دەبینین گەلێك گۆڕانی خێراو تیژڕەو بەسەر لایەنی دەرەکی و فۆڕم و شێوەی دەرەوە کۆمەڵگەی کوردیدا هاتووە، بە بەراورد بەلایەنی ناوەکی و بونیادی عەقڵی و هزری. ئەم تیۆرییەی ئۆگبێرن زۆر نزیکە بەبارودۆخی کولتووری لەکۆمەڵگەی کوردی، وەختێك دەبینین بەلێشاو کولتووری مادی دونیای نوێ، وەکو ئوتومبێل بەنوێترین مۆدێل و تەکنەلۆژیای زانیاری لە تازەترین بەرهەمی خۆیدا دێتە ناو کولتووری کوردیەوە، جێگە بە مۆدێلی پێش خۆی لەق دەکات، لەبەرانبەردا کولتووری هزری و عەقڵی داهێنەری ئەم نوێگەریە نەهاتووە بەشێوەیەکی هاوتا لەگەڵیدا، ئەوسا توشی قەیرانی دواکەوتنی کولتووری دەبین، بۆ نمونە ئەوەی کە نوێترین ئوتۆمۆبێلی ئەڵمانی دەئاژون، بەڵام بێ ئەوەی ئاگاییەکمان لە ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری ئەڵمانی و کولتوری ئەڵمانی بێت، یاخود نوێترین

[١]. منوچێهر موحسنی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣.

تەکنەلۆژیای چینی و فەرەنسی بەکاردەبەین و بێ ئەوەی ئاگاداری شارستانیەتی چینی بین و ئاگایەکشمان لە شۆڕشی فەرەنسی بێت، وێڕای ئەوەی ئەمانە مەرج نین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئامێرانە بەکاربهێنین شارەزایی و مەعریفەمان بە کولتوورەکەیان هەبێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە لە ئاستی بەرپرسیارێتی بەکارهێنانی ئەو ئامێر و ئامرازانەدا بین، بۆیە ئەم قەیرانە دەتوانێت ڕێگربێت لەچوونە ناوەوەمان بۆ ناو کۆمەڵگەی نوێ لەئاستە فکیری و کولتووریەکەیدا.

بە مانایەکی تر، بە سەرنج دان لە تاکەکانی کۆمەڵگە، دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت، کە کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەك لە شێوەکان خەریکی بەرخۆری کولتووریە و خۆی بەرهەمهێنەری کولتووری ناماددی نییە. ئەگەر بەوردی چاو بخشێنین بەو گۆڕانکاریانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هاتووە دەبینین بەشێوەیەکی نائاسایی و بێ پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراو، گۆڕانێکی بەرچاو لەشێوازی دروستکردنی بینای نیشتەجێ بوون و دروستبوونی گەرەکی نوێ لەناو شارەکاندا هاتووە، هەروەها زۆربوونی بەلێشاوی ئوتومۆبێل و کەرەستەکانی تری گواستنەوە و هاتنەناوەی کتوپڕی ئامێر تەکنەلۆژییەکان بێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامەکانی بکرێتەوە، هەروەها هاتنەناوەی بەلێشاوی یاری منداڵان بێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و پەروەردەیی، ئەمە بەو واتایە نییە کە نابێت ئەو گۆڕانکاریانە ڕووبدات و یاخود نابێت ئەو گۆڕانکاری و هەوڵی نوێگەرییە بێتەناو کۆمەڵگەی کوردیەوە، بەڵکو لێرەدا دەکرێ ئەوە بخەیینەڕوو، کە ئایا تاك و خێزان و کۆمەڵگەی کوردی تا چەندە ئامادەیە بۆ وەرگرتن و پیشوازیکردن لەو گۆڕانکاریانە؟

ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیە، کە بە درێژای مێژوو دەبیستین کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەرگیز لەبارودۆخێکی دیاریکراو و جێگیردا نەماوەتەوە، بەڵکو هەمیشە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و هەندێك جاریش گۆڕانەکان زۆر قوڵ و ڕیشەیی بوون. بۆیە ئەم گۆڕانکاریانە ڕوو لەکۆمەڵگەی کوردیش دەکات، بەڵام دەبێت ئامادەکاری بۆ بکرێت و باشی و خراپییەکانی هەڵاوێرد بکەین. هەموو ئەم گۆڕانکاریە ناهاوسەنگ و بێ بەرنامانە دەتوانێت بمانخاتە نێو گۆڕانکاری بێ ویست و خواستی بەهاکانەوە، جا گۆڕانەکان نەرێنی بن یاخود ئەرێنی، گۆڕانکاری باش بن یاخود خراپ. گۆڕانکاریەکانی دنیای نوێ بەرۆکی بەها کولتووریەکانیش دەگرن.

## باسی سێیەم: نوێگەری و گۆڕانی بەهای کولتووری

هەموو ئەو گۆڕانە جۆراوجۆرانەی نوێگەری لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت گۆڕانن لەسەر دوو ئاست. **یەکەمیان** گۆڕانە ماددیەکانی بەها کۆمەڵایەتیەکان وەك گۆڕانی شێوازی ژیان لەلایەنی پۆشین و جل و بەرگ و پێداویستیە ماددیەکان و تەکنەلۆژیا و شێوازی بیناسازی و دیزاین و شێوەی ڕێکخستنی ناوماڵ و پێشەی دەستی و ئەلکترۆنیات. **دووەمیان** گۆڕانە مەعنەوییەکان لەجۆری بیرکردنەوە و بەهای ئازادی و کولتووری گفتوگۆ و بەمرۆیکردنی دیاردەکۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیەکۆمەڵایەتییەکان و شێوازی پەیوەندی خزمایەتی و سەردانە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمانە بەشێوەیەکی یەکسان و هاوتەریب ناگۆڕێن، بەڵکو گۆڕانی هەندێکیان خێراترن لەگۆڕانی هەندێکی تریان. هەندێجار کاریگەری بەهێز لەسەریەکتری دادنێن، واتە گۆڕان لە بەهای یەکێکیاندا دەبێتە هۆی گۆڕان لەبەهاکانی ئەوانی تردا.

"هەموو ئەمانە بەواتای گۆڕینی پەیوەندی لەگەڵ بوونەوەر و حەقیقەت و بیر، حەقیقەت چیتر ئەو حەقیقەتە نیە، کە دەماننناسی و لەپێناوی جێبەجێ کردنیدا نوێنەرایەتیمان دەکرد. بەڵکو حەقیقەت ئەو نموونە و مۆدێلانەیە، کە ئەیخوڵقێنین و پێکەوەی دەبەستینەوە، یاخود ئەو شتەیە، کە لە وەهما دروستی دەکەین. جیهانگیری لەدنیای مۆدێرندا ڕوودەدات یەکێك لە دەرکەوتەکانی بریتی بوو لەو لێشاوی گۆڕانەی لەسەر ئاست و ڕەهەندە ناوەکی و دەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ ڕویدا، ئەم پرۆسەیە بەقوڵی کاری کردووە لەسەر بەها جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ و گۆڕانی جۆری تیادا ڕویداوە لەچەند دەیەی ڕابردوودا واتاکانی کولتوور و سیاسەت و ئابووری واتای دیکەیان وەرگرتوە"[١]. گۆڕانەکان بەرفراوان و بەهێزن، هەندێکیان خێرا ڕوودەدەن و زووش بەکۆتا دەگەن، هەندێکیان گۆڕانکاری کولتووری لەسەرخۆن و هێواش هێواش دەچنە نێو بیرکردنەوە و هوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەوە، ئەم گۆڕانکاریانە لەبەهای کولتووری هەموو کۆمەڵگەیەکدا ڕوودەدەن، سەرەڕای پاراستنی ڕەسەنایەتی و بەرگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوە لەهەندێك بارودۆخدا.

هەروەها لەگەڵ نێوەندە نوێکاندا پەیڕەوە هزرییەکانیش دەگۆڕێن هەر تەکنیکێك کاریگەری خۆی بەسەر هزرەوە هەیە، "لێرەوە بیرکردنەوە لەسەردەمی تەلەفیزیۆن جیاوازی هەیە لە بیرکردنەوە لەسەردەمی چاپ و لەبەرنوسینەوە و بە دەم گێڕانەوە، ئەم گۆڕانکارییە مەزنانە

---

١. عبدالله بالوناس، عولمة الاقتصاد– الفرص والتحديات، مجلة جامعه دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد ٢٤، عدد الاول، ٢٠٠٨.

گۆڕانێکیش لە بواری ڕۆشنبیریدا بەدیدەهێنن، چیتر لەگەڵ تەکنیکە نوێیەکانی زانیاری کولتووریدا ئەوە نابێ کە هەبووە، تۆڕەکان مۆرکی گەردوونی دەبەخشنە بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری"[1].

بێگومان لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگە و ئاڵۆزبوونی پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکان بەهاکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، ڕەنگە زۆرجار بە ڕێژەیی بەهاکان بگۆڕێ."لە دۆخێکی وەهادا لە کۆمەڵگەدا بۆ پاراستی پەیوەندیەکان، مرۆڤ پێویستی بە دروستکردنی بەهای نوێ هەیە"[2]. دروستکردنی بەهای نوێ و جێگە کردنەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا، ڕەنگە پێویستی بە پەیمانێکی کۆمەلآیەتی و ڕێکەوتنێکی کۆیی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە هەبێت، بۆ داڕشتن و چەسپاندی ئەو باهایانە، کە بە پلەی یەکەم نابێت ناکۆك و دژ بێت لەگەڵ بڕێکی زۆری بەها و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە، تا ئاڵۆزی و گرفتی کۆمەلآیەتی و کولتووری نەخوڵقێنێت. "لەکۆمەڵگە ئاڵۆزەکاندا ڕێکەوتن لەسەر بەهاکان حاڵەتێکی ناکۆتایی هەیە، بەهاکان بەردەوام لەحاڵەتی گۆڕاندان، گۆڕانی بەهاکانیش بەنۆرەی خۆی کاریگەری لەسەر دابونەریت و ڕێوڕەسمەکان لەکۆمەڵگەدا بەجێ دەهێڵێت"[3].

لەبەرئەوەی "نوێگەری بریتییە لە کۆمەڵێك سیمبول و بەها لە ڕێگەیانەوە مرۆڤ واتا لەبوون و ئەزموون و هەوڵەکانی خۆی دادەماڵێ، کولتوورەکانیش کە بریتین لەسەرچاوەیەك بۆ ئاماژە و شێوەکانی بوون و ژیان، بەتایبەت بوون و ژیانی هەر گەل و کۆمەڵگەیەك، کە ئەمڕۆ خۆیان بەدەست بەتاڵ دەبینن بەرانبەر بەو هەموو وێنە و پەیام و نیشانانە کە بە بەردەوامی بەدەوری زەویدا دەسوڕێنەوە، بۆ نمونە سەتەلایتەکان ئەمڕۆ لەڕووی ڕەوشتیەوە بوون بەگرفتێك بەهۆی ئەو فیلم و بەرنامە ڕووتانەی، کە بڵاوی دەکەنەوە، بەگشتی شێوازەکانی ڕاگەیاندن ئێستا خەیاڵی مرۆڤ دروستدەکەن، یەکەمجار لەبەرئەوەی مرۆڤ بووە بە بەکارهێنەر و لەدوایشدا بە تەماشاکار، خەیاڵی سەرقاڵ دەبێت بە ئەستێرەکانی سەر شاشە و یاریزانانی تۆپی پێ و ئافرەتانی نمایشکاری مۆدێلی جل و بەرگ ئەمە لەلایەك، جۆرەکانی تری ژیان و سیستەمە ڕۆشنبیرییەکەی لەلایەکی ترەوە"[4].

---

[1]. علی حەرب، باسی کۆتاییەکان، وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٤.

[2]. حمید عضدانلو، المصدر سابق، ص ٣٤

[3]. منوچێهر موحسنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٧.

[4]. علی حەرب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩.

به پەیڕەویکردن و شیکردنەوەی ئەم دیدگایە بۆ بابەتی گۆڕانی بەها و نەریتە کۆنەکان، شوێنگرتنەوەیان بە بەها و نەریتی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا، زۆرجار توشی گرفتی زۆر دەبین، چونکە وەکو ئاماژەمان پێدا گۆڕانکاری لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا زۆر لەسەرخۆ و هێواش ڕوودەدات، ئەمە جگە لەوەی، کە دەبێت ئەو گۆڕانکاریانە ناکۆك نەبێت لەگەڵ نەریتە خێڵەکی و بنەما و ڕێسا نەنوسرا و پەیڕەوکراوەکانی کۆمەڵگە، سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئایین، کە زۆر جار بۆتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم گۆڕانە کولتووری و نەریتیەکاندا. گومانی تێدا نییە ئەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدات ئەوەیە، کە بەڕاستی ئێمە لە (جیهانێکی گۆڕاو)دا دەژین گۆڕانەکەش گەورە و مەزنە هەتا ئەو ڕادەیەی مرۆڤایەتی لەگەڵیدا دەچێتە نێو سەردەمێکی نوێوە، کە لەگەڵیدا هەموو شتە سەرەتاییەکان دەگۆڕێن، هەروەها نەخشەی پەیوەندیەکانیش لەگەڵ هەموو شتێك دەگۆڕێت، کات و شوێن، واقیع و حەقیقەت، کولتوور و پیشەسازی ژیان، ئەم گۆڕانە خێرایانە بەتایبەت مەرجەکانی بوون دەگۆڕن، بەو ڕادەیەش بونیادی درککردن و چوارچێوەی کات و شوێن دەگۆڕن، هەر بەهەمان ڕادەش بونیادی بەرهەمهێنان و شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە و پەیوەندیەکانی هێز و کۆنتڕۆڵ دەگۆڕێ. واتە هەموو پەیوەندیە بەهاییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی و هزری خۆی و جیهان و شتەکان دەگۆڕێت"[١].

ئێمە لەم ساتەوەختەدا ناتوانین نەگۆڕێین، واتە ناتوانین لەبەردەمی ئەم هەموو گۆڕانکاریە گەورانەی دونیادا بەوەستاوی بمێنینەوە. مرۆڤی ئەمڕۆ بەرگەی شەپۆلەکانی دنیای نوێ ناگرێت، چونکە تواناکان(مقومات)ی بەرگەگرتنی لاوازە، دواجار کەرەستەکانی دونیای نوێ بەهێزترن لە کەرەستە مەعنەویەکانی مرۆڤ. بۆیە جیهان لەگۆڕاندایە و مرۆڤەکانیش لەگەڵیدا لە گۆڕاندان . ئێمە لە سەر شانۆی مێژوویی جیهاندا بەرانبەر بەدیاردەیەکی گەردوونی نوێین، لەبەرئەوەی لەگەڵ کۆمپیوتەر و تۆڕە ئەلکترۆنییەکان جیهانێکی نوێ هەیە خەریکە پێدەگات چ لەڕووی فەزا و بوارەکانی، چ لەڕووی بونیاد و سیستەمەکانی، یاخود لەڕووی میکانیزمی کارکردن و سیستەمی پەیوەندیەکانی.

جیهان پێشتر بە ئابووری پیشەسازی و ئامێری سەنگین و شێوازەکانی گواستنەوەی میکانیکی وەك ئۆتۆمۆبیل و کەشتی و فڕۆکە پێکدەهات، هەروەها جیهان پێشتر لە ڕێگەی بیروبڕوای نوسراوی نێو کتێبەکانی وەك ماتریاڵیزم و ئایدیالیزم و سۆسیالیزم و ناسیۆنالیزم و مارکسیزم یەکی ئەگرت و پێکدەهات. بەڵام ئەمڕۆ جیهان لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و سامانە سیمبولی

---

[١]. علی حەرب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٠.

و تێکسته ژمارییه چڕوپڕه بێ شومارەکان دروست دەکرێت و پێکدێت. ئەو تێکست و هێمایانەی بەخێرایی ڕوناکی لەهەر خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر بەدەوری زەویدا دەخولێنەوە، لێرەوە ئەکتەر و یاریزانەکان لەسەر شانودا گۆڕاون، ئەمڕۆ کەسانی وەك بیل گیتس و پیاوانی ئابووریناس و سەرمایەدارانی ڕاگەیاندن و هەروەها ئەوانەی شاشەکان داگیردەکەن وەك هونەرمەند و سیاسەتمەداران جیهان دروستدەکەن، ئەوان زیاتر لە ڕۆشنبیرانی وەکو چۆمسکی و جان زیگلەر و ڕۆجیە گارودی و فۆکۆ یاما جیهان دروستدەکەن، ئەم گۆڕانانە لە دیمەنی جیهاندا بە تەواوەتی دەبێتە هۆی گۆڕان لەخودی بەهای کولتووری کۆمەڵگە"[١].

لەگەڵ ئەوەی ئەو گۆڕانە جۆراو جۆرانە ڕوودەدات لە ئاستی جیهاندا، ئەگەر وەکو ڕوویەکی تاریك و ناسازگار بە سروشتی مرۆڤ سەیری بکەین. بەهەمان شێوە نوێگەری لەگەڵ خۆیدا بەهای نوێ و بەهای مرۆیی گرنگیش دەهێنێ، کە زۆرجار گۆڕانی گەورە لە هزر و بیری مرۆڤدا سەبارەت بەو جیهانەی تێیدایە دێنێتە کایەوە دروستدەکەن، کە دەتوانین وەکو دیوی ڕووناك و سازگار بەدنیای نوێ لێیان بڕوانین.

سەرەڕای ئەوەی کە نوێگەری لەگەڵ خۆیدا کولتوورێکی بەرخۆری و کەیفسازی و بە کاڵاکردنی کولتووری دیکە و پاشخستنی کولتووری لۆکاڵی دێنێتە کایەوە. لەپاڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕەهەندە بەکاربەریی و کەیفسازیەی کولتووردا، بڵاوبوونەوەی بەردەوامی کولتووری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و بەهاکانی لێکبووردن و ڕێزی ژینگە و بەرگری لەجیاوازی و لە مافی گروپە بچوك و کەمە نەتەوایەتییەکانیش ئامادەیە، لە بەشێکی گەورەی جیهاندا کۆڕ و کۆمەڵ و هێزی کۆمەڵایەتی تایبەتی دروستبوون، کە بەزمانی ئەم پێدراوە کولتووریە گەورانە دەدوێن، لەڕاستیدا بڕی هۆشیاری بەم بەها کولتووریانە ئەمڕۆکە لە دوێنێ زیاترە و ئەم دەیەی دواییی زیاتر لەدەیەکانی ڕابوردوو بەم مەسەلانە ئاشنابووە. لە جیهانی ئەمڕۆدا هۆشیاربوون بەم مەسەلانە زۆر زیاترە لەجیهانی چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر، هەر خودی ئەو شەڕە ئیتنی و ئایینی و نەتەوەییانەی لەم چەند ساڵەی دوایدا ڕوویانداوە لە ئاستێك لە ئاستەکاندا دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی ئەو بەها کولتووری و ئەو هۆشیارییە کولتوورییە، کە بەم بەهایانەوە پەیوەستە"[٢].

گۆڕانی کولتووری لە تێڕوانینیدا بەپلەی یەکەم هاوسۆزە لەگەڵ دەرکەوتن و چەسپاندن و گەشەکردنی ڕەهەند و لایەنەکانی گەشەی پرۆسەی جیهانگیری و گشتگیری کولتوورەکان لە

---

١. علی حەرب، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٤٤.

٢. مەریوان وریا قانیع، ناسیۆنالیزم و سەفەر، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٩.

پەیوەند بەرەوتی جیهانگیرییەوە. لەوەها بارودۆخێکدا. دەرکەوتەکانی جیهانگیری و گۆڕانی کولتوورێکی دیاریکراو دەرکەوتەی نەرێنی و خراپ نین، بەڵکو ڕێکخستن و چاکسازیکردنی جیهانگیری لەپەیوەند بە بەهاکانەوە کەمترین زیان بە مرۆڤ و سروشتەکەی بگەیەنێت. دەرکەوتنی گەشە و گۆڕانی کولتووری ئایینی زیاتر بەرجەستەتر و ئاشکراترە، بۆ نمونە ساڵی ١٩٩٣ شاری شیکاگۆ شاهیدی گەورەترین کۆنگرەی ئایینەکان بوو لە جیهاندا، لەم کۆنگرەیەدا ئایین و مەزهەبی جیاواز، کە ٨٧٠٠ کەس نوێنەرایەتی ئایینە جیاوازەکانیان دەکرد لە بواری جیاوازی وەکو ئایینی و فەلسەفی و ئابووری و سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی گفتوگۆیان سازدا"[١]. ئەم گفتوگۆ بەردەوامانەی نێوان ئایینەکان و بوارەکانی تری وەکو سیاسەت و کولتوور و بواری ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و ژینگە، یەکێکن لە دەرکەوتەکانی گۆڕانی بەهاکانی ژیانی مرۆڤ، کە بەهۆی پرۆسەی نوێگەرییەوە هاتونەتە کایەوە، نوێگەری کاریگەری بەردەوامی هەیە لەسەر گۆڕانی بەردەوامی بەها مرۆیی و مێژووییەکانی مرۆڤ، کە زۆرجار خۆی لە بەهای ژیانی ڕۆژانەدا دەبینێتەوە.

نوێگەری کارێك دەکات، کە مرۆڤ ناچارە (گونجانی بەهاکان) پەیرەو بکات، مەبەست لە گونجانی بەهاکان، ئەوەیە مرۆڤ بۆ پێڕاگەیشتن لەگەڵ گۆڕانکارییە خێرا و توندەکاندا ناچار دەبێت بەهای نوێ بەرهەم بهێنێت، کە لەگەڵ ڕەوتە جیهانیەکەدا بگونجێت، کە هەم ڕەسەنایەتی لە دەست نەدات و هەم لەگەڵ گۆڕانەکاندا هەڵبکات. بەڵام ئەمە هەموو کات و لە هەموو شوێنێك مۆدێلێکی گونجاو سەرکەوتوو بەرهەم ناهێنێت، چونکە دەکرێت زۆر جار بێ پێوەری و لادان لە ڕەوتە باوەکە بێنێتە کایە، کە دنیای نوێ بە ئەندازەیەکی زۆر هەڵگری ئەم خەسڵەتەی دواییانە. بە ئاشکرا دیارە کە دنیای نوێ لەگەڵ خۆیدا ڕێگەی بێ پێوەری بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی خۆشدەکات.

## باسی چوارەم: بێ پێوەری لە جیهانی نوێدا

جیهانی نوێ جیهانێکی کراوە و بێ سنورە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و کولتوورییەوە، ئەم کرانەوەیە وایکردووە کولتوورە جیاجیاکانی دونیا بەئاسانی بەریەکتری بکەون و مۆدێلە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانە بۆ یەکتری بگوازنەوە، بە تایبەتی لە ڕێگەی پرۆسەی بەجیهانیبوون و جیانگیرییەوە، کە سنوری کولتووری کۆمەڵگەکانی تا ئەندازەیەکی زۆر کاڵ کردۆتەوە. یەکێك لەو گرفتە قوڵانەی، کە ئەم پرۆسەیە کوچەبەکوچە لەگەڵ خۆیدا دەیبات

---

[١]. احمد گل محمدی، جیهانی شدن فرهنگ، هویت، چاپ دوم، نشر آگاه، تهران ،١٣٨٣، ص ١٤٩ .

دیاردەی بێ پێوەری و نامۆبوونە لەژێر کاریگەری دەرهاویشتەکانی و جەنجاڵییە زۆرەکانی. مرۆڤەکان لە پێناو دابینکردنی ژیانی خۆیان و دەستکەوتە ماددی و بەرژەوەندییە کەسییەکانیاندا ئامادەن هەموو پێشێلکاریەك بەرانبەر بە بەها و نەریتەکانیان بکەن، بە جۆرێك پێوەرێك نامێنێت مرۆڤەکان وەکو مۆدێلێك چاوی لێبکەن، بە تایبەت دوای گەشەکردنە خێراکانی تەکنەلۆژیای نوێ و بلاَبوونەوەی بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر.

چەمکی بێ پێوەری، کە لەتەك چەمکی نامۆبونی مارکسدا گفتوگۆی لەسەردەکەین، دۆخێکی کۆمەلاَیەتی پڕ لە ناکۆکی پێ وەسف دەکەین، بێ پێوەری چەمکێکی سەنتەری وێنا دەکات، "لەوەسفکردنی دۆرکایم بۆ شوێنەوارەکانی داڕمانی سیستەمی کولتووری و بونیادی دامەزراوەیی. ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی بونیادی ئەرکەکین (الوظيفيون البنيوية) ئەم چەمکەیان وەکو کلیلێك بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتن لە هەندێك لە گرفتە سەرەکییەکانی نوێگەری، لە کارەکانی (ڕۆبێرت میرتۆن)دا دەیبینین، وەك دەرەنجامی چەند پرۆسەیەکی تایبەت و شێلگیر دەردەکەون، کە تەواوکارن لەگەڵ سیستەمی کۆمەلاَیەتی نوێ. سەرەڕای ئەوەی ئەم وشەیە مێژوویەکی درێژی هەیە، بەلاَم چەمکی(بێ پێوەری کۆمەلاَیەتی) بۆ یەکەمین جار لەلایەن دۆرکایمەوە داڕێژرا و لە گفتوگۆکردنی لەمەڕ دابەشکردنی کار لە کتێبەکەیدا دەردەکەوێت. دۆرکایم دەریخست، کە فۆڕمەکانی جیاکاری کۆمەلاَیەتی بەشێوەیەکی خێراتر لە فۆڕمەکانی ڕێکخستنی پێوانەیی کاریگەری دادەنێت و کرداری تاکەکەسی دەخەنە دەرەوەی جلەوی دەست بەسەرداگرتنی پێوانەیی هاوبەش. دەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە، کە چەمکی بێ پێوەری هۆکارێکی بەرپرسە لە فۆڕمەکانی ناجێگیری ئابووری و ململانێی چینایەتی. بەلاَم وای بۆ دەچێت، کە بێ پێوەری چەند فۆڕمێکی (پاثولۆجی) تاکگەرایی دەردەخات، تاکگەرایی ئەخلاقی ڕاستەقینە، ڕێکخستنی ئارەزووەکانی تاك لەچوارچێوەی کۆتە کۆمەلاَیەتییەکان لە خۆدەگرێت. بێ پێوەری ڕێکخستنی پێوەرەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، کە لە ئەمەشەوە چوارچێوەی ئارەزووە ناڕێکخراو و بێ سنورەکان بەرفراوانتر دەبێت و سەرهەڵدەدەن، هەروەها دیاردەکانی دەرخستنی زوو توڕەبوون و داڕمانی دەروونی و بێ ئومێدبوون لە زۆرترین جێکەوتە دەروونیە بەربلاَوەکانی بێ پێوەرین[1].

دۆرکایم کێشەی بنەڕەتی نوێگەری بەشێوەیەکی تایبەت دەستنیشانکردووە بەوەی بارێکە، کە بە (لەخۆنامۆبوون) و(بێ پێوەری) یان (لەدەستچوون) ئاماژەی پێداوە. بە پێی

---

[1]. جون سكوت، علم الأجتماع المفاهيم الأساسية، ترجمة: محمد عثمان، الطبعة الثانية، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، ٢٠١٣، ص٣٢٣.

باوەڕێکی بەهێز بە بیروباوەڕەکان، کە پێوەرە کولتوورییەکان بەهێزیان دەکەن، تاکەکان لەسەردەمی نوێدا هەست دەکەن لە کۆمەڵگەکەیان دابڕاون. ئەو جەخت لەوەدەکاتەوە، کە پێویستە کولتوور ڕۆڵی خۆی ببینێت لە کەمکردنەوەی دۆخی بێ پێوەری و پارێزگاریکردن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی. ئەرکی کولتوور بریتییە لە مسۆگەرکردنی پاراستنی شێوە کۆمەڵایەتییەکان"[1].

ئەم دیدگا ڕەخنەییەی دۆرکایم بۆ جیهانی نوێ و ترسی سەرەکی لە لەدەستدانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و جاردانی بۆ پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، لەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە مرۆڤی سەردەمی نوێ، مرۆڤێکە ئامادەکراوە بە بیرکردنەوە و عەقلانیەت، ئەم مرۆڤە گرنگی بەدنیای ناوەکی و دەرونی خۆی نادات. بەهۆی کاریگەربوونی بە دەرکەوتە و دەرهاویشتەکانی دنیای نوێوەوە بەتایبەت جیهانی ماددی و تەکنەلۆژی، دەربڕینی ئەم مەترسی و پێشبینیانە جیهانبینیەکی ورد و زانستیانەی قوڵی لە پشتەوەیە، کە دۆرکایم وەکو کۆمەڵناسێك دەیبینێ، کە ئەویش بەرگریکردنە لە سیستەم و پاراستنیەتی.

دۆرکایم یەکێك لەگرنگترین هۆکارەکانی بیماری تاك و کۆمەڵگە و دیادەی خۆکوژی بە لەدەستدانی سیستەمی پێوەرەکان و بەهاکان دەزانێت، ئەو پێیوایە بە بێ بوونی چەند پێوەرێك، مرۆڤەکان خواستی نارێك و حەزی بێ سنور و جۆرە هەستێکی ئازاردەرانە و ناڕازی بوونی بۆ دروستدەبێت، کۆمەڵگەی بازاڕی و چاودێری مۆدێرن ئەم ئارەزوانە لە مرۆڤدا بەهێزدەکات و بە پێچەوانەی بانگەشەکانیەوە ئازادی مرۆڤ کۆت و بەند دەکات، ئەو بیرکردنەوەیەی، کە ئەنۆمی بنەمای لێ سەندنەوەی ئازادیە، لە بیرکردنەوەی بنەڕەتخوازانەی سروشتی مرۆڤەکان وەرگیراوە، بە بێ دیاریکردنی پێوەرەکان، مرۆڤەکان ئاژەڵی نامەدەنی و کۆیلەی ئارەزووەکان و شەهوەتی خۆیانن، تاك پێویستە پەیڕەوی کۆمەڵگەکەی خۆی بکات. "تاك یان دەبێت پەیڕەوی پێوەرەکان بکات یاخود وەك لادەرێکی بیمار خۆی بناسێنێ. کێشە و گرفتەکانی جیهانی نوێ لای دۆرکایم بریتییە لە: لەدەستدانی ڕێکخستنی ئەخلاقی، ئارەزوو و خواستی بێ سنور، هەستی مایەپوچی، لەدەستدانی واتای ژیان، لەدەستدانی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتی، تاکایەتی لەڕادەبەدەر، ململانێی چینایەتی"[2].

---

[1]. دیفید انغلیز، جون هیوسون، مدخل الی سوسیولوجیا الثقافة، ترجمة: لما نصیر، المرکز العربي للأبحاث و دراسة السیاسات، بیروت، ٢٠١٣، ص٥٣.

[2]. حمید رضا جلائی پور، جمال محمدی، نظریەهای متأخر جامعەشناسی، نشرنی، تهران، ١٣٨٧، ص ٤٨.

به بڕوای دۆرکایم دروستبوونی ئەو گرفتانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، لە ئەنجامی نەپاراستن و لادان لە سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دواجار مرۆڤ ناتوانێت پارێزگاری لەبەها و پێوەرەکانی ژیانی خۆی بکات، پاشان مرۆڤ نهێنیەکانی ژیانی خۆی لەدەست دەدات، لە بوونەوەرێکی پڕ لە ڕاز و نهێنیەوە دەبێتە بوونەوەرێکی سادەگەرا، کە خاوەنی هیچ جۆرە نهێنی و ڕازێك نییە، واتە خاڵی دەبێتەوە لەهەست و نەستە ناوەکیەکانی و بەئاسانی دەتوانرێت دیوە شاراوەکانی ئاشکرا بکرێت. نوێگەری لەگەڵ هەوڵی بەعەقڵانیکردنی جیهان، تا سنورێکی نادیار واتا و ناوەڕۆکی پیرۆزی(مقدس)ی لەناوبرد، سەرەولێژبوونەوەی بەهاکان و بەکارهێنان و چۆنیەتی ئامرازەکان، جیهانی لە ئەفسون و ڕازەکان خاڵی کردەوە، ئەمڕۆ مرۆڤ شاهیدی نەوەیەکە، کە لە ژیان و ئەزموونی ڕۆژانەی خۆیدا بەشێوەیەك دەژی، کە ماکس ڤیبەر ئەوان بە(ئەفسون زەدەیی)لەجیهاندا ناودەبات. "لەگەڵ بوونی ئەمەدا نوێگەری، بە بەڵگەی دەسەڵاتی بەسەر سروشتدا مانا و درککردنی خۆی بەسەر واتا و شوێندا سەپاندووە، دانیاڵ بێڵ لەو باوەڕەدایە بابەتی سەرەکی نوێگەری، جۆرێك لە قەیران دەخولقێنێت لە دیدگای مەعنەویدا، بنەما کولتووریەکانی ئێمەی مرۆڤ بە فەرامۆشی دەسپێرێت و بنەمای نوێ دەخولقێنێت، کە زۆر فریودەرن"[١].

نوێگەری گۆڕانی جۆرایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا بەدیهێنا، کە زۆربەی ئەوانەی گرنگی بەم بوارە دەدەن پێیانوایە نوێگەری بۆتە هۆی جوڵاندنی هەستە دوانەییەکان، بۆنمونە "وەکو(ئومێد/نائومێدی، خرۆشان/سەرگەرمی)، گیدنز ئەم بابەتانە پەسەند دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەم گرفت و کێشە باوانەی پرۆسەی نوێگەری، چەند بابەتێکی گرنگتر دەخاتەڕوو، ئەو لەبەرانبەر خودخودەی سەرکێشی و زیادەڕەوی دەربارەی نامۆبوون یان ملکەچ بوون لە بەرانبەر نائومێدیەکاندا هەڵوێستە دەکات"[٢].

وێڕای ئەو پێشهاتانەی، کە لە سەرەوە باسیان لێوە کرا، ژیان لەکۆمەڵگەی نوێدا بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی نەریتییەوە، کە تاك تێیدا کۆنترۆڵی بارودۆخی ژیانی خۆی زۆرتر لەژێر دەستی خۆیدایە، بەڵام لەکۆمەڵگەی نوێدا ئەم کۆنترۆڵە لە دەستی هۆکار و پێشهاتە دەرەکییەکاندایە، مارکس بەتایبەت چەمکی لە خۆنامۆبوونی بە ناونیشانی خاڵی بنەڕەتی

---

[١]. استوارت ام. هوور، نات لاندبای، بازاندیشی درباره رسانه، دین و فرهنگ، ترجمه: مسعود آریایی نیا، چاپ دوم، انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٥، ص ١٣٨.

[٢]. راب استونز، متفکران بزرگ جامعه‌شناسی، ترجمه: مهرداد میر دامادی، چاپ هشتم، نشر مرکز، تهران، ١٣٩٢، ص٤٣١.

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە دەستپێکرد، لەسەر بنەمای بەڵگەکانی ئەو "هاوشانی پێگەیشتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەتایبەتی لە سەردەمی سەرمایەداریدا، تاك کۆنترۆڵی بارودۆخی ژیانی خۆی ڕادەستی کاریگەری هێزی ماشێن و بازاڕەکان دەکات"[1]. ئەمەش ئەو ئاماژەیە داخاتە بەرچاو، کە مرۆڤ بۆ ڕزگاربوون لە هەژاری و بەدەستهێنانی سەرمایە، هەروەها بەهۆی ئاوێتەبوونی لەگەڵ بازاڕ و چوونە نێو کێبڕکێ و ململانێی بەدەستهێنانی سەرمایەوە، جگە لەوەی توشی نائومێدی و لەخۆنامۆبون دەبێت، ئەوا ئەخلاقیات و ویژدانیشی توشی نامۆبوون دەبێت، پێوەرەکان پەرت پەرت دەبن، مرۆڤ لەبەردەم ئەم پەرت پەرت بوونەدا ئەستەمە بتوانێت پێوەرێك بونیاد بنێت، کە وەکو پرەنسیپ و بەهای بالاّ چاوی لێ بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی لادان لە بەها مرۆیی و کولتووریەکان، بەمەش مرۆڤێکی بەناوخۆداچو و گۆشەگیر و دابڕاو لەکۆمەڵگە بەرهەمدێت.

لە دیدگەی (هێربێرت مارکۆزە)وە "کۆمەڵگەی خەرجخواز و خۆشگوزەرانی هاوچەرخ بە بەدەستهێنانی پێویستی و ئارەزووەوە درۆیینەکان دروست دەبێت، تاك دادەبڕێت لە ڕەخنەگرتن و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، کەشێکی تۆتالیتێر لە لایەنی بیرکردنەوە و بەهاکاندا دروستدەکات، بەم شێوەیە بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاك ڕەهەندانە دروست دەبێت. یەکێك لەهۆکانی دروستبوونی ڕەفتاری تاك ڕەهەندانە پەیوەندی گشتی و پیشەسازی سەرگەرمکردن و کات بەفیڕۆدان و پەروەردە و فێرکردنێکە، کە ئەخلاقیات و بیرکردنەوەی تاك لەنێو دەبات"[2]. تەنیا کەوتنی مرۆڤ لە دونیای نوێدا، یەکێکە لە سیما باوەکانی جیهانی ئێستا، هیچ کاتێك مرۆڤ هێندەی ئێستا لە تەنیاییەکی قوڵدا نەژیاوە، لەگەڵ زۆربوونی ڕێژەی مرۆڤەکاندا لە ڕووی ژمارەوە، بەلاّم مرۆڤ زیاتر تەنیا بووە، زیاتر لە هەر کاتێك مرۆڤ لەگەڵ بەستەڵەکە ئەستوورەکانی ناوەوەی خۆیدا ڕووبەڕووە، تێکشکاندنی ئەو بەستەڵەکانە تەنها ڕێگەی ڕزگارییە لەدۆخی هیچگەرایی و بێ پێوەریەکانی.

دنیای سەرمایەداری سەرەڕای دروستکردنی مرۆڤێکی پارەویست(پولەکی)، کە تاکە خەمی بەدەستهێنانی سەرمایە و گەڕانە بەدوای کەیفسازی و خەرجخوازیدا لەخەمی بەها و پێوەرە بالاّکاندا نییە. بەشێکی زۆری ئەم گرفتانەش، کە توشی مرۆڤی ئەمڕۆ بووە لەژێر زەبری هەلومەرجی ماددی و قورسیی بەدەستهێنانی خۆراك و بەڕێکردنی ژیانێکی ڕۆژانەی سادەدایە،

---

[1]. أنتونی گیدنز، نفس مصدر، ص ٢٤٨.

[2]. هربرت مارکوز، انسان تك ساحتی، ترجمه: محسن مؤیدی، چاپ ششم، مؤسسه انتشارات أمیر کبیر، تهران، ١٣٩١، ص٦٧.

که زۆرجار داهێنانه خێرا و زۆر و زەوەندەکانی نوێگەری لێی بەرپرسە. "یەکێك لەئالۆزترین لایەنەکانی پۆست مۆدێرنیزم، تێپەڕبونیەتی بەدەروازەی پوچگەرایدا، پوچگەرایی لە ڕۆشنترین شێوەیدا لە نوسینەکانی نیچەدا دەرکەوت، کە مەرگی خودای ڕاگەیاند، ئەمەش پەیوەندیەکی ئاسایی و چڕوپڕی نێوان شتەکان و مرۆڤەکانی بۆ ئاستێکی عەقلانی واها دابەزاند، کە ئەوەی تێیدا مایەوە جیهانێکی بێ ئامانج و بێ ناوەند و بێ بنەما و نائومێد، ئەمەیە هیچگەرای کە بەم گوزارشتە هیچ شتێك تێیدا واتادار نییە"[١].

لە جیهانی ئەمڕۆدا کاریگەری پێگەی نوێگەری و جیهانبینی مرۆڤ وەکو تاکێکی عەقلانی و خۆبەڕێوەبەر، کە ئیرادەیەکی ئازادی هەیە بەشێوەیەکی تەواو بەرچاو دەکەوێت، مرۆڤی نوێی سەدەی بیستویەك، بنەمایەکی تاکگەرایانەی هەیە، خۆویست و خۆژێن، لە هەوڵدایە بۆ بەدەستهێنانی هێز و سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی زۆرتر، ئەو لە بیرکردنەوە لە تێگەیشتنی مەعنەوی ژیان وەستاوە، ژیانی لەنێوان مەبەستەکانی و ئامانجەکانیدا دابەش بووە، بۆ بەدەستهێنانیان پێویستی بەخێرایی و کارامەیی زیاترە. ماك ئینتایەر لە توێژینەوەیەکی گرنگدا سەبارەت بە سەردەمی ئێستا و نوێ، دەنوسێت: "نوێگەری ژیانی مرۆڤ بۆ چەند شتێکی جیاواز و جۆراوجۆر دابەشدەکات، کە هەر بەشێك بەها و ڕەفتاری تایبەت بەخۆی هەیە، لەئەنجامدا، کار لە کاتی دەست بەتاڵی جیادەکاتەوە، ژیانی تایبەتی لەژیانی گشتی و ژیانی ئیداری لە ژیانی تاکایەتی جیادەکاتەوە، بەم شێوەیە ژیانی منداڵی و پیری لە تەواوی سەردەمەکانی تری ژیانی مرۆڤ پارچە پارچە و جیادەکاتەوە، ئەم جیاکاریەش بەو ئەنجامە دەگات، کە سنورەکان و قەڵەمڕەویەکانی هەریەکەیان ڕۆڵی بنەڕەتی لە شێوەی بیرکردنەوە و دەربڕینی هەستەکانیدا دەبینێ"[٢].

بەبڕوای من وەك توێژەر ئەو جیهانەی ئێستا تێیدا دەژین، جیهانێکی توندوتۆڵ و پێکەوە بەستراو نیە لە ڕووی پێکهاتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانەوە، گورج و گۆڵی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەکی زۆر لەدەستداوە، پەیوەندیەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان بێ نرخ و بێ سەنگن، شێواویەك لە پەیوەندی و پێوەرەکاندا دەبینین، هەروەکو زیگمۆند باومان لە کتێبی (خۆشەویستی شل)دا ناوی دەنێت، (ڕۆژگاری مۆدێرنی شل)، کە باس لەو بۆشایی و کەلێنە گەورانە دەکات، کە کەوتونەتە نێو پەیوەندیە مرۆییەکانەوە، کە جگە لە هەندێك پەیوەندی سادە و ساکار و هەندێك پەیوەندی لە جۆری پەیوەندی بەرژەوەندخوازانە و پەیوەندی جنسی، هیچ

---

[١]. رامین جهانبگلو، موج چهارم، چاپ ششم، نشر نی ، تهران ، ١٣٨٨، ص ٦٧.

[٢]. ڕامین جهانبگلو، هەمان سەرچاوە، ص ٣١٠ .

شتێکی تر مرۆڤەکان لە نێو چوارچێوەیەکی پەیوەندی مرۆییانە و بەهای بالأدا کۆناکاتەوە، کە ئەو ناوی دەنێت (پەیوەندیە زوو تێپەڕەکان)، باومان پێیوایە، کە "مرۆڤی نوێگەری شل ئارەزووی هیچ نرخ پێدانێکی نییە، ئارەزووی بەرهەم هێنانی کات و قوربانیدانی لە پێناو بەدەستهێنانی خەسڵەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نییە"[١]. سەرەڕای ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی گۆڕانێکی جۆرایەتی کاریگەر ڕوویداوە لە شێواز و فۆڕم و پێکهاتەی بونیادە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان، کە بە بڕوای باومان، (کۆمەڵگە) وەکو بونیادێکی ڕیشەیی، گۆڕاوە بۆ (کۆبوونەوەی مرۆڤەکان)، کە تێیدا ئەم مرۆڤە لە(ڕوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان)ەوە دەگۆڕێت بۆ (ناڕوونی بەریەکەوتنە تێپەڕەکان).

بە ئاشکرا ئەم بۆچوونانە بەسەر ژیان لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڕوونی دەردەکەوێت لە ڕۆژگاری نوێدا لە ژێر کاریگەری هاتنە کایەی ئەو مۆدێل و شێوە نوێیانەی تەکنەلۆژیا و خواستە بێ سنورەکانی مرۆڤی نوێ، پەیوەندیەکان و هەستە مرۆییە قوڵەکان گۆڕانی بەچاویان بەسەردا هاتووە. پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە دۆخی بەتەنگەوەهاتن و هاریکاری بەردەوامەوە گۆڕاوە بۆ پەیوەندی زوو تێپەڕ و لاوەکی، بەواتایەکی تر پەیوەندیە گەرمەکان پاشەکشەیان کردووە و پەیوەندیە ساردەکان شوێنیان گرتۆتەوە، سەردانەکان گۆڕاون بە پەیوەندی کردن لە ڕێگەی تەلەفون و مۆبایلەوە. ئەمەش ئەو دۆخە نەخوازراوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتی لە شارەکاندا بە شێوەی خۆیان زۆر بە ڕەشبینیەوە گوزارشتی لێدەکەن، وەك جۆرێك لە گۆڕان لە پەیوەندیەکانیاندا بە بەراورد بە سەردەمانی پێشتر و ئەو بەتەنگەوەهاتنە زۆر و ئەو گرنگی پێدانانەی کە تاکەکانی یەك کۆمەڵگە بۆیەکتریان هەبووە، ئەگەر زۆر بەسادەی چەند کەسێك بدوێنین بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە ئێمە لە سەردەمی پوکانەوەی پەیوەندیە گەرمەکاندا دەژین. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەگەڵ هۆشیاربوونی مرۆڤی ئەمڕۆ بەو دۆخەی کە تێکەوتووە و ئەو ئاستەنگە گەورانەی کە هاتۆتە بەردەم شێوازی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت خۆی ببوێرێت لە کاریگەربوون بەو گۆڕانە ماددیانە، چونکە کەرەستەکانی خۆپارێزی لاوازترن لە کەرەستەی گۆڕانکارییەکان، لەبەرئەوەی نوێگەری کەرەستەی بەهێزی هەیە، کە پشت ئەستوورە بە جۆرێك لە فریودان و لە خشتەبردنی هەستەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی داهێنراوە نوێکانیەوە، بە شێوەیەك مرۆڤ ناچار بە ملدان دەکات لەبەردەم پڕۆژە و دەرهاویشتە بێ سنورەکانیدا.

---

[١]. زيجمونت باومان، الحب السائل عن هشاشة الروابط الانسانية، ترجمة: حجاج أبو جبر، الطبعة لأولى، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، ٢٠١٦، ص ١٦ .

## بەشی سێیەم

## گۆڕانە کولتووریەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا

### باسی یەکەم: نوێگەری و مۆدە کۆمەلأیەتییەکان

#### یەکەم: تیۆرایزەکردنی مۆد

#### دووەم: مۆد و کۆمەڵگە

### باسی دووەم: مۆد و گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا

#### یەکەم: مۆد و چینی کۆمەلأیەتی

#### دووەم: مۆد و گۆڕانی شێوازی ژیان

### باسی سێیەم: نوێگەری و موزیك

#### یەکەم: موزیك و کولتوور

#### دووەم: موزیکی جەماوەری

### باسی چوارەم: گۆڕانەکان لە موزیکی کوردیدا

#### یەکەم: موزیکی کوردی و ڕەسەنایەتی

#### دووەم: موزیك و تەکنەلۆژیای نوێ

#### سێیەم: موزیکی کوردی وەك کالأ

# بەشی سێیەم

## گۆڕانە کولتووریەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا

## باسی یەکەم: نوێگەری و مۆدە کۆمەڵایەتییەکان

### یەکەم:  تیۆرایزەکردنی مۆد

ئەگەرچی کارڵ مارکس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی لە مۆد نەکردووە، "بەلاّم پاڵنەری ماددی و ئابووری بەهۆکاری دیاریکردنی شێوازی ژیانی تاك و ڕەفتارەکانی دەزانێت"[1]. ئەگەر مارکس مۆد( Mode ) بە بەشێك لە شێوازی ژیان بزانێت، ئەوا ماکس ڤیبەر بەپێچەوانەی (مارکس)ەوە شێوازی ژیان زۆرتر لەوەی بە (بەرهەم)ەوە ببەستێتەوە، ئەو بەشێوەی خەرجی(مصرف) دەزانێت. "بەتێڕوانینی ڤیبەر خەرجی پرۆسەیەکە، کە کردارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە جیاوازەکان دەردەخات و نیشاندەری جیاوازی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکانە"[2]. مۆدەکان هەروەك چۆن یەك شوێن و یەك کاتی دیاریکرا و یەك نیشتمانی دیاریکراویان نییە، بەهەمان شێوە یەك سەرچاوە و یەك پاڵنەر و هۆکاریشیان نییە بۆ دەرکەوتن و بلاّوبوونەوەیان، بەئەندازەی ژمارەی شوێن و نیشیتمانی مۆدەکان سەرچاوە و ڕێگەی دروستبوون و بلاّوبوونەوەیان هەیە. واتە کەرەستەی جیاجیا و هێز و توانایی جیاوازیش لە پشتی دروستبوونی مۆدەکانەوە وەستاون .

بەلاّم بە بڕوای تیۆرسازانی تر نابێت ئەم دوو لایەنەی مۆد دژبەیەك و لێك جودا بزانین، بەڵکو دەبێت ئەوانە هاوپەیوەند بکەین چونکە، فلۆگل پێیوایە، کە (ئاڵۆزی مۆد) لەوەدایە، کە مۆد یەك جوڵەی نیە، بەڵکو دوو جوڵەیە. **یەکەمیان** ئەوەیە، کە تاکەکانی چینی خوارەوە هەوڵ دەدەن خۆیان وەك تاکەکانی چینی بالاّ بەدەربخەن، **دووەمیان** ئەوەیە تاکەکانی چینی بالاّ هەوڵ دەدەن، کە ئەوەی ڕابردوو تێپەڕێنن و نەهێڵن چینی خوارەوە پێیان بگەنەوە[3] .

جیمز سامویل کوڵمەن چەمکی مۆد بە یەکێك لە شێوەکانی ڕەفتاری کۆیی و هاوواتای (ئارەزوو)دەزانێت،"ئارەزووەکان بەدرێژای کات نموونەیەکی تایبەتبوون، دەرکەوتوون و بە

---

[1]. جورج رتزر، نظریه جامعه‌شناسی دوران معاصر، ترجمه: محسن ثلاثی، چاپ ششم، انتشارات علمی، تهران، ١٣٧٣، ص٥٥.

[2]. محمد فاضلی، مصرف وسبك زندگی، انتشارات صبح صادق، قم، ١٣٨٢، ص٢٧.

[3]. ژان استوتزال، روانشناسی اجتماعی، ترجمه: علی محمد کاروان، چاپ پنجم ، تهران، ١٣٧١، ص ٢٤٥ .

هێواشی دەستیان بەپێگەیشتن کردووە، هەندێك جار بەهێزبوون و بە لوتکە گەیشتوون، بەڵام سەرەنجام بەرەو لاوازی ڕۆیشتوون و پوکاونەتەوە. هەندێك لە(ئارەزوو یان مۆد)ەکان جێگەی مۆدی پێش خۆیان گرتۆتەوە، هەموو مۆدێك بە نۆبەتی خۆی جێگەی بۆ مۆدی دوای خۆی چۆڵ کردووە. لەواقیعدا تاك شێوازی پۆشینی خۆی بەجۆرێك هەڵدەبژێرێت لەگەڵ خواست و ئارەزووی ئەوانی تردا بگونجێت، واتە جۆرە جلوبەرگێك دەپۆشێ، کە ئەوانی تر پەسەندی بکەن. هەندێك جاریش جل و بەرگ دەبێتە هۆی سەرنجدان و دوورکەوتنەوەی ئەوانی تر، تا ئەو شوێنەی هەندێك لە تاکەکان داب و نەریتەکان بەشوێنی گاڵتەجاڕی دەزانن[١]. بەستنەوەی مۆد بەئارەزووەکانەوە لای کۆڵمەن دەروازەیەکی گرنك و بەجێیە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پەیوەندی خواست و ئارەزووەکان لەگەڵ داهێنان و هاتنەکایەی مۆدی نوێ لەکۆمەڵگەدا. بە واتایەکی تر ئارەزووەکان پاڵنەرێکی گرنگی لە دایکبوونی مۆدی نوێن لەکۆمەڵگەدا، کە پێویستی و حەزی مرۆڤەکان دەبنە سەرچاوەیەکی تری دروستبوونی مۆدەکان.

کاتزور لازرسفێڵد چەمکی (ڕابەرانی مۆد) بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنێت، کە دەیانەوێت یەکەم کەسبن، کە مۆدی نوێ دەپۆشن و بەکاردەهێنن، ئەم ڕابەرانە پەیڕەوانێکیان هەیە، کە کارەکانیان بۆ تەواو دەکەن، بۆ ئارەزووکردنی مۆدی نوێ سود لەڕاگەیاندی گشتی وەردەگرن. "بەم شێوەیە دەتوانین لەپرسی مۆددا هێڵێك دروست بکەین، لەسەری یەکەمی هێڵەکەدا ڕابەرانی مۆد هەیە و سەرێکی تری ڕاگەیاندنی گشتی(فەیسبووك و ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی) هەیە سەری سێیەمیش پەیڕوانی ڕابەرانی مۆد هەیە[٢].

**ڕابەرانی مۆد__________ ڕاگەیاندنی گشتی ________ پەیڕەوانی ڕابەرانی مۆد**

ئەوەی لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێت ئەوەیە، کە ڕابەرانی مۆد ئەوانەن پێشەنگن و ڕابەر و ڕچەشکێنن لەشکاندنی نەریتەکان، یەکەمین کەسانێکن کە مۆدێل و شێوازی ژیانی نوێ تاقیدەکەنەوە، کە پێشتر دەستی بۆ نەبراوە و تاقی نەکراوەتەوە، ئەمانە وەك کەسانێك لەکۆمەڵگەدا سەرکێشی دەکەن، بە مەبەستی گەیاندی پەیام بۆ بەرانبەر و ڕکابەرەکانیان، جا ئەمە چ داهێنان و پەیڕەوی نەریتی نوێ و یاخود شێوازی ژیانی نوێ و پۆشینی جل و بەرگ و شێوازی قژبڕین بێت، کە ئەمانە بەهۆی ڕاگەیانی گشتی وەکو ئینتەرنێت و سەتەلایت و تۆڕەکۆمەلایەتی و سەنتەرەکانی جوانکاری و نمایشگەی جل و بەرگ دەچنە ناو کۆمەڵگە و بە

---

[١]. جیمز کولمن، بنیاد نظریه اجتماعی، ترجمه: منوچهر صبوری، نشر نی، تهران، ١٣٧٧، ص ٣٥١ .

[٢]. جیمز کولمن، نفس مصدر، ص٣٥٣.

یارمەتی ئەم ڕاگەیاندانە دەناسێندرێن بە پەیڕەوانی مۆد، کە لاسایی و تقلیدی ڕابەرەکانیان دەکەنەوە، وەکو نمونەی باڵای خۆیان چاویان لێدەکەن. بەڵام لە دیدگەی (کرۆبر)دا مۆد گوزارشتە لە جیاوازی و گۆڕان "ئەمەش گۆڕانێکی تایبەتە، ئەگەرچی لە کاتێکدا زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کاریگەری پێگەیشتنی ناوەکی و هۆکاری دەرەکی گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام مۆد بەبێ هۆکار لە واقیعدا بنەمایەکە بۆ گۆڕانکاری[1]. بنەماترین پەیام و نیشانەکانی مۆد دروستکردن و بەدیهێنانی گۆڕانکاریە لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوی تاکەکان و کۆمەڵگەدا. گۆڕانەکانیش گوزارشتن لەجوڵە و زیندویەتی ئەو کۆمەڵگەیە، مۆدەکان چەندە کار لەسەر گۆڕانی ڕوخساری کۆمەڵگە دەکەن ئەوەندەش کاریگەری لەسەر گۆڕانی ناوەکی دەکەن.

تۆرستن ڤبلن دیاردەی مۆد بەیارمەتی ئەنگێزەی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری چاودێری کار و جیاوازی چینایەتی و ململانێ تەبەنی دەکات، لەتێروانینی ئەودا مۆد تایبەتە بەچینی باڵای کۆمەڵگە، کە بۆ بەدەستهێنانی پێویستیان بەکارکردن نیە. "وەختێك مۆد لەسەر ئاستی کۆمەڵگە گەشە دەکات، چینی ناوەند و خوارەوە لاسایی دەکەنەوە، چینی باڵاش بۆ پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان شێوەی تازەتر لە مۆدەکان بەکاردەهێنن. (مۆدێلی ڕۆژ) پێوەرێکە، کە چینی باڵا بە بەهێزکردنی پێگەی خۆیانی دەزانن[2]. بەم واتایە مۆدەکان هێمان بۆ مانەوەی تاکەکەس لە نێو پێگە کۆمەڵایەتی و کەسیەکانی خۆی، پاراستنی هێزی پێگەی خۆی لە نێو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا. ئەویش بەمانەوە لە نێو مۆدێلە نوێکانی ڕۆژدا و پەیڕەویکردن و بەکارهێنانی بەردەوامی مۆدی نوێ.

جۆرج زیمل لە وتارێکدا بەناوی (مۆد) لەساڵی ١٩٠٤، هۆکارە جۆراوجۆرەکانی مۆد چ پەیوەندی بە جلوبەرگ، چێشتلێنان، هونەر، تەلارسازی، موزیکەوە هەبێت یان بەشتانی دی لەناو کولتووری مۆدێرندا دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردن. بەپێی بۆچوونی زیمل "ڕۆژگاری مۆدێرن(سەردەمێکی توند)ترە، چونکە بەپێچەوانەی ڕابردووەوە چەشنە هەڵبژاردنێکی جۆراوجۆر بۆ بەدخەرجی (مەسرەفگەرایی) دەخاتەڕوو، کە شیمانەی ئەوە بەتاکەکان دەدات، کە خۆیان لە ئەوانیدی جیابکەنەوە، بە واتایەکی تر خەڵکی بە مۆدەی تازە و جیاواز بە ئاهەنگێکی خێراتر کێش(جەزب) دەبن. چونکە دەیانەوێت فۆڕم(شکل) بەشوناسی جیاوازی تاکەکەسییان

[1]. مریم رفت جاه، المصدر سابق، ص١٥٠.
[2]. محمد فاضلی، المصدر سابق، ص ٢٢.

بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا مۆد تەنها هەڵبژاردنی تاکەکەسەکان نییە، لە ڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنانە دابەشکردنی چینایەتی و جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخەن[1].

زیمیل بڕوای وایە، کە خودی(مۆد)چەمکێکە تازە پەیدابووە، چەمکێکە بەدوای گەشەی شێوە و شێوازەکاندا هەنگاو دەنێت لەگەڵ بزوتنی چینی کۆمەڵایەتی. بەم واتایە لەگەڵ گرنگیدان بەدۆزینەوەی جوڵەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی چینێك لە خەڵك بەو ئارەزوانەی، کە هەیەتی لەگەڵ لاسایی کردنەوەی شێوەکانی ڕەفتار و ئارەزو و سەلیقەی ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتی باڵاتر بەشێوەیەك، کە لەئەوان بچن، تا ڕۆژێك بتوانن هەمان هێزی ئەوانیان هەبێت، کەواتە بە بڕوای زیمل کە لەم لایەنەوە هاوڕای (ڤبلن)ە، مۆد دیاردەیەکی چینایەتییە[2]. بە بڕوای زیمل مۆد هەم ئارەزووی هاوڕەنگی لەگەڵ ئەوانی تردا دەردەخات، هەم ئارەزووی جیاوازی و جودایی لەگەڵ ئەوانی تردا نیشان دەدات، واتە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دولایەنەی هەیە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە. "تاك بەپەیڕەویکردن لە مۆد هەم خۆی بەجیاواز و دەرکەوتوو دەبینێت و هەم دڵنیایی ئەوەش بەدەست دەهێنێت کە زۆرینە لەڕەفتارەکانیدا چاوی لێدەکەن. لەسەر ئەم بنەمایە مۆد دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەسیستەمی سەرمایەداری و مۆدێرنەی ڕۆژئاوایە، کە لەلایەك هەڵدەستێ بەئارەزووی هاوڕەنگی و لە لایەکی تر هەڵدەستێ بە ئارەزووی جیاوازبوون لەگەڵ ئەوانی تردا"[3].

بنەما کۆمەڵایەتییەکانی وەکو مۆد دەتوانێت ڕێکەوتنێك لە نێوان ئارەزووی وەستان و ئارەزووی گۆڕاندا ڕێکبخات، "مۆد ڕێگە بەتاك یان کەسێك دەدات، کە خۆی وەکو ئەوانی تر لێبکات و وەکو ئەوانی تربێت یاخود خۆی لە ئەوانی تر جیا بکاتەوە، ئەگەر مۆد نەتوانێت خواستی وەك یەك بوون لەگەڵ ئەوانی تر یان جیاوازبوون لەگەڵ ئەوانی تر بۆ تاك بڕەخسێنێ، ئەوا ئەو مۆدە هێواش هێواش لەناو دەچێ. لەکۆمەڵگەیەکدا یاخود لەناو چینێکی کۆمەڵایەتیدا،

---

[1]. پیتەر کریستۆ، مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە، وەرگێڕانی: شۆڕش جوانڕۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٣٧-٣٨.

[2]. ریمون بودن، مطالعاتی در آثار جامعەشناسان کلاسیك، ترجمە: باقر پرهام، جلد دوم، چاپ دوم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٣، ص٢٠٠.

[3]. ژان استوتزال، روانشناسی اجتماعی، ترجمە: علی محمد کاروان، چاپ پنجم، تهران، ١٣٧١، ص٣٥٠.

که جیاوازیەکی کەمی تێدا بێت، مۆدەکان لەسەرخۆ دەگۆڕێن، لەکۆمەڵگەی نوێدا ترسی لە دەستدانی تاکایەتی خۆی هەیە، مۆد گرنگی زۆرتری هەیە"[١].

مۆدە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندی ڕاستەوخۆ و نەپساویان هەیە بە ژیانی تاك و کۆمەڵگەوە، ئاستی ئەم پەیوەندیە دەگۆڕێت لە کات و شوێندا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، هەروەها بە پێی گۆڕانە ماددیەکانیش لە سەر بنەمای خواست و ئارەزوەکانیش دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی ناگۆڕێت، ئەوەیە کە هەمیشە لە نێو کۆمەڵگەدا خۆی نمایش دەکات. واتە بە بێ بوونی گروپ و کۆمەڵگە و تاکەکانی ناوی مۆدەکان ناتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن یاخود خۆیان نوێ بکەوە.

## دووەم: مۆد و کۆمەڵگە

مۆد، وشەیەکی فەڕەنسییە بە واتای شێواز و دۆخ دێت، مەبەست لێی شێوازی ژیان، جل پۆشین، ڕێکخستنی ڕەفتاری هەندێك تاکی کۆمەڵگەیە. لە زانستی کۆمەڵناسیدا بە ڕەفتاری کۆمەڵێکی تازە دەرکەوتوو کە هێشتا بەتەواوەتی لەکۆمەڵگەدا نەچەسپیون دەناسرێت، بەڵام بەشێکی زۆر لەتاکەکانی کۆمەڵگەیان خستۆتە ژێرکاریگەری خۆیانەوە، ئەمەش پێیدەڵێن مۆدی کۆمەڵایەتی( social fashion ). مۆد و مۆدسازی دیاردەیەکە تایبەت نیە بەکولتوور و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، لە دنیای ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی گشتی بەربڵاوە، مۆد لە دەرکەوتەکانی نوێگەرییە، لەواقیعدا نوێگەری هۆکاری ئاڵوگۆڕ و گۆڕانە خێراکانە لەمۆدەکاندا، ئەوە نوێگەرییە، کە خێرایی و جۆراوجۆری لەگەڵ خۆیدا بەدیاری دەهێنێت.

لەسەر بنەمای تیۆرییەکەی جۆرج زیمل، مۆد هەمان گۆڕانکاری ناڕاستەوخۆی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کولتووریە، کە بنەمایەکی بنەڕەتیە و لەبارودۆخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، هەندێك مەیلیان لێیەتی و هەندێك لاسایی دەکەنەوە و هەندێك هۆگری دەبن و هەندێکیش ڕەتی دەکەنەوە، ئەمەش جیاوازی دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا گەڕان و گۆڕانی بەردەوامی مۆد بە هەردوو لایەنی دژ بەیەك پەیوەستە. "مۆد، یەکێکە لەڕێگە جیاوەزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کە تاك بەیارمەتی ئەو مۆدانە دەیەوێت لەچالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداربێت، هاوشان لەپاڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگەدا بەرەو ژیانێکی کۆمەڵایەتی نوێ هەنگاو بنێ. دیاردەی مۆد تەنها لەجل پۆشیندا نیە، بەڵکو شێوازی دانیشتن و قسەکردن و بەرێگەدا

---

[١]. یان کرایب، نظریەی اجتماعی کلاسیك، ترجمە: شهناز مسمی پرست، چاپ سوم، مؤسسەی انتشار آگاە، تهران، ١٣٨٦، ص ٢٨٧.

رۆیشتن و مۆدێلی قژ و پێداویستیەکانی ناو ماڵ...تاد لەژێر کاریگەری مۆدە دان. بەم مانایە مۆد نزیکیەکی زۆری لەگەڵ چەمکی شێوازی ژیان(Life Style) دا هەیە، کە ئەمەش هاوواتایە لەگەڵ زەوق و ئارەزووی تاکەکان بۆ ئارایشتی قژ و جل و بەرگ و سەرگەرمی و شادی"[1].

"مۆد نمونەیەکی کولتوورە، کە بۆماوەیەکی کورت بەردەوام دەبێت، مۆدەکان پەیوەندیدارن بەشێوازی جل پۆشین و بیناسازی و ئوتومبیل و زۆرێك لە دەرکەوتە کولتووریەکانی تر، مۆد لەکۆمەڵگەیەکی تایبەت و لەکاتێکی دیاریکراودا زۆر دەردەکەوێت و بلاودەبێتەوە و نیشانەی ڕازیبوونی خەڵك دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی گۆڕانی بەسەردادێت ئەو مۆدە ڕەواجی نامێنێت و مۆدێکی نوێ شوێنی دەگرێتەوە"[2]. واتە مەرج نییە مۆدەکان بەردەوام بن و مەودایەکی زەمەنی زۆر و درێژ ببڕن، مۆدەکان زۆرجار لەچرکەساتێکی کەمدا پانتاییەکی زۆر داگیردەکەن و مەودایەکی درێژی شوێن داگیر دەکەن. بەڵام لەگەڵ پوکانەوەیدا مۆدی تر و شێوەی دیکەی مۆد شوێنی دەگرێتەوە. بەڵام مۆدی تر بۆ ماوەیەکی زۆرتر بەردەوام دەبن و جێکەوتی کۆمەڵایەتی زۆر لە کۆمەڵگەدا ناخەنەوە، بەڵکو وەك شێوازێکی باوی ئاسایی تەماشادەکرێن. "یەکێك لەو زمانە سەرەکیانەی جەستەی مرۆڤ قسەی پێدەکات زمانی جل و بەرگە، واتە خۆپۆشینە، لەڕێگەی خۆپۆشینەوە جەستەی مرۆڤ شوناسی خۆی دیاری دەکات، بێگومان شوناسی خۆی لەناو کۆمەڵگە و کولتوور وسەردەمێکی دیاریکراودا"[3].

مۆدو شێوازی ژیان تایبەتمەندێتی میللەت و نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو نیشان دەدات. مۆد دەتوانرێت وەك شوناسێکی تایبەت وێنا بکرێت، جلوبەرگی کوردی و بەستنی دەسرازە و پوزەوانە و کلۆباڵ و کلاش و جامەدانە و مێخەکبەند و پڵپڵە و قاپقاپە و ئەو کەل وپەلانەی ماڵە کوردیەکانی پێدەڕازێنرێتەوە، گوزارشتە لە تایبەتمەندی شێوازی ژیانی کوردەواریانە، کە جیاوازە لە هەموو کولتوورەکانی تری دونیا، کە مۆرك و ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندێتی کولتووری کوردی نیشان دەدات. واتە ئەم شێواز و مۆدێلە دەتوانێت و توانیویەتی شوناس بە کولتووری کوردی ببەخشێت. واتە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی مۆد بەخشینی شوناسی کولتووریە."ڕۆمان نوسی فەڕەنسی بەلزاك دەنوسێت:(ئەو کەسە کاڵفم و

---

[1]. ناهد رودافشان، مد مقاومت در برابر فرهنگی عمومی، ماهنامەی گزارش، شماره ٢٤٧، تهران، ١٣٩٢، ص٢٨.

[2]. دیود داسلر، ویلیام ام.ویلیس، جامعه شناسی برسی تعامل انسانها، ترجمه: مهرداد هوشمند، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٨٨، ص ٤٧٠.

[3]. مەریوان وریا قانع، فیکر و دونیا، بەرگی یەکەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٣٦.

نەزانە کە لەناو مۆدەدا تەنها مۆدە دەبینێت)، ئەم بۆچوونەی بەلزاك لەناو مۆدەدا بۆچونێکی گرنگە. چونکە لەوەمان ئاگادار دەکاتەوە، کە لەپشتی دیاردەی مۆد و مۆدەکاریەوە کۆمەڵێك مانای کۆمەلأیەتی و کولتووری پەنهانن، کە سنوری ئامادەگی مۆدە وەك مۆدە تێدەپەڕێنن"[1].

مۆدەکان تەنها وەکو هێمایێك خۆیان دەردەخەن، بەلأم هەر مۆدێك لە ناوخۆیدا کۆمەڵێك پەیام و مەغزای شاراوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، دەشێت بەباریکدا گوزارشت بێت لە بارودۆخی کۆمەلأیەتی کۆمەڵگە بە مەبەستی ناساندنی بەها کۆمەلأیەتی و ڕەوشتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، بۆ نمونە مۆدەکان  لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ئاستی پۆشینی جل و بەرگی کوردیدا دەرخەری بەها و نەریت و هەستی کوردانەی تاکەکانیەتی، بۆ نیشاندانی ئامادەگی و نرخدانان بۆ کولتوور و ڕەسەنایەتی کولتوورەکەی، سەرەڕای نیشاندانی هەستە نەتەوایەتیەکە، یاخود دەگونجێت  کارکردن بێت لەسەر بنەمای ئابووری و سەرمایەی ماددی کۆمەڵگە بۆ دەرخستنی ئاستی گەشەی ئابووری بازاڕ و سەرمایەی ژینگەیی و گەشەی بواری گەشت و گوزار و خۆشگوزەرانی، یاخود چەندێتی و چۆنیەتی ئامادەگی کۆمەڵگە بۆ گۆڕانکاری، بە پێچەوانەشەوە دەکرێت دۆخی پارێزگارخوازانە و چەقبەستوی کۆمەڵگە لەبەردەم گۆڕانکاریەکاندا بخاتەڕوو.

هەندێك لەو تێڕوانین و ئاڕاستانەی، کە گرنگی بە مۆد کۆمەلأیەتیەکان دەدەن دەکرێن بەدوو بەشەوە.

**یەکەمیان:** هەندێك لەو تیۆرانە مۆد بە خراپ دەزانن. ئەوان مۆد بەئارەزووی کۆمەلأیەتی تاکەکەس دەزانن و بە حەزی بەدخەرجی پێناسەی دەکەن. ئەم گروپە مرۆڤی مۆدخواز بەتاکێکی لاسایکەرەوە و کاریگەر بەڕژێمی سەرمایەداری جیهانی دەزانن، لەم ڕوانگەیەوە مۆد بەبنەمای بیٚ پێوەری و لەخشتەبردنی نەوەی گەنجان و لەناوبردنی کولتووری خۆماڵی و دابونەریت و مەزهەب دەناسێنن .

**دووەمیان:** لایەنگرانی مۆدخوازی پێیانوایە، کە مۆد پێویستی مرۆڤە بۆ جوانی و سەرنج ڕاکێشانی بەرانبەرەکانیان، حەزی نوێخوازی و چێژ وەرگرتن لە جوانی و خۆشیەکان، کە بیٚ هیچ کۆت و بەندێك ئەمە مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەیە. ئەم گروپە مۆدخوازی بە پێشکەوتن و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی تاك دەزانن لەکۆمەڵگەدا، ئەم دیدگایە لەگەڵ خواستە

[1]. مەریوان وریا قانیع، فیکر و دونیا، بەرگی دووەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بلأوکردنەوە، سلێمانی،٢٠١٣، ل٢١٧ .

**سروشتییەکانی مرۆڤدایە، پێیوایە دەبێت ڕێگە لە سەرکوتکردنی مرۆڤ بگیرێت. هەر کۆسپێك لەبەردەم مۆددا بە ڕێگری لەئازادی و ماف و چێژ و شادومانی مرۆڤ دەزانن"[١].**

**بەگشتی مۆد و شێوازی ژیان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان هەیە لەسەر کۆمەڵگە، مۆد لەناو کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، تاکەکانی کۆمەڵگە پەخشکەرەوەی مۆدەکانن، گۆڕانەکان لەکۆمەڵگەدا دروست دەبن، مۆدەکان گۆڕانی گەورە لەنێو کۆمەڵگەکاندا دروست دەکەن و پەیوەندی لەنێو کولتوورە جیاوازەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەسازێنن، مۆد هەڵگری زیاد لەپەیامێکە، کە لە ڕێگەی فۆڕمە جیاجیاکانیەوە دەیگوازێتەوە و بە گوێی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراویدا دەدات، مۆد لەنێو خۆیدا مانا و مەغزای گرنگ و گۆڕانکاری گەورەی هەڵگرتووە، هەموو کۆمەڵگەیەکیش بە پێی ئاستی داخراوی و کراوەیی خۆی، ڕەتکردنەوە و پێشوازی خۆی هەیە بۆ مۆدەکان، گرنگترین شت لێرەدا ئەوەیە، کە مۆدەکان بگونجێنین لەگەڵ شێوازی ژیان و ڕەسەنایەتی کۆمەڵگەدا.**

**ئەمڕۆ لەکۆمەڵگەی کوردیدا ژنان وەك هەوڵێك لە پاڵ هەوڵ و چالاکییەکانی دیکەیان بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی پەراوێزنشینی و پەراوێزخستن بەهۆی کولتووری نێرسالاری و نەریتخوازیەوە، هەروەها وەکو ڕێگەیەك بۆ فەراهەمکردنی دەروازەی ئازادیی و مافەکانیان، لە ڕێگەی مۆدێل و شێوازی نوێی جل پۆشین و ماکیاژەوە دەیانەوێت ڕووبەڕووی کولتووری گشتی ببنەوە و بەرەنگاری بکەن، هاوکات گەنجانیش بەهۆی مۆدێلی نوێی قژبڕین و هەندێك چالاکی نوێی ترەوە دەیانەوێت بچنە ناو دنیایەکی نوێ و گوزارشت لەخواست و ئارەزوەکانیان بکەن، گۆڕان لە کولتووری باوی نەریتخوازانەی کۆمەڵگەکەیاندا بکەن و شوناسێکی جیاواز بەخۆیان ببەخشن. لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دیاردەی مۆد، هاوتای شێوازی ژیانە، تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەڕێگەی خەرجکردن و کڕینەوە دەیانەوێت ژیانێکی نوێ هەڵبژێرن، کە ڕەنگە زۆرجار پشتبەستوو نەبێت بەبیرکردنەوەیەکی ورد و هۆشیاریەکی چەسپاو، بەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوەی کولتووری گشتی و خۆهێشتنەوە لەنێو مۆدێلی ڕۆژدا بەکارێکی شیاوی دەزانن.**

**نوێگەری لەم لایەنەوە کاریگەری زۆری لەسەر ڕەگەزی مێ و ژنان هەبووە لە هاتنە ناوەوەی مۆدێلی نوێی ئارایشت و خۆڕازانەوە و بڵاوبوونەوەی شێوازی نوێی جوانکاری لە ئاستە جوانکاریەکەیدا. لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا لە شاری سلێمانی گرینگیدان بە**

---

١. مریم رفعت جاه، هویت انسانی زن در چالش ارایشت و مد، فصنامه شورای فرهنگی و اجتماعی زنان، شماره ٣٨٥، تهران، ١٣٨٦، ص١٤١-١٤٢.

جوانکاری و کردنەوەی ئارایشتگەکانی خانمان و جوانکاری لە ڕێگەی نەشتەرگەریەوە، یەکێك بووە لە سیما دیارەکانی کرانەوەی خەڵکی ئەم شارە بە ڕووی مۆدێل و شێوازە باوەکانی خۆگۆڕین و خۆنمایشکردن، هەروەها لەم ڕێگەیەوە ژنانی کورد هەوڵیانداوە ئازادیەکانی خۆیان گەشەپێبدەن و هەوڵی کاڵکردنەوەی جیاوازیەکانی ماف و پێگە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیان بدەن. ئەمانەش هەموو دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ئەگەر دەرگایەك لە ژنان و کچان داخرابێت بۆ وەرگرتنی پڕۆسەی نوێگەری و کرانەوە، ئەوا ژنان توانیویانە لەم دەروازەیەوە بچنە ناو دنیای نوێوەوە و دەرکەوتەکانی لە خۆیاندا بەرجەستە بکەن. دۆخی کۆمەڵایەتی و بیری ئازادیخوازانەی ئەم شارەش هۆکارێکی کاریگەر بووە بۆ ئەوەی ژنان ئازادانە تر لە ناوچەکانی تر جل بپۆشن و زیاتر گرنگی بە جوانی و لەش و لار و جەستەیان بدەن. واتە دەتوانرێت بگوترێت تا ئەندازەیەکی زۆر نوێگەری، لە ڕێگەی مۆدەکانیەوە دەروازەیەکی گرنگ بووە بۆ کرانەوەی بیر و هزری ژنان لە شاری سلێمانی.

سەرەڕای هەموو ئەو کرانەوە گرنگ و جێی سەرنجانە، مۆدە کۆمەڵایەتیەکان بیٚ بەش نین لە دروستکردنی جیاوازی لە نێو توێژ و چینە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەدا، مۆدەکان لە دوو دەیەی ڕابردوودا ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە گەورەکردنی جیاوازیەکانی ژیانی ڕۆژانە لەم شارەدا، بە تایبەت ئەو خانەوادە و خێزانانەی، کە تا ئەمڕۆش ڕەگەزە بۆرژوا و ئەرستۆکراتەکەی خۆیان تێدا ماوە و لە زۆر ڕێگەوە هەوڵدەدەن ئەو بنەمایە بپارێزن، یەکێك لەو ڕێگەیانە مۆدە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانن، کە پێی دەناسرسێنەوە، کە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی جیاوازی چینایەتی. ئەمەش ڕێخۆشکەر بووە بۆ دروستبوونی ململانێی چینایەتی و دروستبوونی چینی کۆمەڵایەتی جیاواز.

## باسی دووەم: مۆد و گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا

### یەکەم: مۆد و چینی کۆمەڵایەتی

بە بڕوای ڤبلن لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی نوێ(مۆدێرن)وە سیستەمی سەرمایەداری، خەرجی دەرکەوتوی شتە ئاساییە بەرچاوەکان و نمایشکردنی شتە بەنرخەکان، هۆکارێك بوون، کە مرۆڤەکان لەگەڵیدا هەوڵیان دەدا خۆیان زیاتر دەربخەن و بەهایەکی زیاتر بەخۆیان ببەخشن. "خەرجکردن و هەروەها بەدەستهێنانی کالاًی گران و بەنرخ و مۆدێلی ڕۆژ، بە هۆکاری بەدەستهێنانی پێگە و سود بۆ خاوەن بنەماڵەکان هەژماردەکرێت. لەم سەردەمەدا خەرجی و خۆدەرخستن تایبەت بەچینی بالاًیە، کە لە لوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدان، بەلاًم ئەم نمایشانە ئێستا تەواوی پێکهاتە(بونیاد)ی کۆمەڵایەتی گرتۆتەوە، هەرچینێك تا ئەو شوێنەی دەتوانێ هەوڵدەدات شێوازی چینی بالاً بۆ خۆی فەراهەم بکات. لەئەنجامدا هەر چینێك شێوەی ژیان و ڕەفتاری چینی بالاًتر لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، هەوڵ دەدات تا دەتوانێت ئەو شێوە ژیانە لەخۆیدا بەرجەستە بکات"[1].

لەم ڕووەوە لەکۆمەڵگەیەکدا، کە بەریەکەوتن و ململانێی نێوان توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر بێت. کەسێك، کە جل و بەرگی شیکتر و ئۆتۆمۆبێلی گران بەهاتر و ڕەفتاری خۆسەپێنانەی هەبێت و بەخششی زۆرتر بدات، زۆرتر دەبێتە جێی ڕێزی ئەوانی تر و پێویستیە کۆمەڵایەتییەکانی زووتر دەگەنە جێ. بەهەمان شێوە تاکەکانی چینەکانی خوارەوە و چینی ناوەندی کۆمەڵگە هەوڵ دەدەن، کە هەرچی زووتر هۆشیاربن بەپێوەرە ڕوکەشیەکانی چینی بالاً، هەرچی چینی بالاً بە ڕووکەش دەیکات ئەمانیش لاسایی بکەنەوە، ئەگەرچی دەرامەت و توانای ئەم چینەش وەك ئەوان نەبێت. ئەم پرسە هۆکارێکی بنەڕەتی و پەیوەندیدارە بە مۆدە جۆراوجۆرەکانەوە، کە چینی بالاً بۆ پارێزگاریکردن لەجیاوازی و نمایشی کەسیی (شخص)ی خۆی دایدەهێنێت. بەتایبەتی گەنجان و بەتایبەتی تر کچان و ژنان، کە بەهۆی مەیلیان بۆ نوێگەری و خۆجوانکردن و بەدەستهێنانی پێگە، پەیڕەوی دەکەن.

بەم شێوەیە لەزەمینە کۆمەڵایەتییە مادییەکاندا، بەهاکانی چینی بالاً بەنێو چینەکانی تردا بلاًودەبێتەوە، خەڵك بەپەیڕەوی کوێرانە هەوڵ دەدەن لەڕووی مادییەوە وەك ئەوان بن،

---

[1]. لویس کوزر، زندگی و اندیشەی بزرگانی جامعەشناسی، ترجمە: محسن ثلاثی، چاپ دهم، انتشارات علمی، تهران، ١٣٨٢، ص٣٦٣.

هەروەها چینی باڵاش هەوڵ دەدات بەخێرای چۆنیەتی(مارکە)ی پێوەرەکان و بەهاکانی خۆی بەرزتر بکاتەوە، پێڵاو وجلوبەرگ و کەمەربەندی خۆی بگۆڕێت تا جیاوازی و باڵاتربوونی خۆیان بۆ ئەوانی تر نیشان بدەن"[1].

جیاوازییە چینایەتییەکان وادەکات لاسایکردنەوە و دووبارەکردنەوەی شێوازی چینەکانی ترو چاولێکەری بۆ مۆدێلەکانی ئەوانی تر زۆرتر دەربکەوێت و پەرەبسێنێت، لەکۆمەڵگەدا هەرچینێك دەیەوێت شوناسێکی دیاریکراو بەخۆی ببەخشێت لە ڕێگەی مۆدەکانەوە ئەوەی چینە باڵاکان لەکۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدەن، هەوڵدانە بۆ ئەوەی بەهیچ جۆرێك شێوازی مامەڵەکردن و دەرکەوتنەکانیان لەچینەکانی تر نەچێت، واتە دابڕانێك لەنێوان خۆیان و کەسانی تری سەر بەچینەکانی تر دروستبکەن، تا هەمیشە خۆیان لەسەروی ئەوانی ترەوە بهێڵنەوە و پارێزگاری لەپێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان بکەن، چەکی بەهێزی دەستیشیان بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە مۆدەکانی ڕۆژە لەتازەترین جۆریدا، بەم شێوەیەش چینەکانی تر دەکەونە ململانێیەکی توندەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن ڕووبەری ئەو جیاوازیانە کەم بکەنەوە، کە دروستبووە. بۆ ئەمەش تاکە کەرەستەی بەهێزی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لاسایکردنەوەی هەمان شێوازی پۆشین و مامەڵەکردنی ڕۆژانەیە، کە ئەوانی تر دەیکەن.

ئەو چاوەی کۆمەڵگە پێی دەڕوانێت بۆ هەڵسەنگاندنی پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری تاکەکانی کۆمەڵگە لەدنیای نوێدا چاوێکی تەواو ماددییانەیە. واتە پێوەری تەماشاکردنی تاکێك وەکو ئەوەی، کە سەر بەچ چینێکی کۆمەڵایەتیە یاخود ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری چۆنە لە جل و بەرگ و لە توانا ماددیەکەیدا دەبینێتەوە.

مۆد دەتوانێت ڕۆڵی جیاوازیی چینایەتی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا ببینێت، ئەو جیاوازیانەی لەنێو شێوازی ژیانی خێزانەکان و ئەندامەکانیاندا دەیبینین بەئاشکرا دەردەکەوێت، کە کەلێن و بۆشایی گەورەی لەنێوانیاندا دروستکردووە. هاتنەکایەی مۆدیلی قوتابخانەی تایبەت و نموونەیی و جیاکردنەوەی گەڕەکە میللەکان لەگەڵ گەڕەکی فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکو، مۆدێلی نوێی جل و بەرگ و هۆتێلی پێنج ئەستێرە و دروستکردنی ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی بەناو و ژمارەی کەسێکی دیاریکراو لەبیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا لەکوردستاندا، ئەو جیاوازییانە بەئاشکرا دەخاتەڕوو. لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١وە جیاوازییە چینایەتییەکان سیمایەکی دیاری کۆمەڵگەی کوردی بووە، بەهۆی هاتنە ناوەوەی

[1]. فرامرز رفیع پور، جامعەی روستایی و نیازهای ان، چاپ دووم، شرکت سامی انتشار، تهران، ١٣٧٠، ص١٣.

مۆدێل و ئامێری نوێی خۆشگوزەرانی و بازرگانیکردنی کراوەی بێ چاودێری و هەبوونی هێزێکی زۆری پارە لەدەستی دەستەبژێرێك لەسەرمایەدار لە هەرێمی کوردستان، هەڵئاوسانی قەبارەی ماددی چەندکەسێکی دیاریکرا لەلایەك، هەروەها چینێکی گەورەی کۆمەڵگەش لە ژیانێکی جیاوازدا بژین، کە پانتاییەکی گەورەی لە جیاوازیی خستۆتە نێوانیان لە لایەکی ترەوە، ئەمانە هەمووی هۆکاربوون بۆ دروست بوونی مۆدی نوێ و هاتنەکایەی شێوازی نوێی بەکارهێنانی تازەی شتە مادییە بەرجەستەکان، کە جیاوازی چینایەتی پەرەپێداوە.

لە شاری سلێمانی بەهۆی بوونی هەندێك بنەماڵەی ناوداری شار و هەندێك کەسایەتی، کە پێگەی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری گرنگیان هەبووە، وایکردووە زیاتر ئەوان بە هۆی دەسەلأتە سیاسی و ئابووریە بەهێزەکەیانەوە زووتر لە خەڵکی تری ئاسایی دەستیان بە مۆدێلە نوێکانی جل و بەرگ و ئوتومبیل و پێداویستیەکانی تری ژیانی ڕۆژانە بگات، ئەمەش وای لێکردوون جیاواز دەربکەون لە خەڵکانی تری شار، هەروەها بووەتە هۆی جیاکردنەوەیان و دروستبوونی جیاوازی چینایەتی.

سەرەڕای ئەمانە بەرپرسان و سیاسیەکانی ئەم شارە دوای گەڕانەوەیان لە خەباتی چەکداری بەهۆی شەرعیەتی شۆڕشگێڕیەوە توانیان سود لە پێگەکەیان وەربگرن و هەڵئاوسان لەداهات و پارەکانیاندا دروستبێت و بە ئاسانی دەستیان بە دونیای دەرەوە ڕابگات، لەگەڵ خۆیاندا مۆدێلی باوی ئەو ولأتانە لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ خۆیان بهێنەوە و جیاوازییەکانیان لەگەڵ زۆرینەی خەڵکیدا گەورە بکەن. ئەمانە هۆکاربوون تا جیاوازی چینایەتی پەرەبسەنێت. وێڕای ئەوەی ئەم جیاوازیانە بوونە هۆی ئەوەی، کە گۆڕانی گەورە بەسەر شێوازی ژیان لەم شارەدا بهێنن، تێڕوانین و بنەمای دیکە لەچۆنیەتی ژیانکردن لەم شارەدا سەری هەڵدا، ئەویش کەمتر گرنگیدان بە کۆکردنەوەی پارە، بەڵکو زیاتر گرنگیدان بە ڕازاندنەوە و خەرجی زۆر و چوونە دەرەوەی زۆر، پاشان بیرکردنەوە لە گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان.

## دووەم: مۆد و گۆڕانی شێوازی ژیان

دیاردەی کۆمەڵایەتی مۆد و شێوازی ژیان لەبەشە سەرەکیەکانی گۆڕانەکانی پرۆسەی نوێگەرین، لەگەڵ ئەوەی شێوازی ژیان ڕەنگدانەوەی بەدواداگەڕانی شوناس و هەڵبژاردنی تاکەکەسیانەیە. "لە دنیای ئەمڕۆدا چەمکی شێوازی ژیان ڕێگەیەکە بۆ ناساندنی پێوەرەکان و بەهاکان، هەروەها نیشاندەری پێگە و پلەی کۆمەڵایەتی تاکەکانە لە کۆمەڵگەدا"[1]. لە شێوەگرتنی شێوازی ژیان و پەیڕەوکردنی مۆدەکاندا، لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی بەهاکان و گۆڕانی بەهای کۆمەڵگە لە دروستبوونی شێوازی ژیان و مۆدەکاندا زۆر گرنگە. "یەکەمین لێکۆڵەرانی بابەتی شێوازی ژیان، بەهاکان بە بنەمایترین سەرچاوەی شێوەگرتنی شێوازی ژیان دەزانن، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ناسینی بونیادی بەهاکانی تاك بنەمایترین ئەرکن بۆ درککردنی شێوازی ژیانی تاکەکان"[2]. پێوەرەکان و بەها کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینی و بەهای جوانناسیانە، سەرچاوە و بنەمای گرنگی هەڵبژاردن و چەسپاندنی شێوازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، ئەم بەهایانە هێز دەدەن بە تاکەکان تا بەردەوامی بدەن بەئەو شێوەیە لەژیان، کە هەڵیانبژاردووە، هەروەها شوناس دەدەن بە پێگە و توانا کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی لە پەیوەندیدا بە پەیڕەوکردن لەبەکارهێنانی مۆد و مامەڵەی ڕۆژانەی لەتەك ئەوانی تردا.

پییەر بۆردیۆ لە لێکۆڵینەوەیدا لەبابەتی شێوازی ژیان لە "**هەنگاوی یەکەمدا** بەبوونی(کاڵا جوانکاری و کولتووریەکان)ی دەزانێت، کە تاکەکان لەدەوری خۆیانی کۆدەکەنەوە، وەکو خانو، ڤێلا، بەلەم، ئۆتۆمۆبێل، ئەساسی ناوماڵ، نیگار و وێنەکان، پەرتووکەکان، بۆن و عەترەکان، جل وبەرگ. لە **هەنگاوی دووەمدا** ئەو چالاکیانەی بەهۆیانەوە خۆی لەئەوانی تر بەجیاواز نیشاندەدات، وەکو وەرزشەکان و یارییەکان و بەسەربردنی کات(پیادەڕەوی و پیاسەکردن، سوارچاکی و پاسکیل سواری، گۆڵف یان تێنس) و جل پۆشین. هەموو ئەمانە بۆ گەیشتن بە بەکارهێنانی جەستە و سودوەرگرتن لە زمان و سەرمایەی خۆی"[3]. لە سەر بنەمای ئەم پێگەیە ڕۆڵی تاکەکەس لەرێکخستنی پەیوەندیەکانی و مامەڵەی ڕۆژانەیدا ڕۆڵێکی دیارو

---

[1]. فخرالسادات پیلتن، بررسی عوامل اجتماعی گرایش به مد در بین نوجوانان، فصلنامه مطالعات جامعەشناسی جوانان، شماره یازدهم، سال چهارم، تهران، ۱۳۹۲، ص ۵۳.

[2]. محمد فاضلی، نفس مصدر، ص ۹۲.

[3]. محمد سعید مهدوی کنی، مفهوم سبك زندگی و گستره أن و علوم اجتماعی، فصلنامه تحقیق فرهنگی، شماره ۱، سال اول، ١٣٨٤،ص٢١٣.

بەرچاوی دەبێت و دەرەنجامی کۆمەڵایەتی و کولتووری گرنگی دەبێت، هەروەها دەبێتە سەرمایەیەکی کولتووری گرنگ لەژیانی ڕۆژانەیاندا .

بە بڕوای پییەر بۆردیۆ "سەرمایەی کولتووری ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە بونیادی شێوازی ژیاندا هەیە و تەواوی سەلیقەی باش و ڕێوڕەسمی پەسەندکراوی کۆمەڵگەو ناسین و پەسەندکردنی بەرهەمە کولتووریەکانی وەکو هونەر و موزیکی کلاسیك و ئەدەبیات لەخۆدەگرێت"[١]. سەرمایەی کولتووری ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات، کە ئەو کەس و کۆمەڵگەیەی پەیڕەوی لەو سەرمایە و بەهاکانی دەکات ئاستی بژێوی و شێوازی ژیان و توانای بیرکردنەوە و پاراستنی پێگەی کولتووری و کۆمەلایەتی و ڕەمزیەکانی چۆن و لە چ ئاستێکدایە؟ ئەمە سەرەڕای دەرخستنی ئاستی پەیوەندیەکانی تاکەکەس بەدونیای ناوەوەو دەرەوەی خۆی، پەیوەندیەکانی لەئاست ئەوانی تردا، هەروەها شوناس دان بەژیانێك کە لەئاستی داخوازیەکانیدا بێت.

"تاکەکان بەیارمەتی ئەو شێوازی ژیانەی هەڵیدەبژێرن، شوناسی خۆیان دەستنیشان و ئاشکرادەکەن، لێرەشەوە بارودۆخی کۆمەلایەتی و کولتووری خۆیان دەردەخەن"[٢]. بەم شێوەیە هەموو مرۆڤەکان هەلی یەکسانیان بۆ هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی شایستە بەخۆیان نییە، بەلاّم هیچ کەسێك نیە هەل یاخود مافی هەڵبژاردنی شێوازێك لەژیانی نەبێت. مرۆڤەکان هەموویان لەشێوە ژیانێك بەهرەمەندن، هەروەها لەکۆمەڵگە نەریتییەکانیشدا مرۆڤ هەلی هەڵبژاردنی بارودۆخی جێگرەوەی لەبەردەمدایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەڵبژاردنی جێگرەوەیە بۆ هەموان وەك یەك نییە. "لەکۆمەڵگەی نەریتیدا زۆرتر تاکەکان لەنێو ئەو سنورەدا قەتیس بوون کە تێیدا پەروەردە بوون، لەوێدا دەمانەوەو بۆ کوڕێکی گەنج زۆر ئەستەم بوو، کە کاری باوکی لەبەرچاو نەگرێت و کارێکی دیکەی جیاواز ئەنجام بدات، بۆ کچێکیش ئەستەم بوە بەهەمان ڕێچکەی دایکیدا نەچێتەوە. لەسەردەمی نوێدا ئەم ڕەوتە دەستی بە گۆڕانکاری کرد، لەدنیای پۆست مۆدێرندا خێرایی ئەم گۆڕانە زیادی کرد، ئەمڕۆ بۆ مرۆڤەکان زۆر ئەستەمە بەشوێن پێی باوکیاندا بڕۆن و هەمان کار و ئەرکی ئەوان ئەنجام بدەن"[٣]. وەکو دەبینین ئەمڕۆ لەکۆمەڵگە

---

١. Van Eijck K, The impact of family background and educational attainment an cultural consumption. Vol ٢٥,PP.١٩٧.

٢. هندری.ل و دیگران، اوقات فراغت و سبك زندگی و جوانان، ترجمه: فرامرز ككولی دزفولی، چاپ سوم، سازمان میلی جوانان، تهران، ١٣٨١، ص٢٢٧.

٣. جان أر. گیبینز، سیاست پست مدرنیته، ترجمه: منصور انصاری، چاپ دوم، انتشارات گام نو، تهران ، ١٣٨٤ ، ص١٠٥.

نوێکاندا کەسانێك هەن کاروباری ژیانی خۆیان لەدەرەوەی خێزان و خانەوادەی خۆیان بەڕێوەدەبەن، هەوڵی ئەوە دەدەن ژیانێك لەدەرەوەی چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکەی خێزانی خۆیاندا تاقی بکەنەوە، دەبینین کوڕان ئەو کارانە ناکەن، کە باوکانیان پێشتر کردوویانە، بەڵکو دەیانەوێت ئەزمونێکی تر لەشوێن و ناوچەیەکی تر تاقی بکەنەوە، کچانیش تەنها بەبونیان لەماڵەکاندا ڕازی نابن و ئەرك و فەرمانی دیکە لەدەرەوەی ماڵ ئەزموون دەکەن، کاری دەرەوەیی ئەنجام دەدەن هەم بۆ ئەوەی بوونی خۆیان بسەلمێنن هەم بۆ ئەوەی دەستکەوتی ماددی بەدەست بهێنن و لەڕووی ئابووریەوە سەربەخۆبن و ئازادانە تر و باشتر ژیانی خۆیان دروست بکەن .

بەم واتایە مرۆڤی ئەمڕۆ بەگوزارشتی کۆمەڵناسی ئەڵمانی تۆماس توسیە. دەیەوێت لەبواری کولتووریدا ئازاد بێت "تاك دەیەوێت لە کۆت وبەندی شێوازی نەریتی ژیان ئازاد بێت، ئیتر بۆ تاکێك دەست نادات بەهەمان شێوەی پێشینەکانی خۆی ژیان بکات"[١]. مرۆڤی ئەمڕۆ مرۆڤێکە خواست و مەیل و ئارەزووی زۆر و بێ سنوری هەیە، پێداوستییەکان تەنها لەیەك جۆر پێویستی و ئارەزوو پێك نەهاتووە، لەیەك جۆری ژیان و یەك شوێنی ژیانیشدا دابین ناکرێن، ئەو شوێنی تر و کاتی تر بۆ ژیانی خۆی دەدۆزێتەوە، تەنها بەیەك کاری دیاریکراو و یەك دەستکەوتی ماددی ڕازی نابێت، مرۆڤی نوێ بەدوای خۆشگوزەرانی و ئازادی ڕەفتارەکانیدا دەگەڕێت، لەکوێدا کۆت و بەند هەبوو هەوڵی ئازادی دەدات، ئەگەر نەیتوانی کۆت و بەندەکان تێك بشکێنێت هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدات. مرۆڤی ئەمڕۆ یەك نیشتیمان و یەك خاك و یەك ژیان و یەك مێژوو یەك شێوەی ژیانی دیاریکراوی نییە، ئەو بونەوەرێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، بەدوای پەنا و پەسێوی دیکەدا وێڵە بۆ ژیان، بۆیە هەمیشە لەدوودڵی و ڕاڕاییەکی بەردەوامدا دەژی، خاوەنی بیرکردنەوەی دامەزراو و چەسپاو نییە، مۆدێل و شێوازی ژیان و گوزەرانیشی ڕوون و ئاشکرا نییە.

بەم شێوەیە دەتوانین ئەوە دەخەینەڕوو، کە شێوازی ژیان بەرئەنجام و دەرهاویشتەی هەڵبژاردنێك لەژیانی ڕۆژانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام ئەم بارودۆخە دەرەنجامێکی کاتییە، کەسانێك کە لەنێوان ناوچەی جیاوازی ژیانی ڕۆژانەدا لەجوڵەدان، هەمیشە دەستدەکەن بەهەڵبژاردنی نوێ، بۆنمونە: کارەکەم بگۆڕم؟ شوێنی ژیانم بگۆڕم؟ لەپەیوەندیدا بەم هەڵبژاردنانەوە، کە شێوازی ژیانی کەسەکان دەگۆڕێت، هەندێکجار شێوازی ژیان بەشێوەیەکی

---

[١]. جان أر. گيبينز، نفس مصدر، ص١٠٥-١٠٦.

کەم دەگۆڕێت، هەندێك جاریش بەشێوازێکی زۆر و بەرچاو دەگۆڕێت، مەبەستی سەرەکی ئەوەیە، کە شێوازی ژیان هەرگیز وەستاو نییە، بەڵکو هەمیشە لە ناجێگیری و گۆڕاندایە، سەرەڕای ئەوەی وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکە لەژێر کاریگەری کولتوور و نەریتە کۆنەکانیدایە، کە بۆتە هۆکار بۆ دروست بوونی ئاستەنگ لەبەردەم گۆڕانکارییەکاندا، بەڵام هەمیشە لە هەوڵی گۆڕانکاریدایە لە کولتوور و نەریتەکانیدا، سیمای گۆڕانکارییەکان بەدیدەکرێت. ئەگەرچی بەڕیتمێکی گەلێك هێواش و لەسەرخۆن. ئەم گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوازی ژیانی تاکەکاندا دێت، پەیوەندیدارە بەگۆڕانی پێویستی و خواستەکانی مرۆڤ، لە چەندین ساڵی ڕابردوودا ئەم گۆڕانکاریانە دەبینرێت لە شێوازی ژیانی خێزان و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا.

لەگەڵ هاتنەکایەی شێوازی نوێی ناوماڵ و پێداویستییەکانی وەکو تاقمی میوان و نان خواردن و ئامێرە میکانیکییەکانی ناوماڵ و تەلەفیزیۆن و پێداویستیە تەکنەلۆژیەکانی دیکە، شێوازی ژیانی تاکی کورد گۆڕانێکی کاریگەر و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. بۆنمونە، لە دانیشتن لەسەر زەوی و دۆشەك و پاڵدانەوە لەسەر سەرین و پشتی، گۆڕاوە بۆ دانیشتن لەسەر قەنەفە، لەناو خودی مۆدێلەکەشدا مۆدێلی قەنەفەی کلاسیکی بەسەرچووە و مۆدێلی نوێی قەنەفەی تورکی و فەرەنسی و تەپڵەکی هێلکەیی و شێوازی نوێی دیزاین لە نوێترین شێوەیدا بەرچاودەکەون و بەکاردێن. هەروەها نان خواردن لە دانیشتن لەسەر سفرە و لەسەر زەوی و کۆبوونەوە لەدەوری خوانێك، گۆڕاوە بۆ خواردن لە سەرمێز و خواردنی خێرای وەکو (فاست فود و مەکدۆناڵد و هەمبەرگر و خواردنی سەفەری لەگەڵ کەوچك و قاپ و پەرداخی سەفەری)دا. هەروەها داهێنراوەکانی تری دنیای نوێ وەکو غەسالەی جل شتن و قاپ شتن و دیزاینی خانو و ناوماڵ و دیکۆراتی بیانی و شێوازی جوانکاری، کە لەم ڕەوتەدا تاکی کورد تەنها وەکو بەرخۆر و بەرکاربەری ئەو داهێنراوانە مامەڵە دەکەین. هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش کاریگەرن لەسەر گۆڕان لە تێڕوانینمان بۆ ژیان و گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانی و خەرجی زۆرتر و بەرخۆری زۆرتر.

سەرەڕای ئەمانەی لەسەرەوە باسکران، بابەتی لاسایکردنەوە و چاولێکەری ڕۆڵی زۆری بینیوە لەگۆڕانکاری لەشێوەی ژیانی تاکەکاندا، لاسایکردنەوە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، هەموو تاکێك یاخود گروپێك ناتوانێت داهێنان بکات و شتی نوێ بخاتەڕوو، لەبەرئەوە بە ناچاری گروپەکانی تر و کەسانیتر دەبێت لاسایی ئەوانی تر بکەنەوە و وەکو بەکاربەر

دەربکەون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەوانیش دەبنە خاوەنی هەمان مۆد وەك بەشێك لە خۆیان و ژیانیان بەکاری دەهێنن.

لێرەوە ئەوەی پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە، کە ئەو گۆڕانکاریانەی نوێگەری بەسەر شێوازی ژیانی تاك و خێزان و کۆمەڵگەی کوردیدا هێناویەتی، گواستنەوەی شێوازی ژیانی دونیای ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی بۆ ناو ژیان و کولتووری کۆمەڵایەتی و هزری ئەم کۆمەڵگەیە. هەر لەهێنانی ئامێر و شێوە جۆراوجۆرەکانی لایەنی ماددی و تەکنەلۆجی تادەگاتە دروشمەکانی ئازادی و یەکسانی و مرۆڤ سەنتەری و بیری هیومانیزم و جیاکردنەوەی ئایین لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گرنگیدان بەخۆشگوزەرانی، بیرکردنەوە لەگەشت و تێکەڵ بوون بە کولتووری تر و هەڵبژاردنی شوێنی تر بۆ ژیان، کە هەموو ئەمانە گۆڕانن لەسەر ئاستی شێوازی ژیان و کولتووری کۆمەڵگە.

## باسی سێیەم: نوێگەری و موزیك

### یەکەم: موزیك و کولتوور

جیهانی نوێ کە لەگەڵ خویدا ئارەزو و پرەنسیپی ئەخلاقی و ویژدانی و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و کولتووری نوێی هێناوە، جیهانێکە تاڕادەیەکی زۆر مرۆڤی جۆراوجۆرو ئاڵۆزی بەرهەمهێناوە، مرۆڤێك دابڕانێکی گەورەی لەگەڵ جیهانی ڕابوردوودا دروستکردووە. مرۆڤ لەپارچەپارچە بوونێکی بەردەوامدایە، هەروەها لەخەرەندێکی نادیاری ناو کولتوورە جیاجیاکاندا ژیان دەکات، لەم قۆناغەدا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بەموزیکە، ئەگەر بڕیاربێت موزیك کارکردنە لەسەر دیوی ڕووحیی و ناوەکی مرۆڤ، ئەوا مرۆڤی ئێستا نیازی زۆری بەم کەرەستە ڕوحییە هەیە. لەژێر ڕۆشنایی بیری تیۆدۆر ئەدۆرنۆ وەك کۆمەڵناس و بیرمەند و موزیکزانێکی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بەپشت بەستن بەتیۆرە ڕەخنەییەکەی لەبەرانبەر موزیکی نوێ، شرۆڤەی دوخی هونەری موزیك و گۆرانی کوردی دەکەم لەپەیوەند بەو تەکنیك و شێواز و تازەگەرییەی هاتۆتە نێو ئەو هونەرەوە، هەروەها ئەو هۆکارانە شیدەکەمەوە، کە تەنها وەکو کاڵا مامەڵە لەگەڵ موزیك و گۆرانی کوردیدا دەکەن و ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی دەخەمەڕوو.

"تیۆدۆر ئەدۆرنۆ زۆرتر لەهەر نوسەرێکی تر لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەبواری موزیکدا تیۆرسازی کرد، تا ئەو شوێنەی هەندێك ئەو بەناونیشانی بونیادنەری کۆمەڵناسی موزیك دەناسن، ئەدۆرنۆ چەمکی (پیشەسازی کولتووری) بەکارهێنا، کە بەگشتی پێیدەگوترێت (کولتووری جەماوەری). ئەدۆرنۆ لەو باوەڕەدا بوو، کە (پیشەسازی کولتووری) موزیکی جەماوەری بەشێوەیەکی ستاندارد بەرهەم دەهێنێت. بەو مانایەی ئەو موزیکە بەشێوەیەکی سادە و شایەنی لێتێگەیشتن بێت بۆ خەڵکی بەگشتی. بە بێ ئەوەی جوانی و باڵایی ئەو موزیکە لەبەرچاوبگیرێ و داهێنان تێیدا بەئامانج بگیرێ. هەروەها کۆی خەڵکیش بەگشتی بەو موزیکە سەرگەرم دەبن، کە شێواوی و ناڕێکی بە ئەوان دەدات"[١]. ئەدۆرنۆ وەکو بیرمەندێك، کە سەر بەقوتابخانەی ڕەخنەییە، بەتێڕوانینێکی ڕەخنەییەوە لەهونەری موزیکی نوێ دەڕوانێت، ئەو وەك موزیکزان و کۆمەڵناسێك کارە هزری و مەعریفیەکانی خۆی ئاوێتەی لێکۆڵینەوە هونەریەکان کردووە، بە فراوانی و قوڵیەکی زۆرەوە تیۆرەکانی خۆی پێشکەشکردووە، ڕەخنەی ئەدۆرنۆ لەپیشەسازی کولتوور بەشێکی زۆری لە پەیوەندیدایە بە هونەر بەگشتی و موزیك بەتایبەتی، چونکە موزیك بەبڕوای ئەو گفتوگۆی(مخاطبة)ی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگە دەکات، ناکرێت موزیکێك پێشکەشی خەڵك بکرێت، کە نەتوانێت درکی هەست و بیرکردنەوەکانی خەڵك بکات و لەهەمان کاتدا جوانی و مانا و شێوازە ڕەخنەییەکەی نەپارێزێت، بەواتایەکی تر پێویستە لە نێو پەیامەکانی موزیکدا هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان ئاماژەیان بۆ بکرێت.

بە بۆچوونی ئەدۆرنۆ موزیك تەواو هەڵگری ناودژیەکانی کۆمەڵگەیە، کارە موزیکیەکانیش وەك کارە هونەریەکانی دی دەربڕی گۆڕانی ڕاستیەکانی دنیای دەرەوەن، هەر لەبەرئەمە موزیکیش لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵگەکاندا شێوەی جیاواز بەخۆەوە دەگرێت. بەم پێیە دەتوانین بڵێین، کە ڕوانینی ئەدۆرنۆ بۆ هونەر لەبنەڕەتدا لەسەر ناسینێکی کۆمەڵایەتی بۆ فۆڕمی کاری هونەری بەندە، واتە تێگەیشتنی کاری هونەری پێویستی بەناسینی بونیادو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەیە، کە تێیدا هاتۆتە بەرهەم. بەم جۆرە هونەریش یەکێکە لەبوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوەی هونەر لەبوارەکانی تری کۆمەڵگە جیادەکاتەوە، لایەنە نەرێکاری و ڕەخنەییەکەیەتی، واتە ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکدا هونەر هەبوو، لەبەرئەوە هەیە تا ڕەخنە لەو کۆمەڵگەیە بگرێت، لەبەرئەمە هەمیشە هونەر دەستەبەر و

---

[١]. امیر مسعود امیر مظاهری، احسان عزیزی: خاستگاه وچیستی موسیقی زیر زمینی از منظر جامعه شناسی، ماهنامەی علوم اجتماعی، شماره ٧٢، تهران، ١٣٩٢، ص٥٦.

بەرگریکاری کەمینە بووە بەرانبەر بەگشت و خودی تاکەکەس بەرانبەر بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. بە پێی ئەم بۆچوونەش لای ئەدۆرنۆ، تاکگەرایی و هونەر دوو تای تەرازوویەکن، لەبەرئەوەی هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز بۆ بەرگریکردن لە سەربەستێتی خۆیان بەرانبەر بەئایدۆلۆژیای کۆمەڵایەتی دەجەنگن"[1]. هونەر بەگشتی هەڵگری پەیامێکی مرۆیی و ڕەخنەگرانەیە. ئەدۆرنۆ وای دەبینیٚ، کە موزیك دەبێت گوزارشت بێت لە خەمی خەڵك و دەربڕی ناخ و ئازارەکانیان بێت. هەروەها دەنگی کۆمەڵگەش بێت دژی نادادی و نایەکسانی و گوزارشت لەئازادی و سەربەخۆیی تاکەکانی کۆمەڵگە بکات.

ئەدۆرنۆ لەو باوەڕەدایە، کە موزیك ڕاستییەکان دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەردەخات، موزیك دەتوانێت بارودۆخی مرۆڤ هەم وەك تاك، هەم وەك کۆمەڵگە نیشان بدات، هەروەها دەرخەری بیٚ توانایی و کەلێن و ئاستەنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەهەمان کاتدا لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ بێت"[2]. بەشێوەیەکی گشتی موزیك لەجیاتی ئەوەی تەنها لەهەناوی کۆمەڵگەدا بێت، پێویستە ڕەنگدەرەوە و پەخشکەرەوەی ناڕەزایەتیەکانی کۆمەڵگە بێت"[3]. ئەوە دەردەکەوێت، کە موزیك لەکۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی دوولایەنە دەگێڕێت، ڕۆڵێك وەکو پڕۆسەی جولاندنی هەست و ئیستاتیکاو ئەزمونێکی تاکەکەسیانەی ناوەکی، کە بەر ڕوحی مرۆڤ دەکەوێت، وەك پێویستیەکی ڕوحی و ناوەکی، هەروەها ڕۆڵێك، کە گەیاندنی پەیامی گرنگ و ڕەخنەییە بۆ دەرەوەی خۆی و بۆ کۆمەڵگە بەگشتی، لەدەروەی ئەزموونە تاکەکەسی و ڕوحی و ناوەکییەکان. هەڵەیە، کە موزیك بەتەنها وەك کاری هونەری دابڕاو و پەتی سەیری بکەین، بەڵکو دەبێت ئەرك و گرنگییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و بەهاییەکانی ببینین. واتە نابێت موزیك وەکو بەشێکی دابڕاو لەکۆمەڵگە ببینین، بەڵکو پەیامی سەرەکی موزیك ڕوو لەکۆمەڵگەیە و ڕاستەوخۆ بەرتاکەکانی ناو کۆمەڵگە دەکەوێت. موزیك ناتوانێت لەدەرەوەی کۆمەڵگە و مرۆڤ ئەرکێکی هەبێت.

بەبۆچوونی ئەدۆرنۆ ئەو دۆخە نوێیەی، کە موزیك تێیدا سەرهەڵدەدات پەیوەندی ڕاستەخۆی بەپێگەی تاکە کەسەوە هەیە، لەکۆمەڵگەیەکدا، کە چیدی قسەیەك بۆ گوتن تێیدا نەماوە، پەیوەندی مرۆڤەکانیش دابەزیوەتە سەر ئاستێکی لاواز، بەڵام مەرگی قسەو

---

[1]. ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێنەکان، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی نما، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٨٠.

[2]. امیر جاودانی، موسیقی در اندیشه تئودور أدورنو، مجله رادیو، شمارش ٣٩، تهران، ١٣٨٦، ص٢٣.

[3]. فاطمه زیباکلام مفرد، حسنی و أسوده، تحلیل و بررسی موسیقی از منظر تیئودر أدورنو و دلالت های أن در تعلیم و تربیه، تهران، ١٣٩٤، ص١١.

ئەستەمبوونی پەیوەندی مرۆیی تاکە نیشانەی دنیای نویٚ نین. لەبەرئەوەی وەکو ئەدۆرنۆ پێیوایە هەستی بیستنیش لای مرۆڤ ڕەوتێکی پاشەکشێ ئاسایانەی گرتۆتە بەر، بەڕای ئەویش ئەم دیاردەیە بە ناچاری هاوتەریبە لەگەڵ ئەو خەسڵەتی بەکاڵابوونەی، کە موزیك هەڵگریەتی، ئەدۆرنۆ لەیەکێك لەوتارەکانیدا بەناونیشانی(خەسڵەتی "فیتیشیانە"ی میوزیك و پاشەکشەی بیستن)، کە لە ساڵی ١٩٣٨ دا نوسیویەتی، بەوردی ئەم گرفتە ڕوون دەکاتەوە، کە نەمانی هەستی بیستن پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی بە پێشکەوتنی زانستی تەکنیك و میکانیزمی بەرهەم هێنانەوە هەیە"[١]. گوزارەی نەمانی "هەستی بیستن" گوزارەیەکی مەجازیە بۆ دەرخستنی دۆخێکی چەق بەستو، یاخود نەمانی توانای درککردنی موزیك وەك بزوێنەری کرانەوەی هۆش و هۆشیاری تاك لەناو کۆمەڵگەدا، هەروەها بە ئامێربوونی چێژی بیستن و هەستی چێژوەرگرتن بەهۆی ئامێرە تەکنەلۆژیەکانی دونیای نوێوە، نەمانی هەستی بیستن گوزارەیەکی مەعنەویە، نەك مەبەست بێت لەبیستی بایۆلۆژیانەی کەسی گوێگر، هەر وەکو بەختیار عەلی لە ڕۆمانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا بەگوزارەی" ئەم شارە، شارێکە گوێچکەکانی بووە بە بەرد"[٢] گوزارشتی لێدەکات.

لەڕاستیدا ئەوەی ئەدۆرنۆ دەیڵێت، کەم بوونەوەی هەستی بیستن لە لایەك و داڕمانی لەسەرەخۆی موزیك لە لایەکی ترەوە تەواوکەری یەکترن، ئەو دەنوسێت " ئەو گوێگرانەی کە، هەستی بیستنیان ناتەواوە، لەو منداڵانە دەچن، کە زمانی میوزیك منداڵانە دەخرێتە بەردەستیان، ئەم بیسەر(گوێگر)انە چەند کاردانەوەی باشیان بەرانبەر بە موزیکی کاڵایی و مەسرەفی هەبێت، کە لەبازاڕدا دەخرێتەڕوو، زیاتر دەچنە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی ئابووری بازاڕەوە . هەر بۆیە ئەدۆرنۆ نەمان و بە مەسرەف بوونی هەستی بیستن بە مەترسیەك بۆ سەر هونەری موزیك و بەرهەمە کولتووریەکانی ڕابردووی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدات. موزیك شێوەی شتێکی وەرگرت، کە شایانی مەسرەف بێت، بەناچاری تۆکمەیی و پایەداری خۆی لە دەست دەدات، بۆ نمونە ئەو موزیکەی، کە لەڕادیۆوە پەخش دەکرێ، موزیکێکە وردە وردە ئاستی دادەبەزێ، تا ئەو ڕادەیەی، کە شێوەیەکی گاڵتەجاری بەخۆیەوە دەگرێت. پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و هونەر بەشێوەیەکی دیارتر لە موزیکدا دەردەکەوێ، نەك لەهونەرەکانی تردا، ئەدۆرنۆ

---

[١]. ڕامین جەهانبەگلو، هەمان سەرچاوە، ل٨١.

[٢]. بەختیار علی، شاری موسیقارە سپییەکان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤٤٩.

پەیوەندی نێوان گوێگر وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و داهێنانی موزیکی دەکاتە پێودانگێك بۆ پێشکەوتن یان پاشەکشێی هونەر لەکۆمەڵگادا"[١].

ڕادیۆ ئەو ئامێرە سەیر و سەمەرەیەیە، کە بە بێ گوێدانە هەست و زەوقی گوێگر، بەناو تەواوی کۆمەڵگەدا موزیك و گۆرانی هەمە چەشن پەخش دەکات، کە ئەوەی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دەگوزرێ، شێواویەکی تەواو لەخۆدەگرێت لەپەیوەندیدا بەو موزیك و گۆرانییەی، کە پەخشی دەکات، لەگۆرانیەکی نەریتی و سونەیتییەوە دەیگۆڕێت بۆ گۆرانیەکی جاز و لەموزیکێکی کلاسیکیەوە دەچێتە سەر موزیکێکی ڕاپ و لەشێوازێکی بالأی گۆرانی و موزیکەوە دەگوازێتەوە بۆ موزیکێکی ڕیتم خێرای بەناو میللی خاڵی لەهەموو بەهایەکی هونەری، ئەم تێکەڵی وپێکەڵیە گوزارشتە لەشێواوی دۆخی هونەری و کولتووری کۆمەڵگە، کە لە باشترین دۆخدا لێدانە لەچێژ و هەستی موزیکی، لەخراپترین دۆخیشدا بریتییە لە کەلێن و بۆشای کولتووری.

موزیك لای ئەدۆرنۆ تەنها وەك کاری هونەری تەماشاناکرێت، تەنها یەك ئەرك جێ بەجێ ناکات، بەڵکو زیاتر لە ئەرك و پەیامێکی هەیە، پەیامێکی ناوەکی بۆ ناوەوەی خۆی و بۆ تاك، پەیامێکیش بۆ دەرەوەی خۆی و بۆ کۆمەڵگە، هێزی هونەری موزیك لەپەخشبوونەوەیدایە بەناو کۆمەڵگەدا، وەختێك کار لە هەست و چێژی هەموو تاکێك دەکات، کاتێك گوزارشت لەکێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەییەکانیان دەکات، موزیك بەبێ پەیامە ڕەخنەیی و مرۆییانەکەی خۆی ناتوانێت دڕ بە تاریکی ناو دڵی کۆمەڵگە بدات، کە ڕزگاربوون لەم تەنگژەیە تەنها بەهونەری موزیکی ڕەسەن و ڕاستەقینە دەکرێت، هونەرێك هەڵقوڵاوی چاوەڕوانیەکانی خەڵك بێت و دەربڕی خواست و ئازارەکانیان بێت، کە بەبڕوای بیرمەندانی تیۆری ڕەخنەیی و بەتایبەت ئەدۆرنۆ موزیکی نوێ(مۆدێرن) ناتوانێت بەم ڕۆڵە هەڵبستێت.

کولتووری خۆرئاوا لەڕێگەی ڕاڤەکانی (ئەدۆرنۆ)ەوە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، هەروەها لەناوەڕاستی هەشتاکانی هەمان سەدەش بەدواوە پیتەر سلۆتەردایك بەو ڕاستیە گەیشتووە کە نوێگەری پێ بەپێی هونەر، بەتایبەت هونەری موزیك و نیگارکێشی ڕەوتی کردووە، نوێگەری هەر هەڵەیەکشی کردبێت لەبەرئەوە کردوویەتی چونکە موزیکایەتی خۆی دۆڕاندووە، واتە ئەو ڕێگە هەڵانەی نوێگەری هەیبووە دواجار هەموویان دەچنەوە سەر ڕێگەی

---

[١]. ڕامین جەهانبەگلو، هەمان سەرچاوە، ل ٨١.

نامۆزیکایەتی. هەنوکە ڕێگەی نوێگەری کوردیش پێدەچێت ڕێگەی نامۆزیکایەتی بۆ خۆی خۆش بکات"[1].

ئەدورنۆ وای دەبینی، کە هونەر بەسیفەتی ئازدبوونی لە مامەڵەکردنی ژیانی ڕۆژنەدا، ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئازادی، ڕێگەیە بۆ سەربەخۆیی تاك، بەهۆی ئەوەی پەیوەندیەکی هەستەکی لەنێوان مرۆڤ و جیهاندا بەدیدەهێنێت. "هونەری ڕەسەن ئەرکێکی ڕەخنەیی لەئەستۆدایە، لە هەناویدا توانای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەڵگرتووە، موزیك هێز دەبەخشێت بۆ ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگەی بەرخۆری و کولتووری دروستکراو، ئەدۆرنۆ کاری هونەری مۆدێرن ڕەتدەکاتەوە بەو پاساوەی کە توندڕەوە و ڕەنگدانەوەی بەشت بوونە لەجیهاندا. هەروەها وای دەبینێ، کە کارە هونەرییە نوێیەکان کار لەسەر پارچەپارچەکردن و تەنیابوونی مرۆڤەکان دەکەن"[2].

لەم ڕووەوە موزیکی کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە لەسەر پارچەپارچە بوونی خۆی کاردەکات، موزیکی کوردی هەڵگری پەیامێکی ڕوون و ئاشکرانیە بۆ ناوەوە و دەرەوەی خۆی، بارگاویە بە شوناسی جیاجیای هەرێمی، بێ ئەوەی شوناسی ڕاستەقینەی خۆی نیشاندابێت، لە زۆر ئاستدا خزمەتکارێکی بێ بەرانبەری کولتووری دراوسێ و کولتووری وەرگیراوی بیانی بووە، ئەمەش وایکردووە، کە پەیامێکی ناڕۆشن و ناکارای هەبێت، بۆتە هۆی پاشەکشەیەکی بەرچا و هەستپێکراو. سەرەڕای ئەوەی لە دوو دەیەی ڕابردوودا چەندین هونەرمەند و گروپی کارا و ڕەسەن لە شاری سلێمانی دروست بوون و هەوڵی پارێزگاری کردنیاندا لە موزیك و گۆرانی کوردی، کە هەڵگری شوناسێکی کوردیانەی تەواو بێت، بەڵام هەمیشە لە ڕێگەی کۆمەڵێك هەوڵی ترەوە ئەم پرۆسەیە لە ژێر هەڕەشەدایە، بارگاوی بووە بە موزیکی فارسی و عەرەبی و تورکی و بیانی، هەموو ئەمانە وای کردووە موزیك پەیامە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکەی خۆی بە باشی نەگەیەنێت.

جگە لەمەش هونەری موزیك لە هەندێك قۆناغی مێژووی ئەم شارەدا خۆی جێگەی ڕەخنەکردن بووە، موزیك و کاری موزیکی و گۆرانی گوتن وەکو کاری نەشیاو و عەیبە

---

[1]. بەکر علی، لەدایك بوونی موزیك لە ڕوحی ڕۆمانەوە، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣١.

[2]. شريف محمد عوض، صناعة الثقافة في عصر العولمة وأثرها في التغيير ملامح الهوية الثقافية، مجلة هرمس، القاهرة، ٢٠١٣، ص١١٣.

سەیرکراوە، هونەرمەندیش وەکو لۆتی و شایەر ناوبراوە، کە گوزارشتە لە کەمکردنەوەی نرخ و پێگەی هونەرمەند لە کۆمەڵدا.

## دووەم: موزیکی جەماوەری

موزیکی جەماوەری، کە لە بەرانبەر( popular music )دا دێت، موزیکی زۆرینەی خەڵکی شارە، لەسەدەی نۆزدەوە لەگەڵ بە پیشەسازیی بوونی کۆمەڵگە ئەوروپییەکاندا چەند چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیر دەرکەوتن، کە ڕێگەیان بۆ ئەوە خۆشکرد، ڕێچکە و ئاڕاستەی نوێ لە موزیکیشدا دەربکەون، ئەم ئاڕاستە نوێیانە لەشارەکاندا وەك سەرەتای دەرکەوتنی جۆریك لە موزیك تەماشا دەکرێت، کە بۆ جوداکردنەوەی لەو موزیکە ئۆرکسترایانەی نوخبە کۆمەڵایەتییەکان(موزیکی هونەری) لەنێو ڕەخنەگرە ئەوروپییەکان لە سەدەی بیستەمدا بە (موزیکی جەماوەری) ناسرا. کە جاز و بیتڵس و ڕۆك و پۆپ و راك هەندێك نمونەین. ئەم موزیکە لەپێشدا موزیکی چینی کرێکارن و خەڵکە بنکەوتووەکانی کۆمەڵ بوو، بەڵام لەگەڵ وەرسوڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکاندا و پەیدابوونی تەکنیکە دەنگهەڵگرە بەربڵاوەکاندا وردە موزیکی جەماوەری هەڵکشا بۆ ئەوەی ببێتە موزیکی توێژە ژوورترەکانی کۆمەڵیش، بەشێوەیەك کە باڵی کێشا بەسەر ژیانی موزیکی شارەکاندا. موزیکی جەمارەوەی بەگشتی، پتر موزیکی زۆرینە کەمتر ڕۆشنبیرەکەی شارە، کە خەمی ئەو خەڵکانە لەئاواز و تێکستە کەمتر ئاڵۆزەکاندا ڕەنگدەداتەوە، لەمەوەش ئەم موزیکە گەورەترین بازاڕی بازرگانی کردن لە موزیکدا پێکدەهێنێت"[١].

دروستبوونی شار بنەمای سەرەکیە بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی موزیکی جەماوەری، شار و موزیکی جەماوەری شوێنکەوتەی یەکترین، وا دەردەکەوێت ئەم موزیکە بە بێ بوونی شار دروست نابێت، چونکە پێکهاتەی شار کۆکەرەوەی تەواوی شێوە جیاوازەکانی زەوق و سەلیقە و بیرکردنەوە جیاوازەکانە، لە شاردا جەماوەر ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە ئاڕاستە کردنی شێوازی نوێی ژیان و لەم نێوەندەدا موزیکیش دەبێتە یەکێك لە دەرکەوتە گرنگەکانی مۆدێلی بەشاربوون. "موزیکی خەڵك(جەماوەری)، لەڕاستیدا لە موزیکی بلوز، کە موزیکی میللی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا بوو سەرچاوەی گرتووە. ئەم موزیکە لەمرۆدا لەرێگەی کاسێت و سی دی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، جیهانی خۆرئاوا و لەوانەیە نیوەی خۆرهەڵاتیشی بۆ خۆی ڕاکێشابێ، ئەم موزیکە هەر لەسەرەتاوە لای گەنجان خۆشەویست بوو، لەمرۆدا بە گەشەکردنێکی بێسنور

---

[١]. نزار سابیر، هەمان سەرچاوە، ل ٦٤-٦٥.

**بووە جێی پەسەندی هەموو خەڵك. لەمڕۆدا ئامانجی ڕاستەقینەی ئەو جۆرە موزیکە، زیادکردنی فرۆشتنی هەموو جۆرەکانێتی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەجێهێشتنی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵك، ئەوە واقعیەتی باوەڕپێنەکراوە. بەسەرنجدان لەوەی، کە بەرهەمهێنەرانی ئەم موزیکە، تەنها بیر لە فرۆشتنی زیاتری خۆیان دەکەنەوە، بەڵام هەندێك لە بەرهەمەکانیان، لەڕووی چۆنیەتییەوە داواکاری نییە"[1].**

**ئەدۆرنۆ باس لەدوو بوونی موزیکی جۆراوجۆر دەکات، لەسەرێکەوە بوونێکی موزیکی کە هاوواتایە لەگەڵ واقعیەتی یەکسانکەری کۆمەڵگە و بەدوای سەربەستیی کولتووریکی لەدەست چوودایە، لەلایەکی ترەوە بونێکی موزیکێکی لاوەکی، کە بە قبوڵکردنی بۆ بەهاکان و ئەدگارەکانی لۆژیکی هاوتایی و ژیانی موزیکی ڕەسمی کۆمەڵگە. وەك موزیکێکی دووپات بوەوە و کات بەسەربردن خۆی دەنوێنێت. هەر بۆ نموونە موزیکی جاز، کە ماوەیەکی زۆر بە سەرەنێزەیەك لە قەڵەم دەدرا لە خەبات و ناڕەزایەتی ڕەش پێستەکاندا، بەلای ئەدۆرنۆوە نیشانەی بەرهەڵستی ڕەش پێستەکان نییە دژ بە سپی پێستە ڕەگەز پەرستەکانی ئەمریکا، بەڵکو دەربڕی دۆخێکی ڕوحی و دەرونییە لە گوێڕایەڵی کوێرانەی ڕەشەکانەوە بۆ کۆمەڵی سپی پێستەکان سەرچاوە دەگرێت. ئەدۆرنۆ موزیکی جاز بەنوێنەری زەوقی هونەری جەماوەری لەقەڵەم دەدات، لەبەرئەوەی وەکو دەڵێت: (لە جازدا بێجوڵەیی، جوڵەیەکی یەك ڕەوتی بەردەوام، جیی زەمەن دەگرێتەوە)، بەواتایەکی تر دووبارەبوونەوەی یەك کێش و یەك ڕیتم واتە باڵادەستی شوێن بەسەر زەمەندا لە موزیکی جازدا. ئەدۆرنۆ ئەم وەستانی زەمەنە لەفەزای جازدا بەپیشاندەری نەمانی تاکێتی(فەردیەت) و سەربەستی تاکەکەسی دەزانێت. موزیکی جاز بەلای مرۆڤی نائازادەوە بەتەنها لایەنێکی سەرگەرمکەر و کات بەسەربەری هەیە، گوێگرانی موزیکی جاز ڕۆڵێکی کاریگەر لەبیستندا نابینێت و لەڕاستیدا لەژێر کاریگەری کەشی باڵادەستی دووبارەبوونەوەی دەنگەکاندا لەپلەی بکەرێکی تاکەکەسەوە دادەبەزێت بۆ ئاستی بەرکارێکی جەماوەری. ئەم ناکارایی و نائازادیەی تاکەکەس لە قەڵەمڕەوی موزیکی جازدا، دەربڕی قبوڵکردنی سیستەمی باوی کۆمەڵگەیە نەك ناڕەزایی لەڕێگەی ئەو موزیکەوە. لەبەرئەوە ئەدۆرنۆ موزیکی جاز بەنوێنەری نەمانی موزیك دەژمێرێت، ئەم موزیکە لەسەردەمی سەرمایەداری بازاڕدا**

---

**[1]. حەسەن زیندەباف، کۆمەڵناسی و هونەری موزیك، وەرگێڕانی: ستار کریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠١١، ل ٢٠٧.**

شێوەی کاڵایەك بەخۆوە دەگرێت، بە لەدەستدانی توخمە ڕەخنەگرەکان کە لەموزیکی ڕەسەنی ناکالایدا هەیە، دەگۆڕێت بۆ کاڵایەکی کولتووری ئەرێیانەی کۆمەڵگەیەکی کارگێڕی"[١] .

ئەدۆرنۆ موزیکی ڕەسەن و بەرز بەموزیکێکی ڕەخنەگرانە و ڕەنگدانەوەیی دەناسێنێ "ئەو لەو باوەڕەدا بوو، کە ئەو جۆرە موزیکە بنەمایەکی بابەتیانەی هەیە لەگەڵ ئەو واقعەی کە تێیدایە(بارودۆخی ئێستا) جیاوازی هەیە، ئەدۆرنۆ ئەم جۆرە موزیکە ناستاندارده ڕادیکاڵ و خۆماڵییە بەهونەری ڕاستەقینە دەزانێت"[٢] . "ئەو لەو باوەڕەدابوو، کە ئەم موزیکە لەسەر ڕێبازی سەربەخۆییە، لەجیاتی ئەوەی ملکەچی ڕەوتی گشتی کۆمەڵگە بێت، ئەوا پەیوەندی نزیکی لەگەڵ چەمکی ئازادی دروست دەکات"[٣] . "لەبەرانبەردا ئەدۆرنۆ موزیکی جەماوەری بە ناڕەخنەیی و نا ڕەنگدانەوەیی دەناسێنێ و پێی وایە ئەم موزیکە کەسایەتیەکی بە کاڵابووی هەیە، ئەم موزیکە پەیوەندی هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەیە، لە ڕەنگدانەوەکانی بەبێ ویست قبوڵ دەکات"[٤] . ئەم موزیکە ئاگاییەکی درۆزنانە لەڕێگەی شێوازی بەکاڵابوونەوە لەبەرانبەر کۆمەڵگەدا دەنوێنێ، "ئەدۆرنۆ پێیوایە ئەم موزیکە وەکو کاڵا دەردەکەوێت و ئاڵوگۆڕی پێوەدەکرێت. ئەدۆرنۆ کەسێتی(شخصیت)موزیکی جەماوەری لەژێر کاریگەری میتۆدە نوێکانی بەرهەمهێنانی میکانیکی و توانا نوێکانی ئاڵوگۆڕ و دابەشکردن دەزانێ"[٥] .

ئەمڕۆ موزیکی پۆپ، زۆرتر شێوەیەکی وێنەیی(صوری) پەیداکردووە. ئەم موزیکەی چەند گروپێك بەکاریدەهێنن، کە لەگەڵ شێوە و وێنەدا سەرۆکاریان هەیە، بەجۆرێکی وەها تەنها گرنگی بەڕووکەش دەدەن و بە پڕۆپاگەندەی ئەم موزیکە کاریگەرن. بەجەخت کردنەوە لەسەر شێوە، لەسەر شەقامەکان خۆی دەنوێنێ، بکەرانی ئەم موزیکە زیاتر لە گەنجەکانن، کە دڵیان بۆ بەهاکان و نەریتی خانەوادە و ئایین لێ نادات. ئەم موزیکە هەوڵ دەدات ئامانجی نوێی بەرخۆری(مصرفکردن)و لێکچوو لەگەڵ بەکاربەر بەدیبهێنێت، ئیتر ئەمانە گروپێکی تایبەت نین،

---

١. رامین جەهانبگلو، هەمان سەرچاوە، ل٨٤– ٨٥.

2 . Paddison, M. 1982. ‘ The Critique Criticser; Adorno and Popular Music’ Popular Music, Vol 2. Thoeary and Method.

3 . Thomson. Alex.(2006). ‘ Adorno ; A Guide for the Perplexed’ LONDON. NEW YORK. Continuum. P 50.

4 . Paddison, M . 1993.’ Adornos Aesthetics of Music’ New York ; Cambridge Unversity Press.

5 . Rose , Gillian. (1978).’ The Melancholy Science’; An Tntroduction to the Thoughtof Thodor W.Adorno. New York; Columbia University Press. p 131.

که بەهاو نرخ بۆ موزیکی ڕەسەن دابنێن، بەڵکو ئامانجی سیستەمی سەرمایەداری بەدیدەهێنن، که بۆ ماوەیەکی دوورمەودا ئەو موزیکه بەکالاّ بکەن و کڕین و فرۆشتنی پێوە بکەن"[1] .

یەکێك لەو توێژینەوانەی، که لەبارەی موزیکی پۆپەوە پێشکەش کراوەو هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ جەختی لەسەر دەکەنەوە(دووبارەبوونەوە)ی بابەتی ئەم موزیکەیە. "ئەوان دەڵێن، که کولتووری سەرمایەداری لە شتە دووبارەکان دروستبووە، هەتاوەکو نوێگەرییە تایبەتیەکەشی هەرگیز شتێکی زیاتر لەوەی بۆ بەرهەمهێنانی جەماوەری نییە لەدەرەوەی ئەم مەیدانە. بەکاربەرانی ئەم جۆرە هونەرە ئەوەندەی بەتەکنیك و تەکنەلۆژیا بەدەستی دەهێنن، شتێکی زیادە بەدی ناهێنن، ئەدۆرنۆ پێیوایە، که موزیکی جەماوەری بەشێوەیەکە که هیچ کات گوێگرتن لێی هەرگیز ئایدیایەکی نویێ بۆ گوێگر ناهێنێتە دی، جگە لەوەی تەنها ئایدیا کۆنەکان دەخاتەڕوو"[2].

موزیکی جەماوەری موزیکێکی خێراو ئامادەکراوە، زوو شێوە دەگرێت و زووش کۆتایی دێت و ون دەبێت، ناوەڕۆکی موزیك و گۆرانی پێنج ساڵ لەمەوپێش لەیادەوەری کەسدا نامێنێت و کاریگەری نامێنێت، ئەم موزیکە بەمانای زمانەوانی وشە نوێیە(مۆدێرن)ە، واتا پەیوەندیدارە بەهەمان ساتەوەخت، که شوێنێك بۆ یادەوەری و یادگاری تیادا نەماوە[3].

نویل کاڕۆل سیێ مەرج پێشنیازدەکات بۆ ناسینەوەی موزیکی جەماوەری، که بوونی هەر یەکێك لەم مەرجانە بەتەنها بەسە بۆ ئەوەی بزانین موزیکی جەماوەی چی یە؟.ئەوانش:

١. ئەم جۆرە موزیکە توانای بەرهەم هێنانی هاوشێوە و دوبارەبوونەوەی خۆی هەیە.
٢. بە کۆمەکی تەکنەلۆژیا بەرهەم دێت و بڵاودەکرێتەوە.
٣. زۆربەی کات بەشێوەی پێشکەشکردن و ئامادەکرن دەبێت، که زۆرترین گوێگری ناهۆشیار بە سادەیی و بەکەمترین هەوڵ و ماندووبوون پەیوەندی لەگەڵدا دروست دەکەن[4].

---

[1]. مهری بهار، مصرف و فرهنگ، مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران ، ١٣٩٠، ص ٢٠٢.
[2]. مهری بهار، نفس مصدر، ص ٢٢٥.
[3]. بابك احمدی، موسیقی شناسی فرهنگ تحلیلی مفاهیم، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، ١٣٩١، ص٤٢٥.
[4]. جان أی. فیشر، دانیشنامهء زیبایی شناسی، ترجمه: منوچهر صانعی دره بیدی، چاپ سوم، انتشارات فرهنگستان هنر، تهران، ١٣٨٦، ص٣٠٦.

## باسی چوارەم: گۆڕانەکان لە موزیکی کوردیدا

### یەکەم: موزیکی کوردی و ڕەسەنایەتی

وشەی (ڕەسەن) لە زمانی کوردیدا بەرانبەر ئەسڵ یان لە عەرەبیدا (اصیل) دێت. بەرانبەر (موزیکی ڕەسەن) لە فارسیدا(موسیقی اصیل) و لە عەرەبیدا (الموسیقی الاصیلة) بەکاردێت، بەڵام لە تورکیدا هەرچەندە وشەی asil ەکەش هەیە (ozgum muzik) دەگوترێت. لەبواری موزیکدا پێدەچێت بەکارهێنانی (ڕەسەن) لە کوردیدا هەمان چەمکی هەبێت، (موزیکی ڕەسەن) واتە ئەو موزیکەی بەردەوامی (ئەسڵ)ەکەیە و توخمی نامۆی تێکەڵ نەبووە. مەبەستیش لە ڕەسەن بەگشتی فۆلکلۆرەکەیە. بەگشتیش ڕەسەن بەو گۆڕانیانە دەگوترێت، کە گۆڕانی ڕەسەنی کوردین یان لاسایکردنەوەی ئەوانن، ڕەسەن بەم مانایە ڕەهەندێکی زمانەوانی لە خۆدەگرێت، کە لە (ئێستا)وە دەگەڕێتەوە بۆ (ڕابردوو). ئەوەی ئەم تێگەیشتنە ڕوونتر دەردەخات، دەستەواژەی بلاوی (موزیکی ڕەسەن و هاوچەرخ)ە. لێرەدا (هاوچەرخ) بۆ هاوسەنگ کردنەوەی (ڕابردوو– کۆن)ە بە (ئێستا– نوێ)وە واتە پێشکەش کردنەوەی (کۆن) بە شێوەیەکی (نوێ)[1].

"ئەگەر ڕەسەنایەتی لەچوارچێوە ناسیۆنالیستیەکەی دابماڵرێت، ئەرکیەکی وردتر و گرنگتر دەگرێتە دەست لەڕووی مەبەست پێکانەوە بۆ ئەو موزیکەی لەسەر شێوازی موزیکی فولکلۆری دانراوە، بۆ نمونە وەسفی وەك (فۆلکلۆریانە) یان (کەلەپوریانە) یان هەر زاراوەیەکی دیکە کە مەبەستەکە ورد دەسنیشان بکات، بەکاربهێنین، بەڵام وەسفی ڕەسەن بۆ کەسێك یان بەرهەمێك بەکاربهێنین، کە (شەخسی)ی تایبەتمەندی بەخۆی هەیە، بە بێ ئەوەی بە هۆی (غەریب بوون)ییەوە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکەی دابپچڕێت. ئەو کاتە ڕەسەن لەبواری موزیکدا دەکرێت ببێت بەسیفەتی موزیکژەنێك یان گۆڕانی بێژێك، کە کەسایەتی داهێنەرانەی خۆی هەیە. بەبێ ئەوەی موزیك لەئەرك کۆمەڵایەتییەکەی بخات. ئیدی گرنگ نیە ئەوکەسە بە چ شێوازێکی موزیکەوە خەریکە (فۆلکلۆر، موزیکی هەڵپەرکێ، کلاسیك، عیرفانی، ئەرەبێسك، پۆپ..تاد). لەم ڕوانگەیەوە ڕەسەن و ڕەسەنایەتی هەقی بە کۆن و نوێ و میللی و نامیللیەوە نامێنێت، هەر بەرهەمێکی هونەری لەسەر تەخت یاخود باکگراوەندە بابەتییەکەی (واتە توانستی تەکنیکی و پاشخانی کولتووری) نەخشێکی خۆییی کەسی هونەرمەندەکەی لەخۆگرتبێت

---

[1]. نزار سابیر، ناسیۆنالیزم و مۆزیك لە ئەزموونی کوردستانی عێراقدا، ئەڵمانیا ، ٢٠١١، ل١٨٨–١٨٩.

بەرهەمێکی ڕەسەنە، بەپێچەوانەشەوە هەر بەرهەمێك لەهەر کامێك لەم لایەنانەدا کورتی هێنابێت ناڕەسەنە"[١].

ڕەسەن بوون و ناڕەسەن بوونی بەرهەمێك یان موزیکێك، ئەوەندەی پەیوەندیدارە بەنزیکی و ئاشنایەتی بەڕوحی ئەو کۆمەڵگەیەی، کە تێیدا نمایش دەکرێت و دەخرێتەڕوو، ئەوەندە پەیوەندی بەکۆنی و تازەیی گۆرانی و موزیکەکەوە نیە، مەرج نییە هەر شتێك کۆن و لەمێژینە بوو ئەوە ڕەسەنە و هەرشتێکش نوێ بوو ناڕەسەنە. ڕەسەن بوونی موزیك و گۆرانی کوردی بەم ئاوایە ئەوەیە، کە دەربڕی باری ژیان و بارودۆخی ژیانی کۆمەلأیەتی کۆمەڵگە بێت. موزیك و گۆرانی کوردی هەڵگری تام و چێژێکە کە ئازار و نەهەمەتیەکانی کومەڵگە لەلایەك، شادی و شاییەکانی لەلایەکی ترەوە تێیدا بەرجەست بێت، گوێی کوردی پێی ئاشنابێت. بتوانین گۆشە شاراوە و تاریکەکانی ژیانی کوردەواری تێیدا ببینین و هەڵهێنجانی کولتووری و سیاسی و کۆمەلأیەتی تێیدا بەدی بهێنین، هەروەها بۆ هەمان مەبەست دەتوانرێت پێوەری دیکە لە ڕووی زانستی موزیکۆلۆجی ئیتۆموزیکۆلۆجییەوە بخرێتە ڕوو بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی ڕەسەن بوونی موزیکێك یان گۆرانییەك، هەر وەکو شاعیری جوانیناس عبدولاَ گۆران لە هۆنراوەیەکیدا لەپەیوەندیدا بەڕەسەنی گۆرانی و موزیکی کوردی و ئاشنابوونی بە میزاجی کوردەواری، گونجان لەگەڵ ڕوحیەتی کوردانە، بێزاربوون لە ئاوازو گۆرانی بێگانە، پاك و پوخت ڕاگرتنی ئەو هونەرە دەنوسێت :

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی رۆحی بێگانە

میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عبدولاَ،

دەخیلت بم دەسا بەو لاوك و ئای ئای و حیرانە

شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەرونی مات و چۆڵم کە!

لە بیتهۆڤن گەڵێ زیاتر بە رۆحم ئاشنای، وەڵلاَ

دە، ئەی دەروێش، سکالأیەك لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە![٢]

---

[١]. نزار سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢-١٩٣.

[٢]. عەبدوڵلاَ گۆران، دیوانی گۆران، چاپی سێیەم، نشر پانیز، تهران، ١٣٨٦، ل ١١٢.

ئەوەی دەتوانین هەستی پێبکەین ئەوەیە، کە ئێمە دوو مۆدێلی موزیکی ڕەسەنمان هەیە، کە شاعیر ئاماژەی پێدەکات ئەوانیش مۆدێلی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوای، کە خۆی لە بتهۆڤندا دەبینێتەوە، کە گوزارشتە لە ڕەسەنایەتی و بەرزی باڵای هونەرەکە، لە لایەکی ترەوە موزیکی ڕۆژهەڵاتیانەی کوردی کە خۆی لە دەنگە بەسۆزەکەی دەروێش عەبدوڵڵادا دەبینێتەوە، کە بەهەمان شێوە دەنگێکی ئەفسوناوی و تەڕوپاراوە لە پەیوەند بە دونیای کوردەواریانەی ئەم دەڤەرە، بەڵام لای شاعیرەکەمان دەنگی دەروێش لە بتهۆڤن زیاتر دەرونی مات و چۆڵی ئاوەدان دەکاتەوە، چونکە ختوکەی ڕوحی کڵۆڵ و دەشتی چۆڵی دەرونی دەدات.

دەشێت مەبەست لە کوردی بوونی ئەو مەقام و میلۆدیانە ئەو شوێن پەنجە و زەبرو شوێنەوارە بێت، کە ئەو بەرهەمانە، لە هەست و هۆش و بیرەوەری و میزاجی کوردەواریدا بەجێی دەهێڵن. لەبەر ئەوە ئەو مەقام و میلۆدیە ڕەسەنانەی توانیویانە شوێنەوار و شوێن پەنجە لەدڵدا بەجێ بهێڵن یان ئەو چەندان ئاوازە فۆلکلۆریانەی لەدێر زەمانەوە، "شەقڵ و بۆن و بەرامە و مۆرکی خۆماڵیانەیان پێوەیە، بۆ نمونە لە مەقامدا لاوك و حەیران و قەتار لەبەستەشدا ناسنامە و مۆرکی کوردیانەی ڕەسەنیان پێوەیە. سەدان و هەزاران ساڵە، گەلی کورد، گۆرانی و ئاوازی خۆی هەیە و بەدرێژایی ئەو تەمەنە دێرینەش، توانیویەتی تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی و بۆن و بەرامەی کوردەواریانەی خۆی بپارێزێ و لەناو ئاواز و گۆرانی دراوسێکانیدا جیابکرێتەوە، چونکە ئەو تایبەتمەندیانەی مەقام و ئاوازی کوردی هەیەتی، هیچ دراوسێیەکی نیەتی"[1]. کولتووری کوردی کەرەستەی گرنگ و دەوڵەمەندی لەبەردەستدایە، تاوەکو سەرمایەی کولتووری سودی لێ وەربگرێت، ئەم سەرمایە کولتوورییە هەم لە فۆلکلۆر، هەم لەهونەری میللی، هەم لە مێژووەکەیدا خۆی چەسپاندووە، بەڵام بەهۆی سود وەرنەگرتنی پێویست لەم سەرمایە کولتووریانە نەتوانراوە هونەری بەرز و نەمر پێشکەش بکرێت.

لەپەیوەندیدا بەم بابەتەوە، تیۆرسازانی سەرمایەی کولتووری وەك(پییەر بۆردیۆ) و (دی مگیو) لەو باوەڕەدان، کە "کۆمەڵگەیەك، کە سەرمایەی کولتووری زۆرتری هەیە، بە هونەرکاری هونەری باش و گرنگتر پەیوەندیدارە و ئەو کۆمەڵگەیەش کە سەرمایەی کولتووری کەمتریان هەیە، بە هونەری ڕەشۆکی و ئەو هونەرە پەیوەندیدارن، کە زۆرینەی خەڵك لێی تێدەگەن و سادەیە"[2] . بەم واتایە سەرمایەی کولتووری ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لەوەدا، کە کۆمەڵگە یان

---

[1]. محمد حەمە باقی، مێژووی مۆزیکی کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای موزیك و کەلەپوری کورد، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩-٤٠.

[2]. امیر مسعود امیر ظاهری، المصدر سابق، ص٥٥.

میللەتێك بە هونەری ڕەسەن و باشەوە سەرقاڵبێت یاخود بەهونەری ئاست نزم، هەر کۆمەڵگەیەك خاوەنی مێژوو و سەرمایەی کولتووری و شارستانیەت بێت، ئەوا هونەرێك بەرهەمدەهێنێ، کە ڕوحی داهێنان و ڕەسەنایەتی و نەمری لەخۆبگرێت، ئەمەش وادەکات داهێنان و بەردەوامی و بالأیی هونەر و کولتوورەکە لەبەرچاو بگیرێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە .

"ئەمڕۆ ئامادەیی موزیك لەبواری کولتووری گشتیدا زیاتر لەجاران ئاشکرایە و بە ناونیشانی کرداری کۆمەڵایەتی لە بوار و کرداری جۆراوجۆردا خۆی نمایش دەکات"[1]. موزیك دەرخەری توانای دروستکردنی شوناسە و ڕەگەزە گرنگەکانی کولتووری میللەتانە، "لەکۆمەڵگەدا موزیك بەناونیشانی هۆکاری ناساندن و دیاریکردنی کولتوور گرنگی خۆی هەیە، لێرەوە بەرهەمی تایبەتی موزیك لەگەڵ کۆمەڵگە بەردەوامی هەیە وەکو ئاڵای ئەو میللەتە نوێنەرایەتی دەکات"[2] . موزیك وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگی کولتوور هەڵگری توانای بەخشینی شوناسە بەتاك و کۆمەڵگە، ئەمڕۆ لە ناوەندە گەورەکانی دنیادا موزیك وەك نوێنەری کولتوورەکان بەشداری پێدەکرێت، موزیك دەتوانێت توانای بەزیندوومانەوە ببەخشێتە کولتوورێك لە ڕۆژگاری تێکەڵأوبوون و بەریەککەوتنی کولتوورەکاندا. شوناس بەخشین بە کولتوورێك لە نێو کۆی کولتوورە جیاوازەکانی دنیادا، وەکو موزیکی کوردی و موزیکی هیندی و موزیکی ئیرلەندی، کە هەریەکەیان هەڵگری شوناس و تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆیانن. ئێمە خاوەنی موزیکێکی کولتووری و موزیکێکی ڕەسەن و دەوڵەمەندین، بەڵام لەژێر هەژموونی کولتووری دەوڵەتە باڵادەستەکانی دراوسێمان و کولتووری بێگانەدا، هێواش هێواش گەشەی ئەم کولتوورە لە پاشەکشەدایە، هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم نەبوونی هەستێکی ڕوحی قوڵە بەدرککردنی گەورەیی و دەوڵەمەندی ئەم موزیکە، هەروەها نەپاراستنی لەڕێگەی دامەزراوە و ئینیستوتی هونەری و ڕۆشنبیرییەوە، بەواتایەکی تر نەبۆتە خەمێکی گشتیی و جێگەی گرنگی پێدانی لایەنی پەیوەندیدار و هەڵاوێردکردنی کولتوور و موزیکی بێگانە لە هونەرە ڕەسەن و خۆماڵیەکە.

## دووەم: موزیك و تەکنەلۆژیای نوێ

تەکنەلۆژیا وەك بەرهەمی پرۆسەی نوێگەری، هەموو کون و کەلەبەرەکانی دونیای گرتۆتەوە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەهەمان شێوەی بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی و

---

[1]. أندرو بووی، زیبایی شناسی و زهنیت، فرنگستان هنر، تهران، ١٣٩١، ص٣٩١.

[2]. أنتونی ستوار، موسیقی و زهن، ترجمه: غلامحسبن معتمدی، نشرمرکز، تهران، ١٣٨٨، ص٤٠.

ئابووری و سیاسی و سەربازی، کایەی کولتوور و هونەریشی گرتۆتەوە، لەنێو کولتوور و هونەریشدا موزیك وەك کایەیەکی گرنگی هونەر سود و زەبری ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی بەرکەوتووە. ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت، کە بڵێین تەکنەلۆژیا زیانەکانی زیاترە لەسودەکانی لەجیهانی موزیکدا، هەندێك بڕوایان وایە، کە تەکنەلۆژیا پێویستییەکی گرنگ و بەنرخ بوو بۆ پاراستن و ڕزگارکردنی بەرهەمە هونەرییەکان لە خەوش و لەناوچوون، چونکە تەکنەلۆژیای نوێ ئەو ئامێرانەی بەرهەمهێناوە، کە دەتوانێت بەشێوەیەکی وردو بەکوالێتیەکی باش لەنێو ستۆدیۆکاندا بەهۆی ئامێرە دەنگ هەڵگرەکان و ئامێرەکانی تۆمارکردنەوە، موزیك و گۆڕانیەکان بە ئاستێکی چۆنایەتی بەرز تۆماربکرێن ئەمە لە لایەك، هەروەها هەڵگرتنی تۆمارەکان بۆ ماوەیەکی زۆر و کاتێکی درێژ لەسەر سی دی و میمۆری و تۆمارکەرە ئاست بەرزەکان لەلایەکی ترەوە بپارێزێت.

هەندێکی تر لە ڕەخنەگرانی موزیك بڕوایان وایە، کە بەهۆی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیای نوێوە زەوق و سەلیقەی هونەرمەند و گوێگرەکانیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ناتوانین دەنگی خۆش و دەنگی ناخۆش لێك جیابکەینەوە، بەهۆی چەهچەهە و چریکە خستنەسەر دەنگ و ئاوێتەکردنی بەسۆز و چەهچەهەی ئەلکترۆنی، هەروەها لەموزیکیشدا بەئاسانی تەواوی دەنگی ئامێرە جیاجیاکانی موزیك لەنێو یەك ئامێری (سایزەر یان ئۆرگ)دا جێکراوەتەوە، کە تا ئەندازەیەکی زۆر خاڵیە لەو هەستە موزیکیەی، کە لەخودی ئامێرەکە خۆیدا بەرجەستەیە، بە پەنجە و هەستێکی هونەریانەی بەرز پێشکەشدەکرێت. لەپێش پەیدابوونی ئامێرە ئەڵکترۆنییەکان، ژەنیارەکان لە ماڵێکدا لەدەوری یەکتری کۆدەبوونەوە و کاری موزیکیان دەکرد. ئەو جۆرە ژەنینە گەشەی کردوو بە ( موزیکی ماڵ – کۆڕ ) یان (مەجلیس)ی ناونرا، لە مێژووی موزیکدا جێگەیەکی دیاریکراوی پەیداکرد. بەڵام بەپێگەیشتن و گەشەسەندنی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان، قۆناغی (میوزیکی کۆڕ) بەسەرچوو. "ئەگەر لەڕابردوودا موزیسیانەکان سەرەڕای ژەنین بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و نوسینی زانستی موزیك خۆیان خەریك بوونایە، لە باشبوون و گەشەی موزیکدا کاریگەری گەورەی دەبوو. لەمڕۆدا باشترین پارچە، هاوکات لەگەڵ باشترین ئۆرکێسترا بەبێ هەڵە تۆماردەکرێت و پێشکەش دەکرێت، بەڵام ئەم موزیکە بەبێ لێکۆڵینەوە و دەربڕینی ڕا پێشکەش دەکرێت. کە دەکرێت، پرسیارێکی وروژێنەر بێت! لەکاتێکدا موزیکی کۆڕ لەڕابردوودا بە ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژکرن پێشکەش دەکران، بێجگە لەلایەنی خراپی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان کە ئاماژەی پێکرا، ئەو ئامێرانە کاریگەری زۆرباشیشیان لەڕووی گەشەپێدان و

بەگشتیکردنی موزیك هەبووە"[1]. "بڵاوبوونەوەی ئامێری کیبۆرد، کە لە سایەی نەبوونی کولتوورێکی موزیکیانەی بەهێز لەلایەك و توانای ماددی و تەکنیکی لەلایەکی ترەوە، توانی بەئاسانی دڕ بە دیمەنە مۆزیکییەکان بدات"[2].

دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەك دەنگدانەوەیەکی موزیکی بەخۆیەوە بینی و دیمەنێکی فرە ڕەنگترو ئاڵۆزترو قەرەباڵغتری نەخشاند، ئەوەی دیمەنەکەی پێ جوودا دەکرێتەوە، پڕانی ژمارەی گۆرانی بێژان و هەڵقەی موزیکژەنان و هەمەڕەنگی شێوازە موزیکییەکان و لە هەمووشیان دیارتر، باوسەندنی بەگوڕی (ڤیدیۆ کلیپ) بوون. بەهۆی پەرەسەندنی تیژڕەوی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵینەی ڕاگواستنی دەنگ و ڕەنگەوە سروشتییە، کە ڕۆژبەڕۆژ (وێنە) خۆی بە دەنگی موزیکەوە هەڵبواسێت، بەڵام ئەو ئیمکانیاتە ڕاستەوخۆیەی وێنە بۆ خۆدەرخستن دەیڕەخسێنێت، وایکردووە گەلێك لە گۆرانی بێژانی بێ بەهرە و بێ توانا، بۆ تێرکردنی ئارەزووی نێرگزیانەی(نرجسی)دەروونیان هەتا بێت پتر وێنە بەدەنگەوە هەڵبواسن"[3].

ئەدۆرنۆ لەیەکێك لە وتارەکانی خۆی لەمەڕ پەیوەندی نێوان هەستی بیستن و گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و تەکنیك و کەمبودی هێمنی دەدوێ. "ئەو نەمانی موزیك بۆ جیهانی پڕ سەرقاڵی و دەسەڵات پەیداکردنی تەکنیکەکان دەگەڕێنێتەوە"[4]. تەکنیکە ئامێری و دەستکارییە زۆرەکانی مرۆڤ بۆ دەنگی سروشتی، بەئامێرکردنی موزیك و کۆکردنەوەی لەتۆمارکەرێکی تەکنەلۆژی و گواستنەوەی دەنگ لەبارێکی زیندووە و بۆ نێو ئامێرێکی بێ ڕوحی وەك تۆمارکارە دەنگییەکان، هەروەها سەرقاڵیەکانی مرۆڤ بە دنیای ماددیگەرایانەی خۆیەوە، وایکردووە نرخ و بەهای هونەری موزیك تائەندازەیەکی زۆر لەکورتی بدات، مرۆڤی نوییی ئەمڕۆ سەرقاڵ نییە بە تێرکردنی ئارەزووە ڕووحیەکانی، هێندەی خەریکی پڕکردنەوەی ئارەزووە جەستەیی و ماددیەکانێتی، ئەو بۆشاییە گەورەیەی دروستبووە لەنێو هەست و مەعنەویەتی مرۆڤی ئەمڕۆدا بەرئەنجامی ئەو دابڕانە گەورەیەیە لەدنیا ناوەکییەکانی خۆی.

بەبڕوای نەریتخوازەکان دنیای نوێ و هونەری ئەم دنیایە ناتوانێت دەربڕی هەست و ئیرادە و توانا ناوەکییەکانی مرۆڤ بێت، هەروەها ناتوانێت پەخشکەرەوەی پەیامە قوڵەکانی

---

[1]. حەسەن زیندە باف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

[2]. نزار سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

[3]. نزار سابیر، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٨

[4]. سەلاح حسن پاڵەوان، تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٣.

مرۆڤایەتی بێت، هەروەك یەكێك لە فەیلەسوفە نەریتخوازەكان، كە ئەویش ئاناندا كۆماراسوامی یە لە وتاری( پێشەی دەستی خۆماڵی و كولتوور)دا هەوڵیدا ئەم ئایدیایە بەنمونەی گرامافۆن ڕوونبكاتەوە، كە دەنوسێت:(كەسێك گرامافۆن بە بەڵگەی عیشقی بۆ موزیك بزانێت، بەڵام گرامافۆنێك كە لە كارخانە بەرهەمدێت، ڕۆژ بە ڕۆژ توانای درككردنی موزیكی ڕاستەقینە لەنێو دێهاتەكاندا لەناو دەبات). بە واتایەكی تر لە دایكبوونی میكانیكی گرامافۆن، كە هەر پارچەیەكی كەسێكی جیاواز دروستی دەكات و كەسێكی تر لەگۆترەی دەدات، نەریتی پیشەی دەستی جێگەگرتنەوەی بە بەرهەمی میكانیكی كارخانەكان و كارگەی بچوك نیشانەی مردنی كولتوورە. هەوەها دەنوسێت:"هەموو كاتێك و لەهەموو شوێنێك چاودێری كردنی مرۆڤ و مەكینە وێرانكرنی كولتوورە"[1].

نەریتخوازەكان، كە كاری زۆر قولْ و گرنگیان لەسەر هونەری نەریتی و هونەری مەعنەوی كردووە، پێیانوایە هونەری پیرۆز و هونەری كولتووری نەریتی كۆمەڵگە، پەخشكەرەوەی ڕوحی جیهانە بۆ سەر تاكە تاكەی مرۆڤەكانی ناو ئەم جیهانە، ئەم هونەرە هونەرێكی نەمر و جاویدانیە، كار لەسەر پەیوەندی و ئازارەكانی مرۆڤ دەكات لەپەیوەندیدا بە ژیان لەنێو بووندا. ئەم هونەرە كاریگەر نیە بە تەكنەلۆژیا و تێكەڵی تەكنیكە میكانیكییە پەتییەكان نەبووە، كە تێیدا شوێنێك بۆ هونەری ڕەسەن و ماناكانی نامێنێتەوە. لە دیدگای نەریتخوازەكاندا پێویستە هونەر گوزارشت بێت لەڕوحی ئەو كۆمەڵگەیەی، كە ئەو هونەرەی تیادا پەخش و پێشكەش دەكرێت. ئەوان نموونەی باڵای هونەریی لەنێو هونەری ئایینی و هونەری كلاسیكدا دەبینەوە، كە لە هەر كات و سەردەمێكدا و لە هەرشوێنێك واتا و مەغزاكانی خۆیان ون ناكەن و تەكنیكەكانی هونەری مۆدێرن ناتوانن لە بەهاكانیان كەم بكەنەوە.

## سێیەم: موزیكی كوردی وەك كاڵا

مەبەست لە بەكاڵاكردنی موزیك مامەڵەكردنیەتی وەكو مادده و شمەك، دابڕانی لەجیهانە مەعنەوی و ناوەكی و هەستەكیەكان و فۆڕم پێبەخشینی وەك پارچە كاڵایەك، كە كڕین و فرۆشتنی پێوە دەكرێت، وەكو سەرچاوەیەكی دارایی و ئابووری مامەڵە دەكرێت. ئەمەش دەتوانین ناوی بنێن (لەهونەر كەوتن). واتە چیدی شتێكمان نییە وەكو هەست و جوانی و چێژ لێی بڕوانین تا وەكو هونەر بیناسێنین، یاخود پەیام و ئەركێكی گرنگ و مرۆییانەی هەبێت، بەڵكو ئەوەی هەیە شتێكە بێ روح و بێ كاریگەرییە، كە تەنها مەبەست لێی بەرژەوەندی

[1]. رامین جهانبگلو، روح هند، ترجمە: حسین فراستخواه، نشرنی، تهران، ١٣٨٩، ص١٨٣.

ئابووریە، ئەمەش جیای دەکاتەوە لەوەی موزیك وەك کار یاخود ئەوەی پێی دەگوترێت (بازرگانی) تەماشا بکەین، کە دوو ئاڕاستەی جیاوازن.

ئەو زیانەی بەر هونەر و داهێنانەکانی دەکەوێت لەبەر ئەوەیە، کە بووە بە ئامرازێکی ئابووری ئەم سەردەمە و بەوەش بووە بە کالأیەکی پیشەسازی وەك هەر کالأیەکی دیکە. "هونەر کالأیەکی سەرنج ڕاکێشە بۆ ئەوانەی، کە تەنها بەپێوانەیەکی ئابووری پەتی لێی دەڕوانن، مەبەستیان تەنها بەدەستهێنانی دەستکەوت و قازانجی ئابوورییە، بایەخ پێدانی پیشەسازی لەو چەشنە وادەکات لەسەر سود وەرگرتن لە موزیك لەڕێگەی زۆرترین ئامراز بۆ دابینکردنی سود و قازانج، چ لەرێگەی ئێزگە و فرۆشتنی کاسێتی(CD)یاخود کاسێتی ئاسایی یاخود دابەشکردنی ژمارەیی لەرێگەی ئینتەرنێتەوە. وادەکات گرنگی دان بە لێوارە دوورەکانی مێژووی موزیك لەگەڵ ئەزموونی هونەرمەندە موزیکییەکانی نوێدا دیاریکراو بێت"[1].

"گۆرانی بێژان، کە بەگوڕێکی تۆمارشکێن لەزۆربووندان، زۆربەیان هونەر تەنها لە (سیما شارستانی)ەکەیدا دەبینن و گۆرانیە ئاست نزمەکانیان تەنیا بیانوون بۆ خۆدەرخستن لە ڤیدیۆ کلیپە ناڕەسەنەکاندا. بێجگە لەوە گۆرانی بێژانی بیٚ بەهرە و ڤیدیۆ کلیپەکانیان پانتاییەکی سەرتاسەریان لەئیستهلاکی میدیاییانەدا بۆ ڕەخساوە، چونکە بەرنامە تەلەفیزیۆنییە کەیفسازەکان هەتا ئەندازەیەکی بەرچاو هیچ هونەرێك لەم نەتەوەیەدا شك نابەن شیاوی کۆڕ و کۆبوونەوەکان بێت، بێجگە لەهونەری گۆڕانی. جێگەی باسە میدیا جەماوەریەکان ( mass media) و ئیستهلاکی میدیایانە(media consumption) لایەنێکی دیکەی (سیما شارستانیەتی)یەکەی کوردستانی عێراق دەنوێنن، لاسایی کردنەوەی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی ڕۆژئاوا(هەندێکیان لەتەلەفزیۆنە عەرەبی و تورکیەکانەوە)، جگە لەلایەنە بازرگانیەکەی، هەر مایەی شانازی شارستانی نین"[2].

پەیوەندی نێوان خەرجکردن و بەکارهێنان، داواکردن و خستنەڕوو لەنێو سیستەمی ئابووریدا چەند چەمکێکن زۆر گرنگی پێدراون. ئەگەر کالأیەك لەڕووی ئابووریەوە داواکاری لەسەر بێت خستنەڕووی لە بالأدا دەبێت، بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. هەروەها ئەوکالأیەش زۆر دەخرێتەڕوو، کە داواکاری لەسەر زۆرە، بۆیە ئەگەر هاتوو هونەر ئەو سیفەتی بەکالأبوونەی

---

[1]. سایمۆن ماندی، موزیك و جیهانگرایی، وەرگێڕان: نایف شێخانی، دەزگای موزیك و کەلەپوری کورد، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٣٢ .

[2]. نزار سابیر، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧٨.

وەرگرت و وەکو شمەکێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەوە مەترسیەکی زۆری لەسەرەو هەمیشەش لە دۆخێکی ترسناکدا دەژی، بۆیە ئەگەری هەیە هەر ئەو هونەرە بەپێی سیستەمی بازاڕ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەك بەپێی سیستەمە ئیستاتیکییەکان، ژمارەیەکی مەزن لە هونەرەکان لەبەردەم تەوژمی بازاردا توشی شێوەیەك لەسەر لێ شێواندن دەبن، بەلأم ئەمەش نابێتە ئەوەی، کە مەزنی خۆیان لەدەست بدەن، بۆ نمونە ئەدۆرنۆ لەچەند وتارێکدا هێرشی گەورە دەکاتە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەسەرچاوەی ترسی دادەنێت بۆ بەهیچکردنی هونەرو بەڕووکەشکردنی بەها هونەرییەکان"[1].

ئەو مەترسیە گەورانەی، کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی هونەری موزیك دەبێتەوە لەجیهاندا بەگشتی و لەکوردستاندا بەتایبەتی، گرنگیدانی زۆرینەی خەڵکە بە موزیکی کالأیی و پشتکردنە موزیکی هونەری و مامەڵەکردنە لەگەڵ موزیك وەك شمەك، هەروەها ڕەچاونەکردنی ئیستاتیکاو جوانی و چۆنیەتی ئەو هونەرە و گرنگی نەدان بەئارامی و چێژوەرگرتن لێی، هەروەها زۆربوونی موزیك و گۆرانی جەماوەری کە تەنها سەرگەرمی و کات بەسەربردنە بەبێ گرنگیدان بە ئاستی هونەری و کوالێتی و واتاکانی موزیك و گۆرانیەکە، کە دەرخەری هەژاری کولتووری و دواکەوتویی کولتوورییە. ئەمەش پاشەکشەی کاری جدی و هونەری ڕەسەن و بالأی بەدوادا دێت، هەروەها پاشاگەردانی لەکاری هونەریدا دروست کردووە لەنێو هەموو ژانرە جیاجیاکانی هونەردا.

واتای ڕاستەقینەی تیۆرەکەی مارکس دەربارەی(بە بتبوونی کالأ) بۆ تێگەیشتنی تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لە کولتووری گشتی پرۆسەی نوێگەری باشترین ڕێگە نیشاندەر بوو. تیۆرییەکەی مارکس لەهەناوی تیۆرییەکەی ئەدۆرنۆ دەربارەی پیشەسازی کولتوور خۆی حەشارداوە. ڕوانگەی مارکس دەربارەی بەبت بوونی کالأ بۆ ئەدۆرنۆو قوتابخانەی فرانکفۆرت بنەمای تیۆرییەکە، کە دەڵێت شێوەکانی کولتوور لەبەرانبەر موزیکی پۆپ دەتوانێ دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و ئایدۆلۆجی سەرمایە بەدەست بهێنێت. ئەدۆرنۆ لەواقیعدا لێکۆڵینەوەی مارکس لەبارەی بەبت بوونی کالأ و ئاڵوگۆڕ بۆ خستنەڕووی کالأ کولتووریەکان گەشەپێدا. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ بازاڕی موزیکدا لەپەیوەندیدایە. ئەو بەهەمان شێوە چەمکی(بەبت بوونی

[1]. سەلاح حسن پاڵەوان، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤-٣٥.

موزیك)ی بەكارهێنا، ئەدۆرنۆ لەو باوەڕەدابوو، كە هەموو ژیانی موزیكی هاوچەرخ لەژێر دەسەلأتی شێوەی كالاَ و دوایین پاشماوەی ئەم چەرخە پێش لەسەرمایەداری لەنێو چووە"[1].

ئەدۆرنۆ دەربارەی بەكالأبوونی موزیك، دەنوسێت: "ئێستا موزیك لەسیستەمی بەكاربردندا بە شێوەی كالاَ و شت خۆی نمایش دەكات"[2]، بەرخۆران وەها بیردەكەنەوە، كە لەڕاستیدا لەبیستنی میوزیك چێژ دەبەن، لەكاتێكدا، كە بیرۆكەی ستانداردبوون و بیَ متمانەبوونی بەرهەم لەپشتی بەرخۆری ئەوانەوە بوونی هەیە.

ئەمڕۆ موزیك لەجیاتی ئەوەی ئامانج بێت گۆڕاوە بۆ هۆكار(وسیلە)، گۆڕاوە بۆ كالاَ. "دەتوانین بڵێین موزیك چیدی هێزێكی مرۆیی نییە، بەڵكو وەكو هەموو كالأكانی تر مەسرەف دەكرێت"[3] . ئەم بۆچوونە لەپەیوەندیدا بەبازاڕی میوزیك لە كوردستاندا تاڕادەیەكی زۆر ڕاستی لەخۆگرتووە، ئەو بازاڕەی بۆ هەڕاجكردنی گۆرانی و موزیكی كوردی خراوەتەگەڕ لەسەر دەستی كاركەرانی بیَ هەستی موزیك و كڕیارانی سادە و ساكاری ئەم جۆرە هونەرە ئاست نزمە، هەروەها ئەوەی، كە لە دانیشتنە شەوانەیی(گەعدە)و ناو باڕەكان و سەرجادەكان گویَ بیستی دەبین، لەگەڵ خستنە بازاڕی بەلێشاوی سی دی و تۆماری ئەم كارە بەناو هونەریانە، شێواویەكی زۆری لە میزاج و بیركردنەوەی مرۆڤی كورددا دروستكردووە، كە هەڵبەتە بەشێكی بۆ غیابی كاری جدی و بەشێكیشی بۆ ڕەواج پێدانی ئەم بەناو هونەرە دەگەڕێتەوە، كە گوزارشتە لە ئاستی هۆشیاری مرۆڤی كورد و كولتوورەكەی.

---

[1]. دومینیك استریناتی، مقدمەای بر نظریەی فرهنگ عامە، ترجمە: پریا پاك نظر، چاپ پنجم، انتشارات گام نو، تهران، ١٣٨٨، ص٨٩.

[2]. مهری بهار، المصدر سابق، ص ٢٠٧.

[3] .Adorno TW, ‘A Social Critique of Radio Music’ Kenyon Review ٧ on. ٢(spring ١٩٤٥) p٢٠٨.

# دەروازەی دووەم

# لایەنـــی مەیدانـــی

# بەشی چوارەم

## ڕێکارە میتۆدییەکان و هەنگاوە مەیدانییەکانی تویژینەوەکە

### یەکەم: ڕێکارە میتۆدییەکانی تویژینەوەکە

یەکەم: میتۆدی وەسفی

دووەم: میتۆدی بەراوردکاری

سێیەم: میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆك

### دووەم: هەنگاوە مەیدانییەکانی تویژینەوەکە

یەکەم: هەڵبژاردنی کۆمەڵگە و نموونەی تویژینەوەکە

دووەم: بوارەکانی تویژینەوەکە

سێیەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

# بەشی چوارەم

## ڕێکارە میتۆدییەکان و هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕێکارە میتۆدیەکانی  توێژینەوەکە (( Study Methods ))

"میتۆد ئەو ڕێگە و شێوازەیە کە توێژەر بەکاریدەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پۆلێنکردن و ڕاڤەکردنیان لەو توێژینەوە زانستییەدا کە ئەنجامی دەدات"[1]. میتۆدەکان چوارچێوەی تێگەیشتین، کە ڕاستییەکان دیاری دەکەن و هەروەها کۆکردنەوەی زانیارییەکان و چۆنیەتی خستەڕوویان. لەم توێژینەوەیەشدا چەند میتۆدێکی زانستی بەکارهاتوون، بەڵام "لەڕووی شێوازەوە توێژینەوەکە وەسفی شیکاریە، کە تێیدا زانیارییەکان کۆدەکرێنەوە و دەخرێنەڕوو پاشان هەوڵی ڕاڤەکردنی ڕاستییەکانی ناو ئەو زانیاریانە دەدرێت"[2]. لەم توێژینەوەیەدا سود لە زیاد لەمیتۆدێك وەرگیراوە بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەکە، کە لێرەدا دەخرێنەڕوو ئەوانیش بریتین لە:

### یەکەم: میتۆدی وەسفی– شیکاری ((المنهج الوصفی،Descriptive Method ))

میتۆدی وەسفی لە دوو شێوازدا بەرجەستە دەبێت، یەکەمیان شێوازی داتا و ژمارەیە، دووەمیان  شێوازی چۆنیەتی و شیکاری و شرۆڤەیە[3]. لەم توێژینەوەیەدا شێوازی دووەمی ئەم میتۆدەمان بەکارهێناوە، کە خۆی لە شێوازی وەسفی _ شیکاریدا دەبینێتەوە. چونکە ئەو دیاردانەی لەم توێژینەوەیەدا کاریان لەسەر کراوە زیاتر بۆ لێکۆڵینەوەی شیکاری دەستدەدات تا ژمارە و داتای ڕووت و ئەبستراکت. میتۆدی وەسفی بۆ وەسف و شرۆڤە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوە لە زانستە مرۆییەکاندا بەکاردێت[4]. ئامانجی پشکنینی ڕەوش یان دیاردەیەکە وەکو ئەوەی لەواقیعدا هەیە[5]. لەم توێژینەوەیەدا بە تەواوەتی پشت بەم میتۆدە بەستراوە، چونکە

---

[1]. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، دار العربة للموسوعة، بیروت، ١٩٩٩، ص٥٩٩.

[2]. عبدالباسط  محمد الحسن، اصول البحث الاجتماعی، الطبعة السادسة، مکتبة الوهبة، القاهرة، ١٩٩٧، ص ٢٠٤.

[3]. سهیلة ابو سعید و عبیدات، البحث علمی: والبحث النوعی والبحث الکمی، منشورات دار الفکر، عمان، ٢٠٠٢، ص ٢٧٩.

[4].قصی الحسین، کتابة البحوث العلمیة و الاکادمیة المنهجیة الحدیثة، دار و مکتبة الهلال، بیروت، ٢٠٠٧، ص٢٧.

[5]. محمد شوانی، سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١١٠.

میتۆدێکی شیکارییە و توێژینەوەکەش توێژینەوەیەکی (کەیفی – وەسفی)یە. وەسفی دیاردەی گۆڕانی کولتووری دەکات لەژێر کاریگەری پرۆسەی مۆدێرنەدا، کە چۆن وردە کولتوورەکان گۆڕانیانە بەسەردا دێت.هەروەها شرۆڤەی هۆکار و پاڵنەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکات.

## دووەم: میتۆدی بەراوردکاری ((المنهج المقارن ، Comparative Method ))

"ئەم ڕێبازە گرنگی دەدات بەلێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لەلایەنی لێکچوون و جیاوازی لەنێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها لەڕووی مێژووی و شوێنەوە لە دیاردەکۆمەڵایەتیەکان دەکۆڵێتەوە بەراوردیان دەکات، لەڕووی مێژوویەوە بەراوردی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات لەچەند قۆناغێکی مێژووی جیاوازو یەك لەدوای یەکدا. هەروەها لەڕووی شوێنەوە بەراوردی دیاردەیەك دەکات لەشوێنێك و هەمان دیاردە لەشوێنێکی تر"[1].

ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر بەراوردکردنی دوو جۆر کولتووری جیاواز لەیەك کۆمەڵگەی دیاریکراودا و کاریگەریان لەسەر یەکتر و ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوەکانیان دەکات. کە ئەوانیش کولتووری نەریتی و ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردییە لەگەڵ کولتووری نوێگەری ڕۆژئاوایی و ئەو پەیوەندی و دەرگیربوونەی، کە لەئەنجامی بەریەکەوتنیانەوە بە یەکتری دروست دەبێت. لەهەمان کاتدا بەراوردکردنی گۆڕانە کولتووریەکان لەڕووی ماددی و نامادییەوە، هەروەها بەراوردکردنی مۆدی کۆمەڵایەتی بەسەرچوو لەگەڵ مۆدی نوێ و تازەدا، وێڕای بەراوردکردنی موزیکی ڕەسەن لەگەڵ موزیکی نوێدا.

## سێیەم: میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆك ((تحليل المضمون،Content Analysis ))

ئەم میتۆدە پەیوەندیدارە بەلێکۆڵینەوەی بیروڕای مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرسیارکردن و چاوپێکەوتنەوە، یاخود بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بە گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامە و تۆمار و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی"[2]. توێژەر ئەم میتۆدەی بەکارهێناوە بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ناسینی دیاردەکە وەك فاکتێکی کۆمەڵایەتی. لەم توێژینەوەیەدا بەوردی کار بەم میتۆدە کراوە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو تیۆرانەی بەکارهاتوون ئەو چاوپێکەوتنانەی، کە ئەنجام دراوە لە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانیدا.

---

[1]. عبدالغنى عماد، منهجية البحث في علم الاجتماع، بيروت، ٢٠٠٧، ص٢٥.

[2]. ربحى عبدالقادر الجديلى، مناهج البحث العلمي، ٢٠١١، ص٣٣.

## دووەم: هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

### ١. هەڵبژاردنی کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە

"کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەکۆی ئەو یەکە و ڕەگەزانەی دیاردەیەك، کە توێژەر لەبارەیەوە توێژینەوە ئەنجام دەدات، دەگونجێت ئەو یەکە و ڕەگەزەی توێژینەوەیە تاك، خێزان، قوتابخانە، کارگە دامەزراوە بێت"[1]. لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لەشاری سلێمانی وەکو شارێکی کولتوری و ڕۆشنبیری، هەروەها نموونەی توێژینەوەکەشمان بریتییە لە دەستەبژێرێك لە توێژی خوێندەوار و ئەکادیمیست و تایبەتمەندانی بواری کۆمەڵناسی و کوولتور و مۆدەکان و هونەری موزیك و گۆرانی کوردی. بۆ ئەم مەبەستە جۆری نموونەی توێژینەوەکەمان لە (**نموونەی مەبەستدار**)ە، ژمارەی نموونەی توێژینەوەکەشمان، کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بریتین لە(١٦) لێتوێژراو لە دەستەبژێری ڕۆشنبیر و ڕەخنەگر و هونەرمەند و ئەکادیمی و توێژەرانی کۆمەڵایەتیدا لەشاری سلێمانی کراوە، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە. لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان کەیفیە ڕاوبۆچوونی ئەوە دەستەبژێرەمان بە پێویست زانی بۆ خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکە.

### ٢. بوارەکانی توێژینەوەکە

أ. بواری شوێنی(مکانی): توێژینەوەکە ناوەندی شاری سلێمانی هەڵبژاردووە وەکو لایەنی جوگرافی و شوێنی توێژینەوەکە.

ب. بواری مرۆیی(بشری): بریتییە لە تەواوی دانیشتوانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی، کە لە ڕێگەی تێبینیکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە سەر شێوازی ژیان و کولتوورەکەیاندا هاتووە.

ت. بواری کاتی(زمنی): ماوەی توێژینەوەکە چوار مانگ بوو، کە لە ٢٣/ ٢٠١٦/٨ وە دەست پێدەکات تا ٢٠١٦/١٢/٢٣. واتە ئەو ماوەیەی کە کاری مەیدانیم ئەنجام داوە.

---

[1]. عقيل حسين عقيل، فلسفة مناهيج البحث العلمي، مكتبة مدبولي، بيروت، ١٩٩، ص١١٧.

## سێیەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

### یەکەم: تێبینی ((Observation ، الملاحظة))

هەر توێژینەوەیەك، کە ئەنجامدەدرێت لەئەنجامی تێبینی توێژەرەوە سەرچاوە دەگرێت، تێبینی وەك کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا سودی لێوەرگیراوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە قسەکردنی نموونەی توێژنەوەکەش لەسەر دیاردە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی توێژینەوەکە هەر لە تێبینی کردنیانەوە سەرچاوەی گرتووە. "دوو ڕێگەی تێبینیکردنمان هەیە **یەکەمیان** تێبینی گشتی، کە ڕێگە بە توێژەر دەدات تێبینی ڕەفتاری کۆمەڵێك بکات بەبێ خۆبەستنەوە بە سیستەمێکی دیاریکراوەوە. **دووەمیان** تێبینی سیستەماتیك، کە ڕێگە بە توێژەر دەدات تێبینی وردی دیاردەیەك یان ڕەفتارێك بکات لە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتیدا، کە پەیوەندی بە سیستەمە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکەوە هەبێت"[1].

لەم توێژینەوەیەدا ڕێگەی دووەم پەیڕەوی کراوە، چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەیەکی وەسفی و کەیفیدا گونجاوە. هەروەها لەجۆرەکانی تێبینی سیستەماتیکدا جۆری **تێبینی بەبەشداریکردن** بەکارهاتووە، کە تێیدا توێژەر وەك نموونەی توێژینەوەکە لە واقعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و بەرجەستەدا ئەزموونی تەواوی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە، کە خۆی لە گۆڕاکارییە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە، بەدیاریکراویش ڕۆڵی پرۆسەی نوێگەری لەگۆڕانی مۆدە کۆمەڵایەتیەکان و موزیکی کوردیدا.

### دووەم: چاوپێکەوتن (( Interview ، المقابله ))

چاوپێکەوتن:- بریتییە لەپەیوەندی زارەکی(التفاعل الفظي) لەنێوان دووکەس یان زیاتردا لەشوێنی ڕووبەڕووبونەوەدا، توێژەر هەڵدەستێت بەئەنجامدانی چاوپێکەوتن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و گوزارشتی ئەوانی تر، هەروەها بەیانات و زانیاری بەدەست نایەت ئەگەر چاوپێکەوتن نەبێت بەشێوەی ڕووبەڕوو"[2]. ئەم ڕێگایە بە واتای قوڵبوونەوە لەژیانی کەسێکی نەناسراو دێت لای توێژەر، بەهۆی هاندان و بەبیرهێنانەوەی یادەوەری لێتوێژەرەوە دەربارەی زانیارییەکانی ڕابردووی، یان ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بەژیانی تایبەتی یان ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیەوە، لەڕێگەی خستنەڕووی هەندێك پرسیاری سەرەتاییەوە بۆ چوونەسەر ئەو

[1]. مەعن خلیل عمر، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، وەرگێڕانی: محمد شوانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٢٩.
[2]. على عودة محمد، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار افكار للدراسات والنشر، دمشق، ٢٠١٢،ص٣٥.

پرسیارە سەرەکیانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەژیان و بەهاو هەڵوێست و بیروبۆچوونی لێتوێژەرەکەوە هەیە، ئەم پرۆسەیەش ڕووبەڕوو ئەنجامدەدرێت و وەڵامەکانیش زارەکی و بێ ناچارکردن دەبێت"[1] . بۆیە پێویستە لەسەر توێژەر هەر لەسەرەتاوە ناونیشان و بابەتی توێژینەوەکە باس بکات و سروشتی کارو چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەکە ڕوون بکاتەوە. هەروەها لێتوێژەران لەوە ئاگادارو دڵنیا بکاتەوە، کە زانیارییەکان نهێنین و ناسنامەی لێتوێژەران بۆ هیچ کەسێك ئاشکرا ناکرێت.

جۆری چاوپێکەوتنەکە ڕاستەخۆیە، کە لە (چاوپێکەوتنی چڕ)سود وەرگیراوە، کە تێیدا توێژەر پرسیاری هەمەڕەنگ و پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەی دەکات، هەروەها خستنەڕووی پرسیارەکان کۆت و بەندی بۆ دانەنراوە، ئەم شێوازە ڕێگە بە توێژەردەدات لە میانەی وەڵامی لێتوێژراوانەوە پرسیاری تر دروست بکات، هەروەها هاوکات چاوپێکەوتنی(مقنن)یش بەکارهێنراوە لەگەڵ هەندێك لە لێتوێژراواندا. لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن وەکو ئامرازێکی زانستی بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی گۆڕانکاری کولتووری کۆمەڵگەی کوردی لە ژێر کاریگەری پرۆسەی مۆدێرنەدا لە ناو شاری سلێمانی، کە تێیدا توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە لەگەڵ ١٦ دەستەبژێری ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەکادیمست وەکو نموونەی توێژینەوەکە لەنێو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، کە شارەزا و ڕەخنەگری بوارەکانی کولتوور و موزیك و مۆدە کۆمەڵایەتیەکانن، کە تەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئەوەیە، کە ژمارەی بەشداربووانی ژنان و کچان زۆر کەمە چونکە ئامادە نەبوون چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەم بە پاساوی جیاواز جیاواز، کە بەشێکی بەبڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ داخرانی کولتووری کۆمەڵگەی کوردییەوە.

هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەش لە سەر ئەو بنەمایەیە، کە ئەم دەستەبژێرە لە ئەکادیمی و هونەرمەند و توێژەر کارکردن و هەوڵەکانیان چڕ دەبێتەوە لەو دوو بوارەی کایەی کولتوور، کە توێژینەوەکە کاری لەسەر کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و گفتووگۆوە کاریان لەگەڵ کراوە و پشت بەستراوە بە سەرنج و تێبینیەکانیان، جگە لەمەش سود لەو شارەزایی و تێڕوانینانەیان وەرگیراوە بۆ خوێندنەوەی دیاردەی گۆڕانکاریە کولتوورییەکان لە هەردوو بواری موزیك و مۆدە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە دەتوانێت گوزارشت بێت لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە.

---

[1]. عبدالغنی عماد، منهجیة البحث في علم الاجتماع، دار الطليعة للطباعة والنشرظ، بيروت، ٢٠٠٧،ص٤٢.

# بەشی پێنجەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی لایەنی مەیدانی و دەرەنجامەکان

### یەکەم: شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکانی لایەنی مەیدانی

### دووەم: دەرەنجامەکان

### سێیەم: ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

١. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

٢. پێشنارەکانی توێژینەوەکە

# بەشی پێنجەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی لایەنی مەیدانی و دەرەنجامەکان

### یەکەم: خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە لێتوێژراوان

| ژ | ناوی سیانی لێتوێژراو | تەمەن | ڕەگەز | ئاستی خوێندن | بواری کار | شوێنی کار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زۆزگ قەرەداغی | ٣٨ | نێر | بەکالۆریۆس | موزیك | وەزارەتی ڕۆشنبیری |
| ٢ | ئارام علی فەرەج | ٣٥ | نێر | دکتۆرا | مامۆستای زانکۆ | زانکۆی سلێمانی |
| ٣ | شێرکۆ حمە صاڵح | ٣٩ | نێر | ماستەر | مامۆستای زانکۆ | زانکۆی سلێمانی |
| ٤ | شیرین صاڵح | ٣١ | مێ | ماستەر | توێژەری کۆمەڵایەتی | خوێندنگە |
| ٥ | بەختیار حسین ڕەشید | ٤٢ | نێر | ماستەر | موزیك | زانکۆی سلێمانی |
| ٦ | زانست زانا سیدگوڵ | ٢٩ | نێر | بەکالۆریۆس | توێژەری کۆمەڵایەتی | خوێندنگە |
| ٧ | سەنگەر حسام عبدالله | ٣١ | نێر | ماستەر | مامۆستای زانکۆ | زانکۆی سلێمانی |
| ٨ | ڕێبوار سیوەیلی | ٤٨ | نێر | ماستەر | مامۆستای زانکۆ | زانکۆی صەلاحەدین |
| ٩ | ئاراس فەتاح | ٤٨ | نێر | ماستەر | نوسەر | - |
| ١٠ | ئارام تۆفیق | ٣١ | نێر | ماستەر | مامۆستای زانکۆ | زانکۆی سلێمانی |
| ١١ | ڕەوەز حەمە صاڵح | ٣٠ | نێر | بەکالۆریۆس | توێژەری کۆمەڵایەتی | ناوەندی غەزەلنوس |
| ١٢ | نزار سابیر فەرەج | ٤٠ | نێر | بەکالوریۆس | نوسەر | - |
| ١٣ | دیاری قەرەداغی | ٤٥ | نێر | بەکالۆریۆس | نوسەر و هونەرمەند | تەلەفیزیۆنی نالیا |
| ١٤ | توانا حەمە ڕەشید | ٣٢ | نێر | بەکالۆریۆس | ڕەخنەگری موزیك | ناوەندی گمۆ |
| ١٥ | هەردی حەمە مەجید | ٣٦ | نێر | ماستەر | مامۆستای زانکۆ | زانکۆی سلێمانی |
| ١٦ | مستەفا عەباس | ٤٣ | نێر | ماستەر | هونەرمەند | ماڵی موزیك |

## دووەم: شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکانی لایەنی مەیدانی

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ خستەڕوو و شیکردنەوەی ئەو چاوپێکەوتنانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجام دراوە، هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی، کە ئاڕاستەی نموونەی توێژینەوەکە کراوە بۆ زانین و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دەرئەنجام و بیروڕایانەی، کە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە پێیگەیشتووە.

### یەکەم: نوێگەری و کولتووری کۆمەڵگەی کوردی

#### ١. کولتووری کوردی و خەسڵەتی ڕەسەن

خەسڵەت و تایبەتمەندیە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی کۆمەڵایەتی و نەریتییەوە وەهای کردووە وەڵامەکان جۆراوجۆر و جیاوازبن، هەندێك لە لێتوێژراوان پێیانوایە، کە کۆمەڵگەی کوردی نەریتییە و پابەندی توندی هەیە بە دابونەریتە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانیەوە. هەندێکیش پێیانوایە سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگەیەکی نەریتخوازین و ئایین و نەریتەکان ڕۆڵی زۆریان هەیە لە پێکهاتەی کولتووریماندا، بەڵام کولتووری نوێ(مۆدێرن) هاتۆتە ناو کولتوورەکەمانەوە و توانیویەتی گۆڕانکاری لەلایەنی بەشەکی هەندێك نەریتدا بکات.

(**زۆزك قەرەداغی**) پێیوایە، کە کۆمەڵگەی کوردی"بێگومان هەڵگری خەسڵەتی تایبەتن لەسەرجەم بوارەکانی کولتووردا، بەڵام ئاڕاستەیەکی زانستی ستانداردی وەرنەگرتوە و تاهەنوکە لە پێکهاتەی نەریتی باوی سەردەمی زوو و هاوچەرخ تێکەڵاوبوون"[١]. ئەم ڕوانینە تا ئەندازەیەکی زۆر بەرچاودەکەوێت بەوەی، کە ناتوانێت دەستنیشانی پێکهاتەی کولتووری کۆمەڵگە بکات هەر بۆیە ( **ئارام علی فرج**) وایدەبینێ، کە "ئەم خەسڵەتانە نە نوێن بەتەنها و نە نەریتی، کولتوور لە ئیستادا (**سەردەمی جیهانگیری**) هەڵگری زیاد لە خەسڵەتێکە لەیەك کاتدا، بۆیە ناولێنان و دیاریکردنی، ساغکردنەوەی کارێکی زەحمەتە، ڕەنگە بتوانین بڵێین کولتورێکی نەریتییە لە ساتەوەختی گۆڕاندا"[٢].

لەبەرانبەردا بۆچوون و ڕای جیاواز هەیە، کە پێیوایە کولتووری کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی ڕۆڵی ئایین و بڕوابوون بە پیرۆزییەکان، شێوازی ژیانی ئەم کۆمەڵگەیە و کولتوورەکەی نەریتیە تاوەکو نوێ (**شێرکۆ حەمە ساڵح**) ڕای وایە، کە "کولتوری کۆمەڵگەی کوردی نەریتیە

---

[١]. چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆزگ قەرەداغی: نوسەر و هونەرمەند، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٥/ ١٠/ ٢٠١٦.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئارام عەلی فرج: کۆمەڵناس و مامۆستای زانکۆ ، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٨/١٣

تاوەکو نوێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئایین ڕۆڵی هەیە بە تایبەتی ئاینی ئیسلام"[1]. لێرەدا ڕۆڵی ئایین لە بەرچاوگیراوە لەسەر بنەمای ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی هەڵگری بیروڕای ئایینی خۆیەتی. ئیسلامیش ڕێگە خۆشکەرە بۆ پارێزگاریکردن لە نەریتەکان و لە هەمانکاتدا بۆخۆشی نەریتی داخراوی دیکە بەرهەم دەهێنێت.واتە بنەما ئاینیەکان، پەیوەندیەکان ئاڕاستە دەکات، لە چوارچێوەی نەریتە ئاینیەکانی خۆیدا.

ئەم دیدگایە سەرەڕا ئەوەی بڕێك ڕاستی لەخۆدا هەڵگرتووە بە بەڵگەی ئەوەی کە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی موسوڵمانن و ئایین پەروەرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین وەها وێنەی ئەوە بکەین، کە نەریتی بوونی کولتوور تەنها پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە، چونکە زۆربەی نەریتە خراپ و سواوەکان لە دەرەوەی بیری ئاینیدا گەشەیان کردووە. زۆربەی نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردی دژن بە بنەما ئاینیەکانن. لە پەیوەندیدا بەم دیدگایەوە (**شیرین صالح**) بەم جۆرە گوزارشتی لێدەکات "بەگشتی خەسڵەتەکانی کولتووری کوردی شێوەیەکی ئایینی هەیە، لەگەڵ ئەوەی لە هەندێك باردا لێکدانەوە و تێگەیشتنی هەڵە بۆ دین کراوە و پاشان بۆتە جۆریك لە کولتوور، لەگەڵ ئەمەشدا کولتووری نەتەوە هاوسێکانیش کاریگەری کردۆتە سەر خەسڵەتەکانی کولتووری کوردی"[2]. سەرەڕای بوونی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان، کە بەشێکی گرنگی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی نەریتیین هاوشێوەی ئەم کۆمەڵگەیە.

(**بەختیار حسین ڕشید**) بڕوای وایە" کۆمەڵگەی کوردی وەك هەرکۆمەڵگەیەکی تری دونیا خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتی کولتووری تایبەت بەخۆیەتی لەوانە، ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان، شێوازی جل پۆشین، شێوازی هاوسەرگیری، پرسە، میوانداری، ماڵداری، هونەر و موزیك...هتد. ئەم خەسڵەتانە زیاتر نەریتین و هەڵقوڵاوی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەن"[3]. ئەم بۆچوونەش هەر جەخت دەکاتەوە لەوەی کۆمەڵگەی کوردی نەریتیە، بەڵام دۆخە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵ دەبینن لەم دیاریکردنەدا. سەرەڕای ئەوەش توێژەر (**زانست زانا سیدگوڵ**) پێیوایە "خەسڵەتە کولتووریەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکرێت لە ژێر چەتری کولتووری نەریتیدا پۆلێنیان بکەین، ئەگەرچی هەنگاوەکانی بەرەو نوێگەری دەستی پێکردووە،

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ شێرکۆ حمە صاڵح: هونەرمەند، سلێمانی، لە ڕێکەوتی، ٢٠١٦/٨/٢٣.
[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ شیرین صاڵح: توێژەری کۆمەڵایەتی، سلێمانی، ڕێکەوتی ٢٠١٦/١١/١٣.
[3]. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەختیار حسین رشید: هونەرمەند و مامۆستای زانکۆ، سلێمانی، ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/١٢.

بەلاَم هەوڵی لاواز و کورتبڕن، بەهۆی زاڵبوونی بیری نەریتخوازانەی کۆمەڵگەوە بەشێوەیەکی گشتی"[1].

لەگەڵ بوونی ئەو بیروڕایەی، کە پێیوایە کۆمەڵگەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نەریتەیە. بۆچوونی دیکەش هەیە، کە پێیانوایە دابەش بوون هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەسەر هەردوو کولتووری نویێ و نەریتیدا، کە ناتوانرێت بڕیاری تەواوی لە بارەوە بدرێت، چونکە پێیەکی لەنێو نەریتە باوەکاندایە و پێیەکی لەناو دنیای نوێدایە. واتە وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی دونیا بەر شەپۆلی ئەم پرۆسە سەرتاپاگیرە کولتووریە کەوتووە.

(**سەنگەر حسام عبدالله**) پێیوایە "ڕەنگە بڕیارێکی قورس بێت کە کۆمەڵگەی کوردی بە نەریتی یاخود بە نوێ بچوێنین، چونکە هەندێك خەسڵەتی کۆمەڵگەیەکی نەریتی تاوەکو ئێستا پەیڕەوی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەرگای بۆ دەرهاویشتە نوێیەکان دانەخستووە"[2]. هەروەها(**ڕێبوار سیوەیلی**) بڕوای وایە" کۆمەڵگەی ئێمە هەردووکیانی تیادایە و دابەشبووە. بە پێچەوانەوە لە هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە، کە ڕووی کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر لە خۆرئاوابوو، ئێستا گەڕانەوەیەکی نەریتیانەش هەیە، کە هەردووکیان جێی تێبینی و ڕەخنەن. کێشەکەش ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێمە لیخاوی ئایدۆلۆژیيە جۆرابەجۆرەکانە و ئەمانەش لەڕوانگەی سیاسیی جیاوازەوە ئاڕاستە دەکرێن. بۆیە ئەو شتەی پێدەگوترێت ئامانجی کۆمەلاَیەتی هاوبەش نەبۆتە خاڵی نێوانی هێزە کۆمەلاَیەتییەکان و بەمەش کۆمەڵگەکەمان لە دۆخی شڵەقاندایە، دۆخی شڵەقان دۆخێکی ناجێگیری کۆمەلاَیەتی و دەروونیە کە تێیدا بکەری کۆمەلاَیەتی ڕووبەڕووی زۆر جۆری سترێس و دڵەڕاوکێ دەبێتەوە بەبێ ئەوەی ئاڕاستەیەك هەبێت بۆ دروستکردنی شوناسی خۆی بە ئاڕاستەی نوێ بوون یان نەریتگەرایی. لێرەشەوە ئەو خەسڵەتە تایبەتیانەی کۆمەڵگەی ئێمە، وەك هەستی هاودەردی، بەهای ئەخلاقی، ڕەهەندی مەعنەوی ژیان، تێکۆشان بەرەو باشتر، بەهای ئازادی و.. لە دەستداوە و مشتێك نرخی ماددی، پەیوەندی درۆزنانە و زووتێپەریو جێگەی گرتۆتەوە"[3].

بە بڕوای توێژەر ئەوەی دەردەکەوێت لەم بۆچوونانەدا ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا نەیتوانیووە دیوە نەریتییە زاڵەکەی خۆی تێپەڕێنێت، ئەگەرچی دەرگای بەڕووی

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ زانست زانا سەید گوڵ: توێژەری کۆمەلاَیەتی، سلێمانی ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/٨.

[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەنگەر حسام عبدالله: مامۆستای زانکۆ، بەشی کۆمەڵناسی، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/١٥.

[3]. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبوارسیوەیلی: نوسەر و ڕۆشنبیر، هەولێر، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١١/٣.

کولتووری نویٚ و مۆدێرندا دانەخستووە و هێشتا هەنگاو بەرەو نوێبوونەوە و کرانەوەی زیاتر دەنێت. ئەمەش بۆخۆی دەمانخاتە بەردەمی ئەو ڕاستییەی، کە کۆمەڵگەی کوردی خواستی بۆ کرانەوە و گەشەسەندنی کولتووری هەیە، کە هێندەی هەڵی لە بەردەمدا بۆ بڕەخسیٚ دەتوانیٚ بچێتە ناو جیهانەوە، کولتووری نویٚ و بەهای نویٚ و هاوچەرخ بێنێتە کایەوە. لەئێستادا بەهۆی ئەو پڕۆسە جیهانگیرییەی، کە هەیە کولتووری کوردی جۆرێك لەمۆدێرنەی بەخۆوە بینییەوە، بەڵام ئەم نوێگەرییە گشت کایە کولتورەکانی نەگرتۆتەوە، واتە بەشێك لەکولتورەکان وەك (پەیوەندی نێوان ڕەگەزی نێر و میٚ، ڕوانین بۆ گەشتکردنی ژنان بەتەنیا، بەگشتی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بەژنانەوە هەیە، تا ئێستاش جۆرێك لەشێوازی نەریتی خۆیان پاراستوە، ئەگەرچی ئەمە لای کۆی کۆمەڵگە بەوشێوەیە نییە، بەڵام دەتوانریٚ ئەم نەریتی بوونەی بەشێك لەو کولتوورانە بەئاشکرا لەکۆمەڵگەدا هەستی پێبکریت. بیرکردنەوە لەوەی، کە ناجێگیری لە پڕۆسەی هاتنە ناوەوەی نوێگەری و گۆڕانەکان لە ئاستە جیاوازەکاندا وایکردووە، کە گۆڕانکاریە کولتووریەکان دابەشبن لەنێوان گۆڕانکاری لە ڕواڵەت و جەوهەردا.

## ٢. گۆڕانکارییە کولتوورییەکان لە نێوان جەوهەریبون و ڕوواڵەتیدا

نوێگەری توانای دانانی کاریگەری هەیە لەهەر کات و شوێنێکدا، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، چونکە دەروازەی زۆر و جۆراوجۆری هەیە بۆ چوونە ناو کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە، ئەوەی تائێستا بەدیدەکرێت بۆ کۆمەڵگەی کوردیش ئەمە ڕاستە. بەتایبەتی لەناوچەی شاری سلێمانی لەهەر دوو لایەنی ماددی و نامادديدا بە شێوەیەکی بەرجەستە بەدیدەکرێت، سەرەڕای لاوازی لە هەندێك ئاسیتدا، بەڵام دەتوانین بەچاوی سەر ئەو گۆڕانکاریانە ببینین." کۆمەڵگەی کوردیش وەکو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دەوروبەر کاریگەرە بە پڕۆسەی نوێگەری، بەڵام ناتوانین بڵێین کاردانەوەکە بۆ هەموو تاکەکان وەکو یەکە، بەڵکو جیاوازی تاکەکان دەیگۆڕێت"[١]. ئەم بۆچوونە کاریگەری نوێگەری بە شێوەیەکی خودی دەردەبڕێت، وەك ئەوەی لەسەر ئاستی تایبەتی کاریگەری دادەنێت تاکو ئاستی گشتی، واتە کاریگەرییەکان هەندەکێن و شۆڕنابنەوە بۆ ناو کۆمەڵگە وەکو گشتێك. گۆڕانەکان لە هەندێك ئاستدا خێرا و بەرجەستەن و لە هەندێك ئاستی تردا سست و ناڕوونن، بەمەش لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر گۆڕانی بەسەردادێت، لە دۆخ و حاڵەتە جیاوازەکاندا. واتە لەدۆخی جێگیر و وەستاودا نیە، بۆنموونە لە ئاستی ماددیدا ئەوەی بەدیدەکرێت گۆڕانێکی خێرا و بەهێز ڕوودەدات، کە زۆرجار فریای ئەوە ناکەوین بیری

---

[١]. سەنگەر حسام، هەمان چاوپێکەوتن.

لێبکەینەوە و لێی تێبگەین، بەڵام هەنگاونان بۆ گونجاندنیان لەگەڵ بیروبۆچونمان لەڕووی مەعنەویی و نەریتیەوە ناتەبایی و نەگونجان بەدیدەکرێت، بەمەش ناهاوسەنگی ڕوو دەدات. یاخود دەبێتە هۆی داخران یان داخستنی کۆمەڵایەتی بەمانا ڤیبەریەکەی وەکو (**ئاراس فەتاح**)بڕوای وایە"داخستنی کۆمەڵایەتی لای ڤیبەر بریتییە لەوەی گروپێك لە چرکە ساتێکدا ڕێگە نادات بکرێتەوە، بەردەوام لەو چوارچێوە سەرمایە ڕەمزی و جوگرافی و کولتووری و ناوچەیدا ناکرێتەوە، بەڵام کاتێك نوێگەری دەچێتە ناویەوە کۆدەکانی دەکاتەوە هەوڵی دەستکاریکردنی دەدات و فۆڕمەکانی ئیشکردنی دەگۆڕێت و ئەرکەکانی دەگۆڕێت و ئارەزووی تازە دروستدەکات. یەکێك لە ئیشکردنەکانی نوێگەری لای ئێمە هێنانی ئەرکی تازە و مەعریفەی تازە و ناونیشانی نوێیە"[1].

واتە دەتوانین ببینین، کە نوێگەری دەتوانێت گۆڕان لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروست بکات، بە بڕو ئاڕاستەی جیاواز، بە جیاوازی بونیادە پێکهێنەرەکانی کولتووری کۆمەڵگە کوردی. نوێگەری نەیتوانیوە نەریتە باو و چەقبەستوەکان تێکبشکێنێت، بەڵکو هەماهەنگی و ئاوێزانی دروستکردووە لەگەڵ نەریتەکاندا و شوێن و پێگەی نوێی پێبەخشیون لە فۆڕمی نوێدا. ئەم تێڕوانینە پشتڕاستی ئەو دیدگایە دەکاتەوە کە لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێداوە و ناومان لێناوە (گونجانی بەها کولتووریەکان)، کە گوزارشت لە هەوڵدان بۆ گونجاندنی کولتوور و بەها مرۆیی و کولتووریەکان دەدات لەنێو یەکتردا. هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی، کە بەرەنجامی پرۆسەی نوێگەرین بۆ کولتووری کۆمەڵگەی کوردی دەتوانین لە شاری سلێمانی هەستی پێبکەین، هەوڵی هاوشاریەکان بۆ تێکۆشان لە پێناو دەنگ هەڵبڕین و بەدەستهێنانی ئازادیە کەسی و تاکیەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی نەریتی باو، پێشەنگی لە ملنەدان بۆ دەسەڵاتی خێڵ و نەریتخواز نیشانەی گرنگی کرانەوەن بە ئەندازەیەکی باش، یاخود گۆڕانکاری لە فۆڕم و ئاستی نەریتەکان، ئەگەر نەشیتوانیبێت لە ڕەگەوە گۆڕانیان بەسەردا بێنێت. "نوێگەری ناتوانرێت ڕێگەی لێبگیرێت و کەرەستەکانیشی ناتوانین ڕێگەی پێبگرین. وەك سەلاجە، تەلەفزیۆن، ئامێری جل شتن و فاکس و تەلەفۆن تادەگاتە سمارت فۆن. بەڵام دەستکاری پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانمان دەکەن. بۆنموونە دروستبوونی مەکینەی جل شتن کاریگەری

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاراس فەتاح: نوسەر و ڕۆشنبیر، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١١/٦، کاتی چاوپێکەوتن کاژێر ٩:٠٠ ، ماوەی چاوپێکەوتنەکە ١٣٥ خولەك.

هەبوو لەسەر ڕۆڵی ژن، هەروەها لەسەر تێڕوانینی پیاو بۆ ژن، کە پیاو ژنی تەنها وەك ئامێرێکی جل شتن دەبینی، بەڵام توانی هەندێك گۆڕانی جۆری لەکۆمەڵگە دروست بکات"[1].

نوێگەری ئیش لەسەر شەفاف بوون دەکات نەك بەمانای ئەرێنی، بەڵکو بە واتا زۆر مەترسیدارەکەی وەك ئەوەی بوارێك بۆ نهێنی و دنیا تایبەتەکەی خۆمان بهێڵینەوە. سەتەلایت کرانەوەیەکی زۆری بۆ ئێمە هێنا، لە دوای هاتنی سەتەلایتەوە پەیوەندیەکانی ناو ماڵی گۆڕی، پەیوەندییە گەرمەکان گۆڕان بۆ پەیوەندی سارد، پەیوەندی ڕاستەوخۆ بوون بەپەیوەندی ناو میدیا، هەر کاتێك میوانت دێت داوای (وای فای) دەکات و هەموان خەریکی مۆبایلەکانیانن و خەریکی پەیوەندیە ساردەکانی خۆیانن لەگەڵ هاوڕێکانیان. مرۆڤی ئێمە لەنێو ئەم پەیوەندیە ئەلکترۆنیانەدا هیچ نهێنی و شاراوەییەکی بۆ نەماوەتەوە. مرۆڤی ئێمە بە ڕووتی و بیٚ هیچ هۆشیاریەك دەچێتە ناو ئەم پرۆسەیەوە. بەڵام هەموو ئەمانە زیاتر لەسەر ئاستی ماددین و کەمتر چوینەتە نێو لایەنە نامادی و مەعنەویەکەوە، کە خۆی لە بیر و هزر و کرانەوەی هزری و هۆشیاری بەرانبەر ماف و ئازادییەکان و ئازادی بیروڕا و بەشداری ژنان لە بوارە جیاجیاکاندا دەبینێتەوە.

"لەهەندێك باردا جۆرێك لەدەرکەوتەکانی نوێگەری لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەدیار دەکەوێت، بەردەوامیش ئەم دەرکەوتانە لەزیادبوندان، لەئاستە ماددیەکەیدا دەرکەوتنی بینا بەرزەکان و پێشبڕکێکی خەڵکی لەگەڵ یەکتری بۆ زیادکردنی سامان و شانازیکردن بەماددەو هەڵسەنگاندن و ڕێزگرتنی خەڵکی لەسەر ئاستە ماددیەکان، لەئاستە مەعنەویەکەشیدا لاوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بوونی ئەم پەیوەندییانە لەسەربنەمای بەرژەوەندی تاکە کەسی و کەمبوونەوەی هاوکاریکردنی یەکتری و تەنانەت لاوازبوونی پەیوەندییەکان لەناو خێزانیشدا دەرکەوتەکانی نوێگەرین لەکۆمەڵگەدا"[2].ئەمە بەواتای ئەوەی، کە دنیای نویٚ لەگەڵ خۆیدا لێدان لە پەیوەندیە گەرمە کۆمەڵایەتیە بە ناویەکداچووە کان دێنێتە ئاراوە، کە هەم پەیوەندیەکان سار دەکاتەوە هەم لێکیان دەترازێنیٚ. بەهۆی سەرگەرمبوون بە داهێنراوەکانی ئەم پرۆسەیەوە.

بەهەمان شێوە (**ئارام تۆفیق**)یش هەما بۆچوون و تێڕوانینی هەیە بۆ دەرکەوتەکانی نوێگەری ئەو پێیوایە" دەرکەوتەکانی نوێگەری لە ئاستە ماددیەکاندا ئاشکراتر و فراوانتر دەردەکەوێت وەك لە ئاستە مەعنەویەکاندا. لەسەر ئاستی ماددیدا، گۆڕانکاریەکی زۆر لە

---

[1]. ئاراس فەتاح، هەمان چاوپێکەوتن.

[2]. شیرین صالح، هەمان چاوپێکەوتن.

بەکارهێنانی ماتریاڵی دەرەکی بۆ دروستکردنی بینا بەرزەکان، هێنانی پێداویستی ناو ماڵ و خێزان هاوشێوەی ستانداری کۆمەڵگە ڕۆژئاوایی و دراوسێکان. گۆڕانکاری لە شێوازی جل و بەرگ و هاتوچۆ و ڕێگەکانی چارەسەرکردن و تەنانەت گۆڕینی ئاڕاستەی سروتی ئاینی بۆ بەدیجیتاڵکردنی وتار و دوعا و گروپە ئاینیەکانەوە. لە ئاستە مەعنەویەکەدا دەرکەوتەکانی نوێگەری خاوتر و کاڵتر دەردەکەوێت. دەرکەوتنی ئاڕاستەی هزری و واتا ڕاستەقینەکانی پشت گۆڕانکارییە مادییەکان کەمتر بەر بەکارهێنەرانی دەکەوێت"[1].

توێژەر پێیوایە هەموو ئەو بۆچوونانەی لە پەیوەندیدا بە گەشەی خێرای دەرکەوتە ماددیەکان و گەشەی هێواش و لەسەرخۆی دەرکەوتە ناماددیەکان. ناهاوسەنگی گۆڕانی کولتووری دێنێتە کایەوە، کە بە پێی تێزەکەی ولیام ئۆگبێرن پێدەگوترێت دواکەوتنی کولتووری.

### ٣. ناهاوسەنگی گۆڕانی کولتوری دەرکەوتە و هۆکارەکان(دواکەوتنی کولتووری)

ئاشکرایە لە شاری سلێمانیدا سەرەڕای هەندێك هەوڵی کرانەوەی کولتووری بەڕووی هەندێك کولتووری جیاجیای دنیای دەرەوەدا، بەتایبەتی کردنەوەی کۆنفرانس و ڤیستیڤاڵ و هۆڵی نمایش و پێشبڕکێی جل و بەرگ، هەوڵی ئاوێتەکردنی کولتووری دیکە لەگەڵ کولتووری ئەم شارەدا، بەڵام هەموو ئەمانە نەیتوانیوە هاوسەنگییەك لەنێوان کولتوورە مادی و نامادییەکەیدا بسازێنێ، بۆیە بە سەرنجدان لەشێوەی دەرەوەی شار و ئەو بینا و باڵەخانانەی، کە لەم شارەدا هەیە، ئەو تەکنەلۆژیا هاوردەکراوە بێ سانسۆرەی، کە هاتۆتە ناو شار، ئەو فراوانبوونە ئاسۆییە زۆرە، بەراوردکردنی بە گەشەی هزری و ئایدۆلۆژی و گەشەی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان و کرانەوەی یەکسانی ڕەگەزی و جێندەری، هێشتا زۆر کەلێن و بۆشایی گەورە بەدیدەکەین.

لە پەیوەندیدا بەم پرسەوە " دواکەوتنی کولتووری دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە" زۆربەی کالاَ ماتریاڵیەکان بوونەتە هۆی بکوژی بەهامرۆیی و نمونەییەکان لەلایەك و جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ و ئازادیەکانیان، کە بەداخەوە زۆر پاشەکشەی کردووە ئەتوانین بڵێن پێش ٢٥ساڵ ئازادییەکان زیاتر بوون لە ڕووی جل و بەرگ و گەرم و گوڕی پەیوەندیەکانەوە"[2]. ئەو وەستانە ئاشکرایەی دەبینرێت لە ئاستی ئازادیە تاکی و گروپییەکاندا، ئەو گەڕانەوەیەی، کە هەستی

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئارام تۆفیق: توێژەر و مامۆستای زانکۆ، بەشی کۆمەڵناسی، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/١١.

[2]. شێرکۆ حەمە صاڵح، هەمان چاوپێکەوتن.

پێدەکرێت. مەترسیەکی زۆری دروستکردووە بۆ سەر کرانەوەی بیری دیموکراسی و ئازادییەکانی ژن و تاکی کۆمەڵگە.

"ئەو جیاوازییە گەورەیەی لە ڕێژەی گۆڕان لە هەردوو ئاستی ماددی و مەعنەوی هەیە باشترین بەڵگەیە"[١]. هەروەها هۆکارەکانی ئەم دواکەوتنەش بەم جۆرە دەخاتەڕوو"زیاد لە هۆکارێك بوونی هەیە، کە بریتین لە: سیاسەت، ئایین، پەروەردە، زانکۆ، مزگەوت و قوتابخانە و سەرجەم ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکان". ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو دامەزراوانەی، کە لەسەرەوە باسکران لەجیاتی ئەوەی، کە هۆکاربن بۆ گەشەی کولتووری نامادی لە کۆمەڵگەدا، شار وەك سیمای شارستانی کرانەوەی بیری ئازاد و گەشەی هزری مرۆڤ نیشان بدەن، بەڵام وەك نیشانەی وەستان و چەقبەستوویی بیری مەعنەوی کۆمەڵگە دەستنیشان دەکات. هەروەها بۆچوونێکی دیکە سەرەڕای ئەوەی، کە پێیوایە دواکەوتوویی کولتووری هەیە، بەڵام ئەو ئایین بە سەرچاوەی ئەو دواکەوتوویە دەزانێت، کە پێیوایە هێزی داوەتە نەریتەکان بەرەو داخرانی زیاتر بڕۆن، ئایین هەمەئاهەنگە بۆ گەڕانەوەی زیاتر بۆ دواوە.

(**ڕەوەز حەمە ساڵح**)، کە بیروڕایەکی جیاوازی هەیە پێیوایە" لە هەرشوێنێك ئایدۆلۆژیایەکی چەقبەستوو بوونی هەبێت و بەتایبەتتر ئایدۆلۆژیای ئایینی (ئیسلام)، کە کێشە دروستبکات بۆ کۆمەڵگە و کولتوورەکەی، دەبێتە هۆی دواکەوتنی کولتووری"[٢]. هەروەها هۆکارەکانیش دەگەڕێنێتەوە بۆ " زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای ئایینی، نەبوونی پلانی ستراتیژی، نەبوونی هۆشیاری بەڕێوەبردن و حکومڕانی". هەروەها بۆچوونێکی تر پێیوایە، کە" دواکەوتنی کولتووری بوونی هەیە، چونکە لایەنی ماددیمان بەخێرای گەشەی کردووە، بەڵام لایەنی مەعنەویمان وەکو خۆیەتی، سەرەڕای ئەوەی گۆڕانکاریەکانی تەکنەلۆژی و ماتریاڵەکان زۆر خێرا و کتوپڕن، بەرهەمەکان هاوردەن و دەستکردی خۆمان نین. ئۆتۆمۆبیل و مۆبایل و تەکنەلۆژیامان هی ساڵی ٢٠١٦ یە و بیرکردنەوەمان هی ١٩٠٠کانە"[٣].

ئەم دیگایەی سەرەوە هاوتا دێتەوە لەگەڵ تیۆرییەکەی کۆمەڵناسی ئەمریکی ویلیام ئۆگبێرن سەبارەت بە دواکەوتنی کولتووری، کە ئێمە لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکەماندا ئاماژەمان پێکردووە، لە پەیوەندیدا بەو گەشەکردنە ناهاوسەنگ و نابەرانبەرەی، کە لە نێوان کولتووری ماددی و نامادديدا ڕوودەدات. واتە کەلێن و ماوەیەکی زەمەنی زۆر هەیە لە نێوان

[١]. ئارام علی فرج، هەمان چاوپێکەوتن.

[٢]. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەوەز حەمە صالح: توێژەری کۆمەڵایەتی، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/١٩.

[٣]. زانا سەید گوڵ ، هەمان چاوپێکەوتن.

تێڕوانین و بیروڕامان لەگەڵ ڕواڵەتی شتە ماددیەکاندا ئەم تێڕوانینە هۆکارەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ١. ئاستی هۆشیاری تاك ٢. بانگەشەی لایەنە نەریت پارێزەکان ٣. بەرژەوەندی هەندێك توێژی سیاسی و کۆمەلآیەتی"[١].

وێڕای هەموو ئەو هۆکارانەی سەرەوە، کە باسکران بیروڕایەکی تر پێیوایە " لە ئاستی کۆمەلآیەتیدا دیاردەکانی وەك تۆڵەکردنەوە، گەڕانەوەی بەهای پشت و عەشیرەت، گەلە کۆمەکێی فەیس بوکی لەکەس و لایەنەکان، ژنکوژی، گەڕانەوەی گوتاری حەرام و حەلآڵ، هەروەها پاشەکشەی پەروەردە لە ئامانجی خۆی، کە دروستکردنی مرۆڤی مەعریفیی و دانایە، گشتیان بەشێکن لە دواکەوتوی کولتووری"[٢]. هەروەها بۆ پاڵپشتی ئەو بۆچوونانەی پێشتر باسکران ڕایەکی دیکە بۆچوونی وایە، کە "زۆرێك لەکولتورەکان گۆڕان تێیاندا ڕوویداوە، بەلآم ئەوەی بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت دواکەوتوویی لە هەندێك لەبابەتەکانی پەیوەست بە (ژنان و شەرەف) هێشتا ماوە، چونکە تا ئێستاش کاتێ پەیوەندی نهێنی نێوان کوڕ و کچێك ئاشکرا دەبێت، ئەو کەسەی نیشانەی پرسیاری لەسەر دروست دەبێت و ڕێزی لەکۆمەڵگەدا کەم دەبێتەوە تەنیا ژنانن، لەکاتێکدا هەردوو ڕەگەز ئەم کارەیان کردوە، بەلآم بەگشتی پێشکەوتن لەکولتورەکانی تردا ڕویداوە، هەرچەندە لە هەندێك باردا بەبڕوای من ئەوە بەرەو دواوە چوونە نەك بەرەو پێشەوە چوون، ئەگەرچی لەڕووی جیهانگیری و مۆدێرنەوە بەپێشکەوتن دادەنرێت"[٣].

بە بۆچوونی توێژەر سەرەڕای جیاوازی لە دیاریکردنی هۆکارەکانی دواکەوتنی کولتووری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەلآم هەموان لەسەر ئەو بڕوایەن، کە دواکەوتنی کولتووری زۆر بە بەهێزی بەدیدەکرێت و ڕەگەکانی قوڵ ڕۆچوون، هەموو ئەو دیاردە کۆمەلآیەتیانەی بەدیدەکرێن لەناو شاری سلێمانی، وەکو دیاردەی ژنکوژی و دیاریکردنی ئازادییە گشتییەکان و سنوردانان بۆ ئازادییەکانی بیروڕا، ڕەفتاری نەریت پارێزی و بیری چەقبەستووی نەریتی باو و دیاردەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە تەقین و هەڵتۆقانی خێرای سەرمایەدار و باڵەخانە و بازرگانیکردن و هەروەها گەشەی ماددی و تەکنەلۆژی. دیاردەی دواکەوتنی کولتووری زیاتر تۆختر دەکەنەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو کۆڕاییەیە لەسەر

---

١. سەنگەر حسام، هەمان چاوپێکەوتن.

٢. ڕێبوار سیوەیلی، هەمان چاوپێکەوتن.

٣. شیرین صالح، هەمان چاوپێکەوتن.

بوونی دواکەوتنی کولتووری لە شاری سلێمانیدا لە کاتێکدا بە شاری کولتووری و کرانەوەی ڕوناکبیری ناسراوە.

### ٤. شار وەك سەحنەی گۆڕانکاری لە کولتوور و بەریەککەوتنی وورده کولتوورەکان

شار وەکو یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی بە مۆدێرن بوونی کۆمەڵگە دەناسریێ، شار لەگەڵ خۆیدا بەهای کولتووری کۆمەڵایەتی تازە دەخوڵقێنێ، ئازادیە تاکەکەسیەکان فراوانتردەبن، هۆشیاری گەشەدەکات، پەیوەندیەکان لاوازدەکات، بەرژەوەندیەکان بۆ تاکەکەس زیاددەبن، خوێندەواریش یەکێکە لە سیما دیارەکانی شار، شار ئەرکی جیاجیای هەیە، شار بونیاد و ستراکتۆری بە مۆدێرنبوونی کۆمەڵگەی وەك پایە لەخۆیدا هەڵگرتووە.

نوێگەری "بە دیوێکدا بەها کولتورییەکان ئازادی و پرسی تاکەکەسی فراوانتر کردووە، بەدیوێکی دیکەدا شارەکانی بۆ کردووین بە گوندی گەورە"[١]. شارەکانی کوردستان نەیانتوانیوە ببنە داینەمۆی ئازادی تاکەکەس و فراوانکردنی ئازادی بیرکردنەوە و دەستەبەرکردنی هۆشیاری کۆمەلایەتی و سیاسی، بەڵکو لەڕووی ڕواڵەتەوە توانیویانە گۆڕانکاری دروست بکەن،

"لەڕاستیدا ئەو گۆڕانکاریانە گۆڕانکاری گەورەنین، کێشەکە ئەوەیە کە بە واتا نوێیەکەی تائێستا شارمان نییە، هەروەها خوێندەواریش کاریگەری هەیە لە سەر گۆڕانکاری کولتووری، بەلاّم لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەهۆی هەندێك هۆکارەوە وەکو پێویست نەیتوانیوە گۆڕانکاری دروست بکات"[٢]. واتە شار، کە دەبێت ئەرکە گرنگەکەی خۆی لەڕووی کۆمەلایەتی و کولتووری و فەرهەنگیەوە جیێ بەجیێ بکات، ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیاری و ئازادییەکانی کۆمەڵگەدا، بەلاّم بە بڕوای (**نزار سابیر فەرەج**):" شارەکان بەهۆی ئابووری ناهاوسەنگ و ئیدارەی ناهاوسەنگەوە لە پڕۆسەیەکی بەد پەرەسەنددان، خوێندن و پەروەردە وەك سێکتەرەکانی دیکە، بە پڕۆسەیەکی ڕوکەش و ڕوکارەکیدا بەڕێوە دەبرێن، خوێندن لە بری ئەوەی ببێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی زانست و پێشخستنی کولتوور، بوتە هۆی پتەوکردنی ئابووری ریعی و دواکەوتنی پتری زانست و کولتوور"[٣].

سەرەڕای ئەمانەش بۆچوونی تر هەیە بەشێوەیەکی هەندەکی کاریگەری شارەکان بەگرنگ دەزانێت لە پەیوەندیدا بە گەشەی ئازادی ژن و مافەکانی تاك لەڕووی سیاسی و

---

[١]. ئارام علی، هەمان چاوپێکەوتن.

[٢]. ڕەوەز حەمە صالح، هەمانچاوپێکەوتن.

[٣]. چاوپێکەوتن لەگەڵ نزار سابیر فەرەج: نوسەر و ڕەخنەگر، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٩/١٧.

کۆمەڵایەتییەوە، ئەم بۆچوونە پێیوایە، کە لەشاری سلێمانی ئەو گۆڕانکاریانە تا ئەندازەیەك بەدی دەکرێت. "تاڕادەیەکی زۆر ئاستی بیرکردنەوە و هۆشیاری تاك گۆڕانی بەسەرداهاتووە، وەکو بڕوابوون بە مافی ژن لای بەشێك لە پیاوان. بەشداری ژن لە زۆربەی کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا"[١].

هاوکات لەگەڵ ئەو بۆچوونانە دەبێت بۆ ئەوەی باس لە شار و ڕۆڵی شار بکەین، پێشتر دەبێت باس لە دروستبوونی گروپی شاریی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین باس لە دەرکەوتەکانی نوێگەری بکەین. ئەمە بەواتای ڕۆڵ بەخشین بە شار و تاکەکانی ناو شار، کە خۆیان لە گروپی شارستانیدا فۆرمەلە دەکەن. "بەبێ دروستبوونی گروپی شاریی ناتوانین باس لە نوێگەری بکەین، بە بێ باسکردن لە شار و گروپی نوێی شاریی مۆدێلی کولتووری نوێ بەدی نایەت. وەکو بیرۆکە و ستایلی خواردن و دیزاین و جل و بەرگ و موزیك و مۆدێلە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان، کە من ناوی دەنێم (گروپی ستراتیژی شار) ئەو گروپانەن، کە ڕۆڵیان هەیە لە فۆڕم بەخشین بە شار"[٢].

بە بڕوای توێژەر بەشێوەیەکی گشتی نوێگەری و دەرهاویشتەکانی لە ناو شاردا جێدەگرن و گەشەدەکەن، ئەوەی ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت گروپە شارییە ڕێکخرا و نیمچە ڕێکخراوەکانن، کە مۆدە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان گەشە پێدەدەن. وەکو نوێنەری پەخشکردنەوەی مۆدە نوێکانی دنیای نوێ خۆیان دەردەخەن، ئەمەش پەیوەندی مۆدێلە کۆمەڵایەتیەکان بە پرۆسەی نوێگەرییەوە دەخاتەڕوو.

---

١. سەنگەر حسام، هەمان چاوپێکەوتن.

٢. ئاراس فەتاح، هەمان چاوپێکەوتن.

## دووەم: مۆد و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی

### ١. کەناڵە یەکەمینەکانی هاتنە ناوەوەی مۆدە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی

مۆدە کۆمەڵایەتیە نوێکان، کە بەرهەمی بەردەوامی داهێنراوەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوەی مرۆڤن، هەم وەکو پێداویستی و هەم وەکو خواست و ئارەزووی مرۆڤ دەردەکەون، دەکرێت بنەمای دروستبوونیان پێویستی بێت یاخود پاڵنەری ئارەزوو خواستە بێ بڕانەوەکانی بێت. هەرچی بێت پڕۆسەی دروستبوون و گەشەکردن و گواستنەوەی مۆدە کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵێك کەناڵ و وێستگە ڕۆڵی تیادا دەبینن، کە ئێمە ناوی دەنێین کەناڵە یەکەمینەکانی مۆدە کۆمەڵایەتییەکان. لە دنیای ئەمڕۆدا زیاد لە کەناڵ و زیاد لە ڕێگەیەك هەیە بۆ گواستنەوەی مۆدە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە شارێکەوە بۆ ناوچە و شارێکی تر.

ئەم پرۆسەیە هەریەکە لەم بوارانە بە کەناڵەکانی گواستەنەوەی مۆدەکان بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەزانێت "ڕاگەیاندن، کەسایەتیە تایبەتییەکان، گەشت و گوزار و سەفەر، گروپە جیاجیاکان، هونەرمەندان، پیاوانی ئاینی"[١]. بەهەمان شێوە "لەڕێگەی هۆکارەکانی پەیوەندی و ئالوگور و کارلێك لەگەڵ ئەویتر. زیاد لەسەرچاوەیەك لە تی ڤی و سەتەلایت و ئینتەرنێت تاکو سەفەر و تاراوگە، دروستکەرانی دیاریدەکات. لۆژیکی سەرمایەداری و سەرمایەداری سەنتەر و سەرمایەداری کەنار رۆڵی گەورە لەمەدا دەبینن، هەرچی ئەو مۆدەیە لەدەرەوەی ئەم لۆژیکە ئیش دەکات بەئەستەم توانای هەناسەدانی هەیە"[٢].

سەرمایەداری و ئەو پڕۆژە گەورەیەی، کە لە سایەیدا کۆمەڵگەکان دابەشدەکات بۆ چینە جیاواز و لێکدوورەکان، ئەمە وایکردووە لەژێر هەژموونی زۆر و تێکشکێنەری خۆیدا مۆدە کۆمەڵایەتیەکان خێرا و بێ سانسۆر بێنە ناو کۆمەڵگەکانی دنیای جیهانی سێهەمەوە، کە توانای ڕەتکردنەوە و بەرگەگرتنی لاوازە، ئەمەش وایکردووە، کە مۆدەکان ئاڕاستەی بیرکردنەوەی تاکەکان دیاربکات. " کەناڵە یەکەمینەکانی مۆد، شوێنی کاری ئەو چین و توێژ و کەسایەتیانەن، پێش هەیوان و دیوەخانی ماڵەکانیان و سەر شەقام و ناو بۆنەکانن. ئەمانە لەم کەناڵانەوە خۆیان نمایشکردووە و مۆدیان وەك خۆجیاکردنەوەیەك لەوانیتر بەکارهێناوە. لە ئێستادا کورد بۆ خۆی بە دەگمەن سەرچاوەی مۆدەکانی لەناو خۆدا هەڵدەبژێرێت، زیاتر لە ڕێگەی میدیا جیهانیەکان و سەفەر و هوتێلە پێنج ئەستێرەکان و هۆڵەکانی نمایشەوە ئەو کارە بەئەنجام دەگات ئەویش بە

---

[١]. زانست زانا، هەمان چاوپێکەوتن.

[٢]. ئارام علی، هەمان چاوپێکەوتن.

چاولێکەری لەسەرە ناسراوەکانی جیهانی دەرەوە. کورد لە مۆدیشدا بێ ڕابەرە لە ئێستادا، هەرچەندە دەستەیەك لە هەولێر و سلێمانی هەن، کە پەیڕەوی لە مۆدێکی تایبەت دەکەن"[1].

توێژەر پێیوایە ڕابەر و نوێنەری ڕاستەقینەی مۆدەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، تەلەفزیۆن و سەتەلایت و دەرکەوتەکانی دنیای سەرمایەداری و پرۆسەی نوێگەرییە، کە خۆی لە میدیا و تەکنەلۆژیای نوێ و فاشیۆن و ئارایشتگەی قژبڕین و مۆدێلی ڕیشتاشین و مارکە جیهانی و ڕۆژئاواییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك کەناڵ و ڕابەری کوردی بۆ مۆدەکان، شێوەگرتن و بوونی ئەم کەناڵە دەرەکیانەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەسێتی و هەڵبژاردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێکاندا.

## ٢. ڕۆڵی مۆدەکان لە سەر کەسێتی و هەڵبژاردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

مۆدە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردن و نەخشاندنی کەسێتی مرۆڤەکاندا، لە شوێن و کاتی جیاوازدا. لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی پەیوەندیەکاندا. لەدروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتی و هاوڕێیەتییەکاندا، مۆدەکان ڕۆڵی کاریگەر و چالاك دەبینن لە شێوەگرتنی ڕەفتار و کردە کەسییەکاندا، لە شێوە گرتنی گروپ و دەستە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی دەستەی هونەری و مەدەنی و سیاسیەکاندا، هەروەها کاریگەرە لەسەر دروستکردن و بونیادنانی کەسێتی تاك لە کۆمەڵگەدا.

لەپەیوەندیدا بەم پرسەوە بۆچونێکی تر پێیوایە "لە ڕاستیدا لە ئاستی گشتیدا و بەتایبەتی لە نەوەی نوێدا مۆدە دەبێتە بەشێك لە کەسایەتی و بەردەوام لەگەڵ ستایلی باودا دەبێت، پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئەوانەی لەگەڵ ئەم ڕەوتە دەڕۆن گروپی کۆمەڵایەتی نوێ دروستدەکەن و بە جۆرێك دابڕانێکی گەورە لەگەڵ نەوەی ڕابردوودا بۆ خۆیان دروست دەکەن، دەبنە هۆی جیاکاری و نادادی کۆمەڵایەتی"[2].

شێوازە نوێکانی مۆدە باوەکان بە بڕی جیاواز دەبنە هۆی لێك نزیککردنەوەی ئەوانەی هەڵگری هەمان شێوازی بیرکردنەوە و توانان لە ئاستی ئابووریدا، بە ئەندازەی ئەوەش دەبێتە هۆی لێك جوداکردنەوە و لیك دورکەوتنەوەی ئەوانەی بیرکردنەوە و ئارەزوەکانیان لێك جیاوازە و ئاستی ئابوریشیان لێك دوورە، بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی دروستبوونی چین و توێژی

[1]. ڕێبوار سیوەیلی، هەمان چاوپێکەوتن.
[2]. ڕەوەز حەمەصالح، هەمان چاوپێکەوتن.

جیاواز، كه ململانێی چینایەتی و جیاوازی چینایەتیی له كۆمەڵگەدا دروستدەكات. ئەم تێڕوانینه بۆمۆده كۆمەڵایەتیەكان و دروستكردنی جیاوازی چینایەتی و ململانێ لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگەدا، یەكدەگرێتەوه لەگەڵ تێزی هەر یەك له تۆرستن ڤبلن و جۆرج زیمل دەربارەی دروستبوونی جیاوازی چینایەتی بەهۆی مۆدەكانەوه، كه لەلایەنی تیۆری توێژینەوەكەماندا لەسەر ئەم بابەته وەستاوین، ئەوان بڕوایان وابوو كه مۆدێله كۆمەڵایەتیەكان دەبنه هۆی لێكدوركەوتنەوەی ئەو گروپانەی، كه له ڕووی ئابووری و پێگەی كۆمەڵایەتییەوه جیاوازیان هەیه، به مانایەكی تر مۆدەكان جیاوازییه چینایەتییەكان تۆختردەكاتەوه.

### ٣.پەیوەندی مۆده كۆمەڵایەتییەكان و جیاوازی چینایەتی

هەر وەكو لەبڕگەی سەرەوەدا ئاماژەمان پێدا یەكێك له هۆكارەكانی دروستبوونی چین و توێژه كۆمەڵایەتیەكان، مۆده كۆمەڵایەتیەكانن، مۆدەكان خەسڵەت و تایبەتمەندی چینێكی دیاریكراو دەخەنەڕوو، بەهەمان شێوه جیای دەكەنەوه له چینێكی تر، چینه سەرمایەدار و خاوەن پارەكان مۆدی تایبەت بەخۆیان هەیه لەڕووی ئابووریەوه، چینی ئەرستۆكرات و خاوەن پێگه كۆمەڵایەتی و بنەماڵه ناودارەكان مۆدی تایبەت بەخۆیان هەیه. ئەم مۆدانه جیایان دەكاتەوه لەگەڵ چین و كاستی هەژار و ئەو كەسانەی خاوەن بنەماڵەی گەوره و دەوڵەمەند نین.

"مۆدی چینه دەوڵەمەندەكان جیاوازه له مۆدی چینه هەژارەكان، تەنانەت مۆدەكان به پێی ئاستی خوێندەواری و بڕوانامه و كاریش دەگۆڕێت"[1]. خوێندەواری و بوونی بڕوانامەش زۆرجار ڕۆڵ دەبینێ له دیاریكردن و جیاكردنەوەی چین و توێژه كۆمەڵایەتیەكان، هەروەها چینی باڵا و چینی مام ناوەند و چینی خوارەوه دەبنه خاوەنی مۆدی تایبەت بەخۆیان. مۆده كۆمەڵایەتییەكان" تاڕادەیەكی زۆر توانیویەتی جیاوازی دروست بكات، به جۆرێك هەندێك له مۆدەكان تەنها تایبەتن به چینه باڵاكان"[2]. ئەمڕۆ له بواری مۆدەكاندا ئابووری ڕۆڵێكی سەنتەری هەیه به بەراورد به كایەكانی تری وەك سیاسەت و كولتوور، سەرمایەداری جیهانی به پاڵپشت به كۆمپانیا گەورەكانی وەبەرهێنان و پاره وەك سەرچاوەی مامەڵەی جیهانی، دەبنه هۆكار بۆ گەشەكردنی جیاوازی چینایەتی."مۆده بۆ خۆی لەسەر بنەمای ئابووری و كۆمەڵایەتییەوه سەرچاوه دەگرێت، لەبەرئەوه دەكرێت بگوترێت، كه چینه جیاوازەكان پەیوەندیان لەگەڵ مۆدەی

---

[1]. زانست زانا سید گوڵ، هەمان چاوپێكەوتن.

[2]. سەنگەر حسام عبدالله، هەمان چاوپێكەوتن.

جیاوازدا هەیە و تەنانەت شوێن و مارکەکانی تایبەت بە مۆدە ئاڕاستەی چین و توێژەی جیاواز دەکرێن"[1].

توێژەر بڕوای وایە ئاڕاستەی دیاریکردنی مۆدەکان لە ژێر ڕۆشنایی جیاوازی چینایەتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لە شاری سلێمانی کاریگەری ڕاستەخۆی هەبووە لەسەر دیاریکردنی ئازادییە کەسی و تاکییەکان، ڕابەرانی مۆد، کە توانیویانە تا ئەندازەیەکی باش کۆتە کۆمەڵایەتی و نەریتیەکان ببەزێنن، مۆدە نوێکان تاقی بکەنەوە و گوزارشت بکەن لە سەربەستی و ئازادی خودی خۆیان. بەواتایەکی تر مۆدەکان دەتوانن ببنە پاڵنەری دەستبەرکردنی ئازادییەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا. لە شاری سلێمانی هەم لەسەر ئاستی تاك و هەم لەسەر ئاستی گروپ ئەو شێوازە بەدی دەکەین، کە لە دەستە و گروپی جیاوازدا خۆیان بەرجەستە دەکەن و خۆیان ڕێکخستووە. وەکو ئەو گروپە گەنجانەی، کە بەشێوازی جیاواز و نوێ قژیان دەبڕن و ڕیشدەتاشن، ئەوانەی جلی کورت و مۆدێلی نوێی دنیای مۆدێرن دەپۆشن. لەگەڵ ئەو گروپانەی، کە لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا بۆ ماوەی کاتی سەرهەڵدەدەن، کە ڕەنگە زۆر جار ئازادیبێت لە ڕوکەشدا، یاخود جۆرێك بێت لە لاسایکردنەوەی ئەوانی تر، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەو هەنگاوانە گرنگن و سەرەتای دروستبوونی ڕابەری نوێی مۆدە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

## ٤.ئازادی تاك و مۆدەکانی شوێن

مۆدە کۆمەڵایەتییەکان چۆن دەتوانن ئازادیەکانی تاك دەستەبەر بکەن؟ لە کوێدا مۆدەکان گوزارشت لە سەربەستی خودی تاك دەکەن؟ کۆمەڵگە چۆن جێگەی مۆدەکانی تێیدا دەبێتەوە؟ پەیوەندی ئازادی بە مۆدەکانەوە چییە؟ مۆدەکانی جل و بەرگ و خۆگۆڕین و خۆنمایشکردن ئەو پاڵنەرانەن، کە لە ڕواڵەتدا دەتوانن دەستەبەری ئازادییە سەرەتاییەکانی تاك بکەن لە کۆمەڵگەدا. دیزاینی ناو ماڵ و گۆڕینی دیکۆراتی نوێ و مۆدە نوێکان لە سەرەتادا دەتوانن وەك گوزارشت لە ئازادییەکان دەرکەون. هەروەك ئاشکرایە" ئازادی تاك و مۆدەکان لە هەندێك دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا هاو ئاهەنگ و یەکانگیرن، ئازادی مرۆڤ لە شوێندا پەیوەندیدارە بە ئەو مۆدانەی کە لە ناو ماڵ و شوێنی ژیانیدا بەکاری دەهێنێت، کە دەکرێت گوزارشت بکات لە ئازادییەکانی"[2]

---

[1]. ئارام تۆفیق، هەمان چاوپێکەوتن.

[2]. ئاراس فتاح، هەمان چاوپێکەوتن.

سەبارەت بە ئەم پرسە دەکرێت بگوترێت بەڕێژەیەکی دیاریکرا و پەیوەندی لەنێوان پڕاکتیزەکردنی ئازادی کەسی و بەکارهێنانی مۆدێل و شێوازی پۆشیندا هەیە، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە وەرگرتنی مۆدەی نوێ لە هۆشیاری تایبەت بەو مۆدەوە دێت. بەڵام دووبارە، لاسایکردنەوە و بەکارهێنانی ماتریاڵی نوێ بە داتاشینیان لە لایەنی مەعریفی و ماناکانی، کە مۆدەکە هەڵیگرتووە، دەکرێت ڕێگربێت لە توانای گۆڕانکاری یان کاریگەری دروستکردن لەسەر ئازادی یان تاکایەتی مرۆڤی کوردی. واتە دەتوانین بڵێین لە سەرەتادا وادەبینرێت، کە مۆدەکان دەتوانن گوزارشت بن لە تازەگەری و هەستکردن بە ئازادی، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوەنیە، کە ئازادی ئەو کەسە شۆڕبۆتەوە بە ناو بونیادی کەسی ئەو تاکەدا، واتە مۆدەکان ناتوانن ئازادی لە جەوهەردا بۆ مرۆڤ بەدی بهێنن، بەڵکو دەتوانن دەروازەیەك بن بۆ گەیشتن بە ئازادی لە جەوهەردا، ئازادی کەسی بنەمایەکی گەردوونی هەیە پەیوەندیدارە بەبنەما مرۆییەکانەوە.

لەپەیوەندیدا بەم مانایانەی ئازادیەوە "جێگیربوونی چەمکی ئازادی و تاکایەتی دوو زاراوەی نوێگەرین، کە پەیوەندی توندیان هەیە بە دروستبوونی یاسایی هاوڵاتیبیەوە. لە نەبوونی بنەما یاساییەکانی ئازادی و ژیانی تاکایەتیدا، هەر جۆرە ئازادیەك و تاکایەتییەکە دەبێتە شتێکی درۆزن و ئازادیی بچوکدەبێتەوە لە کۆمەڵێك شتی بێ واتای بازاڕیدا، کە هیچ زیادەیەك ناخاتە سەر ویژدان و ئاکار و بوونی تاکە کەس. لەوانەش مەسرەفگەرایی و کۆیلایەتی بۆ بازاڕ و کڕین. ئازادی کڕین پەیوەندیەکی توندی هەیە بە ئازادیی بەرهەمهێنانەوە. ئێمە میللەتێکی بەرهەمهێن نین و پەیوەندیشمان بەو شتانەی وەك دیکۆری ماڵ و شێوازەکانی ژیانەوە، پەیوەندیەکی لاوازە و نابنە بەشێك لەو هۆکارانەی کەسایەتی و مەعنەوییەتی ئێمە پێکدەهێنن"[١].

توێژەر بۆچوونی وایە لەبەرئەوەی ئازدییە تاکەکەسیەکان پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان بە هۆشیاری تاکەوە هەیە، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی مۆدەکانیش ڕۆڵ دەبینن لە هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا لەپەیوەندیدا بە شێوازی خۆ گۆڕین و ئەو پاڵنەرە مەعنەویانەی، کە لە ئەنجامی شێوازی ژیانەوە دروستدەبن.

## ٥. هۆشیاری تاك و پەیوەندی بە مۆدەکانی دنیای نوێوە

هۆشیاری تاك لە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی مۆدەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەپێچەوانەشەوە مۆدە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت کاریگەربن لە دیاریکردنی هۆشیاری تاك دا،

---

١. ڕێبوار سیوەیلی، هەمان چاوپێکەوتن.

بەرانبەر بەو دنیایەی کە تێیدان، ڕەفتارەکان، گفتوگۆکان، شێوازی ژیان و بەریەککەوتنە ڕۆژانەییەکان، هەموو ئەمانە مۆدەکان دەتوانن ئاڕاستەیان بکەن، لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە مۆدی نوێی کولتووری و کۆمەڵایەتی بەرهەمبهێنین ئەمەش بۆشایی گەورەی دروستکردووە، چونکە مامەڵەمان لەگەڵ نوێگەریدا مامەڵەیەکی ڕووکەشانەیە و ڕۆنەچۆتە قوڵایی و ڕیشەکانیەوە.

سەبارەت بەم بابەتە "پەیوەندی ئێمە بەو دنیا نوێوە پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای چاولێکەری و قبوڵکردنی پێشوەخت و کوێرانە دروستبووە، ئەم پەیوەندیە ناتوانێت هۆشیاریەکی جۆری دروستبکات، مۆد و ستایلی تایبەت هەم کەسایەتی مرۆڤ دەکات و هەم نمایشی دەکات، لای ئێمە تەنها نمایشەکە ئاڕاستە دەکرێت"[١]. ئەم دیدگایە بۆ هۆشیاری تاك بەرانبەر دەرکەوتەکانی نوێگەری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تاکی کورد تا ئێستا بوێری ئەوەی نەبووە بەبێ سەڵەمینەوە مۆد و ستایلە نوێکان وەربگرێت و ڕووبەڕووی بیری باو و زاڵ ببێتەوە، کە هەمیشە چەکوشی ڕەخنە و هۆشداریدانی لەسەر هەرشتێکی نوێ و تازە بووە، لە کۆمەڵگە و خێزان و دنیای تایبەتی تاکەکانیش، لێرەوە بۆ ئەوەی هۆشیاری تاك بەجێ بگات، دەبێت ئازایەتی و بوێری ئامادەییان هەبێت، تا ئەو هۆشیاریە نەوعیە جێبگرێت و بچەسپێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی هۆشیارییەوە مۆدەکان قبوڵبکەین یان ڕەتیان بکەینەوە، بەڵکو مۆدەکان خۆسەپێنن، توانای ئەوەیان هەیە بەدەر لە ویستی خۆمان بۆ کایەی مۆدەکان خۆ بسەپێنن. چونکە مۆدەکان لە ژێرسایەی سیستەمە سەرمایەداریەوە دەردەکەون. مۆدەکان بەرهەمی دنیای سەرمایەدارین، نەك تەنها لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵکو لەهەموو کۆمەڵگەکانی دنیادا خۆیان فەرز دەکەن، وەك پێوستی خۆیان دەردەخەن، هۆشیاری تاك نەك تەنها تاکی کوردی، بەڵکو تاکی جیهانیش لە بەرانبەریدا لاوازە.

### ٦.تایبەتمەندیەکانی کولتووری کوردی بۆ قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە و گونجان لەگەڵ مۆدەکاندا

یەکێك لەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە دیاردەی مۆدە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بابەتی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەیە لەگەڵ بابەتی خۆگونجاندن لەگەڵ مۆدەکانی دنیای نوێدا، هەموو کولتوورێك بەش بەحاڵی خۆی بۆ هەریەك لەم بوارانە کاردانەوەی خۆی هەیە، تایبەت بە مۆدە کۆمەڵایەتییە نوێکان. کۆمەڵگەی کوردیش لە ئاست ئەم دیاردەیەدا هەڵوێست و کاردانەوەی

[١].ڕێبوار سیوەیلی ، هەمان چاوپێکەوتن.

خۆی هەیە، ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە، کە ئێمە چۆن مامەڵە دەکەین لە پەیوەندا بە مۆدەکانەوە؟ ئایا کامانە قبوڵ دەکەین و کامانە ڕەت دەکەینەوە.

"زۆریك لەو مۆدانەی خزمەت بە سیاسەت و دنیابینی ئاینی دەکەن، واتە ئەو ڕەگەزە کولتورییانەی هاوتەریب لەگەڵ ئەو دو کایەیەدا دەڕۆن بە ئاستەنگی کەمەوە دێن و تەماهی لەگەڵ دەکەن، جگە لەو دوانە، هەموو ئەوانی دی بەفلتەر و سانسۆری گەورەدا دەڕۆن یان ڕەتدەکرێنەوە، وەك نمونە هەموو ئەو مۆدانەی شێوازی نوێی ژیان کردن دێننە نێو ئەم کولتورەوە"[١]. بەهەمان شێوە دیدێکی تر هاوڕایە لەگەڵ هەمان بۆچوون دەڵێت:" پەیوەست بوون بە بنەما سەرەکیەکانی ئایین، دەستگرتن بە بەها و نۆرمە تەقلیدیەکانی کولتوورەوە لە هەمان کاتدا شەپۆلی کرانەوە لەگەڵ کولتوورە جیاوازەکاندا لە ڕێگەی ماس میدیاوە، دەکرێت بەهۆکاری قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە یان خۆ گونجاندن لەگەڵ مۆدەکاندا هەژماربکرێن"[٢].جگە لەوەش دیدگەیەکی تر تەبەنی ئەو ڕایانەی سەرەوە دەکات دەڵێت: " ڕەنگە هەر مۆدێلێك دژ بە بەرژەوەندییە ئایینی و ئابووری و سیاسیەکان نەبێت زوتر قبوڵ بکرێت"[٣].

ئەوەی جێگەی تێبینیە سەبارەت بەم بابەتە کۆڕایی هەموو ئەوانەیە کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردوون، لەسەر ئەوەی، کە هەر مۆدێکی نوێ دژ نەوەستێتەوە لەگەڵ کاییەی ئایین بە پلەی یەکەم و پاشان سیاسەت، ئەوا بواری هاتنە ناوەوەی ئاسنترە، ڕێگەکانی خستنەڕووی زۆرترە، بەواتایەکی تر ئەو مۆدانەی تەبان لەگەڵ بیروڕای ئایینیدا بە تایبەت ئاینی ئیسلام قبوڵدەکرێن و ڕەتناکرێنەوە، هەروەها ئەوەی دژ بێتەوە لەگەڵ بنەما دینی و سیاسیەکاندا ڕەتدەکرێنەوە، یاخود هەوڵی دەستکاریکردنیان دەدرێت بەمەبەستی گونجاندنیان.

---

[١] . ،ئارام علی فرج. هەمان چاوپێکەوتن.

[٢].ئارام تۆفیق، هەمان چاوپێکەوتن.

[٣].زانست زانا سید گوڵ، هەمان چاوپێکەوتن.

## سێیەم: نوێگەری و گۆڕانەکان لە موزیکی کوردیدا

### ١. توانایی کاییەی موزیکی بۆ بەرهەمێنانەوەی ڕەسەنایەتی و دیاریکردنی شوناس

موزیك وەك کایەیەکی گرنگ و بنەمایەکی بەهێزی کولتوور، توانای بەخشینی شوناسی هەیە بە کولتووری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگە، کە ڕەسەنایەتی دەبێتە سیمبولی ئەو شوناسە. موزیکی کوردی لەنێو خۆیدا هەڵگری ئەو ڕەسەنایەتی و شوناسە بەهێزەیە، کە دەتوانرێت لە موزیکی تری میللەتانی تر جیابکرێتەوە، چونکە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی ئاشکران و توانای خۆپاراستنی هەیە لە ون بوون و کەوتنەژێرەوەی کولتووری دیکەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەمیشە لە ژێر هەڕەشە و مەترسی گەورەدایە، بۆیە ڕەسەن بوونی ئەم موزیکە دەبێتە جێی باس و گرنگی بۆ پارێزگاریکردن لە شوناسە بەهێزەکەی تا لە پووکانەوە و لە ناوچوون بیپارێزێت. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، کە موزیکی کوردی بە کۆمەڵێك بەڵگە دەتوانین بیسەلمێنین، کە هەڵگری خەسڵەتی ڕەسەنایەتی و ناسنامەی کولتووری خۆیەتی، سەرەتایترین ئاماژە ئەوەیە کە ئەم موزیکە جیاوازە لە موزیکی گەلانی تری دونیا، ڕەگەزەکانی و فۆڕمەکانی، ڕەگەز و فۆڕمی جودان، بنەمای کولتووری تایبەت بەخۆیان هەیە.

لە پەیوەندیدا بەم پرسەوە "موزیکی کوردی خاوەنی تایبەتمەندی کولتووری خۆیەتی و جیاوازیەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ موزیکی گەلانی تری دنیادا، موزیکی کوردی، ئەو موزیکەی، کە هەڵقوڵاوی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی ناوخودی کۆمەڵگەن جۆرێکی تایبەت لە ڕەسەنایەتی خۆی هەیە، تام و بۆی کۆمەڵگەی لێدێت"[١]. بەم واتایە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان و ئەو هەڵکەوتە سروشتی و جوگرافیەش، کە هەیەتی ڕۆڵیان هەیە لە شێوەگرتنی ئەم موزیکەدا. " هونەری موزیك لە پاڵ پیشەی فەرش چنین، تاکە هونەرە کە توانیویەتی بە شێوازێکی بەهێز ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت و دروستیشی بکات"[٢].

ئەمە وێڕای بۆچوون و ڕای جیاواز لەسەر ڕەسەنایەتی و پاراستنی شوناس ، کە هەندێك پێیانوایە نابێت موزیك خەریکی خۆپاراستن بێت، بەڵکو دەبێت بەو شێوەیەی، کە هەیە بچێتە ناو دنیاوە و کارلێك و بەرکەوتنی لەگەڵ کولتووری تر و موزیکی تردا هەبێت، هەوڵی ئەوە بدات جێگەی خۆی لەنێو موزیك و کولتووری جیهانیدا بکاتەوە. شوناس ببەخشێت بەخۆی لەنێو شوناسە ئاڵۆز و زۆرەکانی گەلانی تری دونیادا. بۆ ئەم مەبەستە دیدگەیەکی تر

---

[١]. بەختیار حسین ڕشید، هەمان چاوپێکەوتن.

[٢]. شێرکۆ حەمە ساڵح، هەمان چاوپێکەوتن.

ئەوە دەخاتەڕوو" ڕەسەن، بەکردەوە بووە بە ئاماژە بۆ موزیکی کۆن و فۆلکلۆر لە ناوەڕۆکی (original) وەرگیراوە، کە شەخسیەت و داهێنان دەگەیەنێت، موزیک نابێت خۆی بپارێزێت، چالاکیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە دەبێ لە کارلێك دابێ لەگەڵ دنیادا، ئەگەر هێزی داهێنانی تیادابوو، خۆی بەشوناس جیادەکاتەوە، ئەگەرنا دەبێت بەژێرەوە"[1].

دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو مەرج نیە بۆ ئەوەی هەست بکەین، کە موزیکێك ڕەسەنە تەنها بیبەستینەوە بە ماوەی زەمەنی و مێژووی ئەو موزیکە، بەڵکو سەرەکیترین بنەما ئەوەیە توانای ئاوێتەبوونی هەبێت لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کولتووری کۆمەڵگە و توانای کارلێکی هەبێت لەگەڵ هەستی ئیستاتیکی و کولتووری گشتیدا، هەروەها توانای داهێنان و خۆ نوێکردنەوەی هەبێت تا بتوانێت بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات. بۆچوونەکانی هونەرمەند(**دیاری قەرەداغی**) پاڵپشتی ئەم بیروبۆچونە دەکەن" ئەگەر چەمکی ڕەسەنایەتی لە بیری ئێمەدا بریتی بوبێت لەو موزیکەی، کە لە کۆندا کراوە ئەوە بەهەڵە بەکاربراوە. ڕەسەن بوون بریتییە لە جوانی و چێژ و هەست و کاریگەریە ڕوحییەکان نەك گەڕانەوە بۆ زەمەن، شاری سلێمانی شارێکی تازەیە و هونەریش تێیدا تازەیە، ناتوانین وەك شوناسێکی ڕەسەن و دامەزراوە چاوی لێبکەین، بەڵام لە ناویشیدا بۆن و بەرامەی ڕەسەنایەتی بوونی هەیە، کە ئەویش موزیکی ناو مەجلیس و ماڵەکانەوە لە سەردەستی تیپی موزیکی مەولەوی و تیپی موزیکی سلێمانی شێوەی گرتەوە و جارێکی تر دانراوەتەوە "[2].

هەروەها (**توانا حەمە ڕەشید**) پشتڕاستی هەمان تێڕوانین دەکاتەوە، کە مەرج نیە کات و ڕابردوو بڕیار لە ڕەسەنی و ناڕەسەنی موزیکێك یان کارێکی هونەری بدەن بە قەدەر ئەوەی، کە ئەو موزیکە چەندە دەتوانێت لەنێو ویژدان و هەست و بیرەوەری تاکی کۆمەڵگەدا بمێنێتەوە بە زیندووی. ئەو دەڵێت" کۆنی و نوێی مەرجنین بۆ ڕەسەن بون یان نا ڕەسەن بوونی موزیکێك، ڕەسەن واتە موزیکێك، کە بێ خەوش بێت لە هەموو نەبزەیەکی بێگانە، ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوەوە دەتوانین بنەماکانی ئەم شوناسە دیاری بکەین، دەبێت فۆڕمەکان بدۆزینەوە،

---

[1]. نزار سابیر فەرەج، هەمان چاوپێکەوتن.

[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ دیاری قەرەداغی: نوسەر و هونەرمەند، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ١٠/١١/٢٠١٦. کاتژمێر ١١:٣٠، ماوەی چاوپێکەوتن ١١٧ دەقیقە.

موزیکەکانی شەماڵ سائب ڕۆژگارێك بە نارەسەن دادەنران، بەڵام ئێستا بە ڕەسەن ناویان دەبەین"[1].

بیروڕای توێژەر ئەوەیە، کە موزیك تەنها بە کۆنی و نوێی ناتوانێ دەستنیشانی ڕەسەن بوونی بکەین، بەڵکو پێویستە ئەو دەریچانە بدۆزینەوە، کە مۆرکە کولتووری و فەرهەنگیەکەی بۆ دەستنیشان دەکات و کەسێتی ئەو موزیکە دیاریدەکات، هەروەها پاککردنەوەی لەو خەوشانەی، کە لە کولتووری دیکەوە تێکەڵی بوون. لە لایەکی ترەوە ئەو موزیکە ئاشنا بێت بە ڕووحی مرۆڤی کورد، توانای کارلێکردنی هەبێت لەگەڵ هەستەکانی تاکەکاندا.

## ٢. موزیك و کەسێتی و فۆرمەلەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان

موزیك وەك هەموو کایە کولتووری و هونەریەکانی تر دەبێت ڕوو لەکۆمەڵگە بێت. پانتایی کارکردنی پانتای کۆمەڵگەبێت. هیچ موزیکێك ناتوانێت لە دەرەوەی کۆمەڵگە بژی. موزیك بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ئەگەر موزیك لە کۆمەڵگەی گونددا بۆ سەرگەرمی و ڕازاندنەوەی شەوانی درێژی لادێ پێداهەڵدان بوبێت بۆ سروشت و جوانی و ئاوێتەبوونی لەگەڵ ژیانی لادێ و کاری هەرەوەزی و بەڕێوەبردنی شایی، یاخود ناسنامەیەکی لۆکاڵی بەخۆی بەخشیبێت. ئەوا موزیکی شار پەیامی جیاوازی هەیە و فۆرمی کارکردن و کارلێکی جیاوازە، موزیك لە شاردا تەنها ئەرکی هونەری جێبەجێ ناکات، بەڵکو کۆمەڵگە ئاراستە دەکات. ئاراستەی کارکردنی ڕووە و تاکەکانی کۆمەڵگەیە، واتە پەیامی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی خۆی هەیە. لەم چوارچێوەیەدا موزیکی کوردی لە شاردا بە تایبەت لە شاری سلێمانی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە توانیویەتی ئەم ڕۆڵە ببینێت یاخود هێشتا لە هەوڵی بە ئاکام گەیشتنی ئەو ڕۆڵەدایە.

بۆ ئەم پرسە "هێشتا زۆر زیاترمان ماوە بۆ ئەرێنی وەڵامەکەی، چونکە جاریَ ئێمە هەنگاوی زۆر زیاترمان ماوە بۆ ئەوەی کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵگە فێری ئەوە بکەین بە تەنها گویَ لە موزیکی بیَ وشە( پارچە موزیك )ێك بگرێت، لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم لایەنانە دواتر لایەنی ڕەخنەگرتن رۆڵی دەبێت"[2]. ئەم دیدگایە پێیوایە، کە ناتوانرێت موزیکی کوردی وا

---

[1]. چاوپێکەوتن لەگەڵ توانا حەمە ڕەشید: ڕەخنەگری هونەری، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١١/١٧، کاتژمێر ٣:٠٠، ماوەی چاوپێکەوتن ٩٧ خولەك.

[2]. زۆزگ قەرەداغی، هەمان چاوپێکەوتن.

ببینین، کە توانیبێتی پەیامی ڕەخنەیی ئاراستەی کۆمەڵگە بکات، یاخود بتوانێ بیری ڕەخنەیی لە کولتوور و لە نەریتە چەقبەستوە دواکەوتوەکان گەشەپێبدات. جگە لە هەندێك هەوڵی زۆر بچوك ئەویش لەسەر ئاستی تاکەکەس. "ئەوەی دەبینین لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان لە شاری سلێمانیدا موزیك و گۆرانی خۆی جێگەی ڕەخنە بووە، ناشرینترین کار کاری هونەری بووە، هونەر خۆی تەنێکی نامۆ بووە، چۆن دەکرێت ئەم توخمە نامۆیە کۆمەڵگە ڕەخنە بکات، ئەمە کارێکی ئەستەم بووە"[1]. بۆ نموونە هونەرمەندێکی وەك ساڵح دیلان لە ژێر کاریگەی ڕەخنەی کۆمەڵگەدا داوادەکات وەك شاعر بناسرێت نەك وەك گۆرانی بێژ . لەگەڵ ئەوەشدا لە قۆناغێکی تردا لەسەر ئاستی کەسی و تاکی هونەرمەند لێرە و لەوێ هەنگاوی تاکەکەسیانە نراوە بۆ نموونە گۆرانی (**سەرۆکەکان**)ی هونەرمەند دیاری قەرەداغی، کە ڕەخنەی توند ئاڕاستەی سەرکردەکانی کۆمەڵگە دەکات بۆ بەخۆداچوونەوە و ملدان بۆ ئازادی و خەمەکانی خەڵك، بەڵام ئەمە نەبۆتە کولتوور و کاری دەستەکۆیی لەسەر بکرێت. بەڵام لەگەڵ هاتنی موزیکی مۆدێرندا و کرانەوەی زیاتردا، ئاشنابوون بە موزیك و گۆرانی ڕاپ، لە ڕێگەی ڕاپی کوردییەوە توانرا پەیامی ڕەخنەیی ئاڕاستەی دابونەریت و دیاردە و گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە بکرێت، پاشان ڕەخنەگرتن لە سیستەمی حوکومڕانی و گرفتە ئابووری و دارایی و ئیدارییەکانی کۆمەڵگە فۆڕمەلەبوو. بەڵام لە ئاستێکی ڕوکەش و سەرەتایدا، بەواتایەکی تر ئەم ڕەخنەگرتنە بەقوڵی ڕۆنەچۆتە نێو جومگە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگە لە ئاستە جیاوازەکاندا. "شاری سلێمانی لە هەموو دۆخەکاندا هەوڵی موزیکی شادی داوە جگە لەو گۆڕانیە شۆڕشگێڕانەی کە هەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە پەیامێکی ڕەخنە گرانە ئاڕاستەی کۆمەڵگە بکات، بەڵکو بەهۆی ئەو نەریتە کۆنەوە، کە هەیە خۆی بۆتە جێگەی ڕەخنە"[2].

### ٣. بە کاڵابوونی موزیك لە جیهانێکی گۆڕاودا

ئێمە پێویستە دوو جۆی بە کاڵابوونی موزیك لێك جیا بکەیەنەوە، سەرەتا موزیك وەك هەر بوارێکی تر، کە دەبێتە سەرچاوەی بژێوی بۆ کەسی هونەرمەند و کاری جدی و گرنگ دەکات بۆ ڕێزگرتن لە ماندووبوون و کارکردنەکانی پێویستە بازاڕی بۆ ئامادە بکرێت، موزیکەکەی داهاتی بۆ پەیدا بکات. جۆری دووەم، کە مەبەستی پرسیارەکەی ئێمەیە ئەوەیە، کە موزیك لە بەها هونەری و پەیامە مرۆییەکەی دابماڵین و تەنها وەکو کاڵایەك تەماشای بکەین،

[1]. دیاری قەرەداغی، هەمان چاوپێکەوتن.

[2]. توانا حەمە ڕەشید، هەمان چاوپێکەوتن.

تەنها مەبەستمان پەیداکردنی پارە و ڕەواج پێدانی لەڕووی ماددیەوە، ونکردنی بەها مەعنەویەکەی.

لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە"لە سەرتاسەری دنیای ئەمڕۆدا ڕۆڵی موزیك (موزیك و بازاڕ-موزیك بۆ بازاڕ) لە ئاستێکی باڵادایە، ئەگەر مەبەست لە بە فرۆشکردنی موزیکی کوردییە وەك کاڵایەك، ئەوە بێگومان زۆر کەمن ئەو موزیك و گۆرانیانەی، کە بە کاڵا نەکرابن بە مانایەکی تر هەرزان فرۆش نەکرابن"[1]. هەرزانفرۆش کردنی بەرهەمی هونەری و موزیك بەشێوەیەکی تایبەت خەسڵەتێکی ناشارستانیە، کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی هۆشیاری و خەمی هونەریەوە، کە بازرگانی کردن پێیەوە دەبێتە شتێکی ئاسایی هەروەکو (**هەردی مەجید حەمەڕەفیق**) دەڵێت:" موزیکی کوردی وەك کاڵا بازرگانی پێوە دەکرێت"[2]. وەختێك موزیك وەك کاڵای بازرگانی مامەڵە بکرێت ئیتر هیچ بەهایەك بۆ ئەو موزیکە نامێنێتەوە، جگە لە بیرکردنەوە لە دەستکەوتنی پارە، کە ئەمەش دیاردەیەکە کار لەسەر تێکدانی میزاج و کولتووری ڕەسەنی کۆمەڵگە دەکات، چونکە موزیك وەك کاڵا دەبێتە مەبەست نەك وەك هونەر و جوانی. بۆیە (**مستەفا عەباس**) بڕوای وایە کە" بە کاڵابوونی هونەری موزیکی کوردی دیاردەیەکی زۆر ترسناکە، لەسەر ڕەسەنایەتییەکەی دەکەوێت، بۆیە دەبێت کوالیێتی بەرزبکرێتەوە و بەفلتەردا تێپەڕێت"[3].

ئەو گۆڕانکاریە کاریگەرانەی کە بە سەر تەواوی جیهاندا هاتووە لە ژێر سایەی پرۆسەی بە مۆدێرنیزەبوونی جیهاندا. ئەو پرشکە کەمەشی کە بەر کۆمەڵگەی کوردی کەوتووە لە شاری سلێمانی بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو بەکاڵابوونەی موزیك هەستی پێدەکرێت و بەر چاودەکەوێت، بەڵام هەرگیز وەکو کاری بازرگانی و بزنس بەکارنەهێنراوە، ئەوەندەی بۆ مەبەستی تایبەتی و لە هونەرخستنی موزیك بووە ئەوەندە بۆ بە بازاڕکردن و ڕەواج پێدان نەبووە وەك کاڵایەکی هونەری و کولتوور بۆ چێژ و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو هۆشیاریەکی هونەری و کولتووری. تێڕوانینێکی تر بڕوای وایە، کە دەبێت بازار بۆ موزیك دروست بکرێت وەك ساغکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندێك بۆ پاڵپشتی کردنی هونەرەکەی، کە بەشێکی گرنگی کولتوورەکەیەتی " پێویست بوو موزیك وەك کاڵای بازرگانی گەورە بازاڕی بۆ دروست بکرایە، بەڵام وەك کاڵا و

---

[1]. بەختیار حسین ڕشید، هەمان چاوپێکەوتن.

[2]. چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردی حەمە مەجید: موزسیان و مامۆستای زانکۆ، سلێمانی ، لە ڕێکەوتی، ٢٠١٦/٨/٢٨.

[3]. چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا عباس: هونەرمەند و مایسترۆی ئۆرکێسترا، سلێمانی، لە ڕێکەوتی ٤/١١/ ٢٠١٦.

شمەك بۆ سەرگەرم كردن سودی لێوەرگیراوە، ئەمەش وەك ڤایرۆس بۆتە نەخۆشی بۆ موزیكی كوردی"[1].

دیدگەیەكی دیكە ئەم دۆخە دەبەستێتەوە بە مەسەلەی سیستەمی سەرمایەداریەوە هەروەك دەڵێت:" ئەم بیرۆكەیە بەتەواوەتی بیرۆكەیەكی سەرمایەداریانەیە، لەگەڵ هاتنی گلۆباڵدا وەك ڤایرۆس گەشەی كرد، بەبێ ماركێت ناتوانین موزیك بەرهەم بهێنین، كە كارێكی ناچاریانەیە، كە ژمارە ڕۆڵی تیادا دەیبینێ، كە پرۆسەیەكی تەواو سەرمایەداریانەیە"[2].

توێژەر پێیوایە سیستەمی سەرمایەداری پریشكی ئاگرەكەی وەك هەموو كایەكانی تر بەر موزیك و هونەریش كەوتوە، كە خۆی لە بواری جیاجیادا دەبینێتەوە، دیارترینیان بە شمەك كردن وەك شت سەیركردنی موزیكە لە ڕووە ماددیەكەیەوە هەروەها تەكنەلۆژیا كە ڕۆڵی زۆری هەیە لەسەر گۆڕینی هەستە موزیكیەكان.

## ٤. تەكنەلۆژیا و كاریگەریی لەسەر موزیكی كوردی

تەكنەلۆژیا وەك یەكێك لە دەرهاویشتە وپێدراوەكانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی، هەروەها وەك دەركەوتەیەكی گرنگ و خێرای پرۆسەی مۆدێرنە، نەخشی زۆری هەیە لەسەر كایە كۆمەڵایەتی و ئابووری و كولتورییەكان، لەنێو كایەی كولتووریشدا موزیك یەكێكە لەو بوارانەی، كە تەكنەلۆژیا جێ دەستی لەسەر نەخشاندووە، تەكنەلۆژیا بە دوو جۆر و لە دوو لایەنی جیاوازەوە كاریكردۆتە سەر هونەری موزیك، دەتوانین بە لایەنی باش و خراپ ناودێری بكەین، هەم سودی بە موزیك گەیاندووە و هەم زیانیشی هەبووە بۆ ئەم ژانرەی هونەر.

" تەكنەلۆژیا هەردوو ڕۆڵەكەی هەیە، بەڵام دەكەوێتە سەر ئاستی شارەزای و سەلیقەی ئەو هونەرمەند و كەسانی كە بەكاریدەهێنن، كە دەڵێت" وەك هەمومان دەزانین تەكنەلۆژیا كاریگەری دوولایەنەی هەیە، واتە هەم كاریگەری باش و هەم خراپی هەیە، بۆیە ئەو كەسانەی، كە شارەزایی و زانیاریان نییە دەبێتە كاریگەری خراپ، بە پێچەوانەشەوە دەبێتە كاریگەری باش"[3]. لەگەڵ بە ڤیدیۆ بوون و بە دیجیتاڵبوونی دونیادا موزیكش بەر ئەم شەپۆلە كەوتوە و دەبینین سودی زۆری بۆ موزیكی كوردی هەبووە سەرەڕای زیانەكانی، بۆنموونە ئەو گۆڕانیەی كە ١٥ساڵ لەمەوبەر تۆماركراوە بە ئاسانی هەست بە خەوش و كێشەكانی دەكەین، كە زیاتر

---

[1]. توانا حەمە ڕەشید، هەمان چاوپیكەوتن.

[2]. دیاری قەرەداغی، هەمان چاوپێكەوتن.

[3]. مستەفا عەباس علی، هەمان چاوپێكەوتن.

هەست دەکەین موزیکی مەجلیسیە، بەڵام تەکنەلۆژیا هات موزیکی لەو خەوشانە پاککردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا لە چێژ و بۆن و بەرامەی هەناسە ڕاستەقینەکانی کەمکردەوە".

دیگەیەکی تر پێیوایە، کە تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی سودی زۆری هەبووە بۆ موزیك و کاری باشی کردووە بۆ پاراستن و بەرزکردنەوە ئاستی کوالێتی موزیك، موزیکی کوردی وەك هەر موزیکێکی دیکەی دنیا، لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە گۆڕانی بەرچاو بەسەر ئەرك کۆمەڵایەتیەکەیدا هاتووە، ستایلەکانی هەمەڕەنگتربوون، ئاڵوگۆڕی کولتووری دەوڵەمەندتر بوو، ڕووبەری نوێی بۆ داهێنان خستەڕوو، تەکنیکی موزیکی بە ئاسانتر خستۆتە بەر دەست هەمووان. دەزگای باشتر بەردەستە بۆ تۆمارکردنی کاری ستۆدیۆ، تەکنیکی باشتر بەردەستە و ئاسانکاری زیاتر هەیە بۆ ئەو مەبەستە ئامێری موزیکی باشتر و بەردەستە بۆ ئەنجامدانی کاری موزیك، هەروەها پاراستنی بەرهەمە هونەرییەکان و بە ئەرشیفکردنیان  بە کوالێتیەکی بەرز بەهۆی تەکنیکی تەکنەلۆژیاوە. وێڕای ئەو بۆچوونانەی سەرەوە هەندێکی تر لە ڕەخنەگرانی موزیك بۆچونیان وایە، کە تەکنەلۆژیا زیانی زۆری هەیە بۆ موزیك، کە کار لە هەستە موزیکی و دەنگە ڕەسەنە موزیکییەکان دەکات، موزیکێك پەخشدەکات، کە نامۆیە بە روحیەتی کۆمەڵگە و هونەرەکەی " تەکنەلۆژیا و ئامێرە موزیکیە تەکنەلۆژییەکان وەك کیبۆرد و گیتاری کارەبایی و درامز...هتدا ڕێخۆشکەربوون لە خولقاندنی جۆرێك لە موزیك لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، کە نامۆیە پێی یان ڕاستتر بڵێم تەکنەلۆژیا تێکدەر و وەلانانی زۆرێك لە دەنگە ڕەسەن و ئامێرە کوردیەکان بووە"[1].

بەشێوەیەکی گشتی تەکنەلۆژیا ڕۆڵی زۆری هەبووە لەسەر موزیکی کوردی و لەسەر تۆمار و شێوەگرتنی توانای بیستن و نیشاندانی وەك موزیکی پوخت، بەڵام کاریگەری لەسەر چێژ و خاکێتی موزیکەکەش هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لەدەرەوەی کارکردن بە تەکنەلۆژیای سەردەم بتوانین هونەری پاك و نەمر بەرهەمبهێنین."دەکرێت بەبێ تەکنەلۆژیاش هونەری بەرز و نەمر پێشکەش بکەین، تەکنەلۆژیا ناتوانێ هەستەکانمان دەرخات ئەگەر ئەو موزیکە خۆی دابڕابێت لە بەها هونەریەکان، هەروەك چۆن ناتوانێت هەستەکانیشمان بکوژێت، تەکنەلۆژیا تەنها ڕەواجدانە بە تەکنیکی زیاتر و فرۆشی زیاتر"[2].

---

[1]. بەختیار حسین ڕشید، هەمان چاوپێکەوتن.

[2]. دیاری قەرەداغی، هەمان چاوپێکەوتن.

بیرکردنەوە لە تەکنەلۆژیا وەکو ئەو پرۆژە سەرمایەدارییەی، کە تەنها زیان یان سودی هەیە، ناتوانێت جێبگرێت، هەتا بە چاوێکی کراوەترەوە سەیری ئەو دنیا گۆڕاوە نەکەین، کە ئێمە تیادا دەژین، ئێمە لەڕێگەی کرانەوەی زیاترەوە بە ڕووی کولتوورەکانی جیهانی دەرەوەدا زیاتر بەهۆی تەکنەلۆژیاوە ئاشنایەتیمان بە نوێنەرەکانی تری موزیکی جیهانی پەیداکردووە، لەڕێگەی لاسایکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەیان بەشێوازی خۆمان هەندێك جار سودمان بینیوە. توانیومانە موزیکی کوردی پێدەوڵەمەند بکەین هەندێك جاریش خەوشمان خستۆتە سەر هونەرە ڕەسەنە خۆماڵیەکە، ئەوانیش هەریەکە لە ستایلەکانی موزیکی جیهانیە لە جۆری ڕاپ و ڕۆك و جاز و موزیکی جەماوەری.

## ٥. نوێنەرەکانی موزیکی جەماوەری و کەناڵەکانی بەرهەمهێنانی ستایلەکانی ڕاپ و جاز و ئەرەبێسك و کۆمەڵگە

ئاشکرایە ئێمە وەکو کورد لەڕێگەی پرۆسە بەرفراوانەکەی مۆدێرنە و سەرمایەداری جیهانیەوە ئاشنابووین بە شێوازە جیاجیاکانی موزیکی جیهانی، کە هەریەکەیان بەشبەحاڵی خۆیان ڕۆڵیان هەبووە، لە وەستان یاخود گەشەی موزیکی کوردیدا، لە دوو دەیەی ڕابردوودا موزیکی کوردی ئاشنایەتی بەم جۆرانەی موزیك پەیداکردووە و لە هەندێك دۆخدا ئاوێتەی کردوون بە موزیکی کوردی، بەتایبەت لە شاردا وەك کایەی گشتی چالاکیەکانی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگەدا.

بۆ ئەم مەبەستە "موزیکی جەماوەری بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی پەرەسەندنی موزیك لە شاردا، لەدوای پەیدابوونی تەکنیکە دەنگهەڵگر و دەنگ گوێزەوەوەکاندا، بۆیە ناتوانرێت باس لە سود و زیانی بکرێت، موزیکی جاز بە مانا ڕۆژئاواییەکەی هەرگیز ئامادەیی نەبووە لە موزیکی کوردیدا، بەڵام کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەرەبێسك موزیکی جەماوەری بردە ئاستێکی پێشکەوتوترەوە، بەڵام دەرگایەکی گەورەش بوو بۆ بە فیڕۆدانی ڕەنجی لێشاوێکی زۆر لە گۆرانی بێژی بێ هونەر. ڕاپ وەك ستایلێکی لەبار بۆ نواندنی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، هێشتا جێی خۆی نەگرتووە، تاك و تەرا نموونەی باش هەن"[١]. لەبەرئەوەی موزیك ڕاستەوخۆ کارلێکی لەگەڵ مرۆڤ هەیە، مرۆڤیش پێکەوە کۆیەك دروست دەکەن، کە جەماوەرە، ئەوا موزیك بۆ خەڵکە بەگشتی. کەوایە لەسەر بنەمای ئەم دیدگایە

---

[١]. نزار سابیر، هەمان چاوپێکەوتن.

" موزیکی جەماوەری هیچ زیانێکی نییە بۆ موزیکی کوردی، بەڵکو هەمەجۆرییەکی پێدەبەخشێت، بەمەرجێك ئەو تێکەڵکردنە لەلایەن کەسی بە ئەزموون و بەهرەمەندەوە بکرێت"[1].

سەرەڕای ئەوەی کە موزیکی جەماوەری ناتوانرێت لە کۆمەڵگە دابڕنرێت لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شێوازەکانی تری موزیك دەکرێت سودی باشیان هەبێت بۆ موزیکی کوردی. ڕایەکی تر دەڵێت:"من پێم باشە هەموو جۆرەکانی موزیك لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەبێت، لە ناوچەی شاری سلێمانی بۆ ئێمە موزیکی جاز زیاتر بە ڕوحی ئەم شارە دەخوات و نزیکی هەیە لەگەڵ موزیکی شاری سلێمانی، بەڵام بەشێوەیەکی ئەمڕۆیی و وەریبگێڕینە سەر موزیکی خۆماڵی"[2].

ئەوەی بەرچاو دەکەوێت ئەم جۆرە لەموزیکی جاز پێشتر لەشاری سلێمانی لە موزیکەکانی (قادر دیلان)دا دەیبینین و دەست و پەنجەمان لەگەڵدا نەرم کردووە، ئەگەرچی تێکستەکانی تێکستی خۆشەویستی و لیریکین، کە دەکرێت تێکستی ڕەخنەیی و سیاسیشی بۆ بەکاربهێنین، وەکو مۆدێلێکی ڕەخنەیی ئاراستەی نەریتی کۆمەڵایەتی بکرێت. لە ئاستە میللیەکەشیدا دەبینین مۆدەکانی سەیارە و کەلوپەلە گرانبەهاکان فۆڕمی تێکست و گۆڕانیەکانی کوردی دیاری دەکرد. لە ساڵانی نەوەدەکاندا مۆدێلەکانی لادای حەفتاوشەش و سۆپەری هەشتاو شەش ببون بە لۆگۆی گوزارشتکردن لە جوانی و ئەو کەسەی پێداهەڵدانیان بۆدەکرد، بەڵام ئێستا باسی مۆنیکای ٢٠١٤ و وەنەوشەی ٢٠١٦ و هەروەها فەیسبوك و سناب چات و ڤایبەر و ئایفۆن و سمارت فۆن دەخەنە ناو تێکستە میللەکان لە دانیشتنەکاندا.

دیدگایەکیتر بڕوای وایە، کە بەهیچ جۆرێك ئەم شێوازانەی موزیکی گەلانی دنیا ناتوانێت ئاوێتە بکرێت لەگەڵ موزیکە ڕەسەنە شێوە گرتوەکەی موزیکی کوردی، کە لای ئەم دیدگایە دەبینین" موزیکی جەماوەری لە هیچ شوێنێکی دنیادا خزمەتی بە پاراستنی بەها نەتەوەیەتییەکان نەکردووە، موزیکەکانی جۆری ڕاپ و جاز و ئەرەبێسك هیچ پەیوەندیەکیان بە پێگە کۆمەڵایەتی و هەستەکیەکانی کۆمەڵگەی کوردیەوە نییە، ئەم جۆرە موزیکانە گوێی تاکی کورد پڕدەکەن لە خەوشێك، کە چەندین ساڵی دەوێت بۆ پاککردنەوەی"[3]. ئەم دیدگایە پاڵپشتی پاك ڕاگرتنی موزیکی ڕەسەن و خاوێنی کوردی دەکات لە بەرانبەر تێکەڵبوون بەهەر شێوازێکی دیکەی موزیکی گەلانی تر، هەریەك لەو موزیکانە ناتوانن چێژبەخش بن بە گوێی کوردی، بەڵکو لەوەش زیاتر ئەو گوێچکەیە پڕدەکەن لە خەوش. بۆ پاراستنی ئەو مۆرکە کوردەواریە دەبێت بە

---

[1]. هەردی مەجید حەمەڕەفیق، هەمان چاوپێکەوتن.
[2]. توانا حەمە ڕەشید، هەمان چاوپێکەوتن.
[3]. بەختیار حسین ڕشید، هەمان چاوپێکەوتن.

وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانی موزیکی دنیای مۆدێرندا بکەین. بەبڕوای توێژەر ئەم تێڕوانینە تا ئەندازەیەکی زۆر ناسیۆنالیستانە دەکەوێتەوە، چونکە مەرج نیە بۆ ئەوەی موزیکێکی ڕەسەن و بێ خەوش پێشکەش بکەیت، دەبێت پاراستنی بەها نەتەوەییەکان لە بەرچاوبگریت، بەڵکو تایبەتمەندیە کولتووریەکان گرنگن، لەبەرئەوەی موزیك ئەمڕۆ زمانێکە ڕووەو جیهان نەك لەنێو سنورە نەتەوەیەکاندا.

### ٦. موزیکی کوردی و مۆرکی کولتووری کوردەواری لە دنیای نوێدا

کۆمەڵگەی کوردی وەك تەواوی کۆمەڵگەکانی تر، تایبەتمەندی کولتووری خۆی هەیە، کە پێیدەناسرێتەوە، بەڵام پارێزگاریکردن و هێشتنەوەی لە چوارچێوە ڕەسەن و بەهێزەکەیدا ئاسان نیە، بە تایبەت دوای هاتنەناوەوەی پرۆسەی نوێگەری، کە دەتوانێت سنورە کولتووریەکان تێکبشکێنێت، ئەمەش وایکردووە، کە موزیکی کوردی نەتوانێت پارێزگاری لەمۆرکە خۆماڵەیەکەی خۆی بکات، کە شوناسێکی پێداوە.

هەر بۆ ئەم مەبەستە لە دوو دەیەی ڕابردوودا زۆرکەمن ئەو موزیك و گۆڕانیانەی، کە تێیدا هەست و مۆرکی کوردەواری پارێزراوبێت لە پەیوەندیدا بە کولتوورەوە، لەشاری سلێمانی تایبەتمەندیە کولتووریەکان لە موزیك و گۆرانیدا لەبەرچاو نەگیراون. هۆکاری سەرەکی ئەوەی، کە لە سلێمانی نەتوانراوە مۆرکە کولتووریەکە بپارێزرێت، ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکان موزیکی ناوچەکانی دراوسێ بێت، ئەمڕۆ زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت شێوە تازەکانی بگوازرێنەوە، بە تایبەت دوای دروستبوونی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و میدیا ئەلکترۆنیەکان. "لەگەڵ دروستبوونی ڕادیۆ و لە ژێر کاریگەی داڕشتنی شێوازی میسری و وڵاتانی دەوروبەر بۆ کۆبوونەوەی گروپی موزیك، موزیکی کوردی لە سلێمانی نەیتوانیوە پارێزگاری لە مۆرکە ڕەسەن و کولتووریەکەی بکات، ئەمە جگە لە موزیك و گۆرانی فارسی و تورکی"[١].

هاتنی شێوازی گۆڕانی گوتن لە مۆدێلەکانی سەر شانۆ و بەکارهێنانی مایکرۆفۆن و دی جەی و ئەو ئامێرانەی، کە دەنگ تۆماردەکەن لە ولاتانی دراوسێی وەکو تورکیا و ئێران و هەروەها ولاتانی عەرەبی و ئەرمینیا و ئەزەربایجان. هەموو وایان کرد کە تێکەڵاوی هەبێت لەنێو ئەو جۆرە موزیکەی کە ئێستا پێشکەش دەکرێت. کە پێویستی بە گوێچکەی باش هەیە تا مۆرکە کوردیەکە بناسێتەوە.

---

[١]. توانا حەمەڕەشید، هەمان چاوپێکەوتن.

## ٧. موزیکی کوردی وەك دەروازەیەکی خێرا بۆ جیهانگیری و تایبەتمەندییەکانی بۆ بەجیهانیبوون

جیهانگیری، پرۆسە ئاڵوز و سەراپاگیرەکەی دنیای ئەمڕۆ، کە تێکشکێنەری سنورە نەتەوەییەکانە، بەهەمان شێوە تێکشکێنەری سنورە کولتووریەکانیشە. ئەم پرۆسەیە کار لەسەر کاڵبوونەوەی سنورە سیاسی و کولتووری و ئابووری و فەرهەنگی و دینییەکان دەکات، شەپۆلی بەهێزی هەیە، کە زۆرجار ناتوانی لە ڕامالین خۆبپارێزی، جیهانگیری هۆکارێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بتوانین داخلی جیهان بین، ئەم پرۆسەیە کالای زۆر ئالوگۆڕ پێدەکات، سنورەکانی پێدەبڕێت، ناوچە ناوچە دەیگوازێتەوە، بۆیە موزیکیش وەك بەشێکی زیندووی کولتوور، سودمەندی گەورەیە لەم پرۆسەیە، بەوەی دەتوانرێت ئاشنابکرێت بە جیهانی دەرەوە.

بۆ ئەم مەبەستە " پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی و دیجیتاڵیزەبوونی ئەو ئامڕازانە و کاڵبوونەوەی سنورە سیاسییەکان و پەرەسەندنی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەرگایان بۆ موزیکی کوردی کردۆتەوە. پێشکەوتنی سیاسی و کولتووری کورد پێشمەرجن بۆ بەشداریکردنێکی کارایانە لە جیهانگیریدا"[١]. لەبەرئەوەی موزیك زمانێکی هاوبەشی نێوان میللەتانە، پێویستی بە وەرگێڕان نیە، چونکە لە ڕێگەی هەست و جوانیەوە تێکەڵ دەبێت، بۆیە هەندێك پێیانوایە کە لەهەموو کایە کەلتووریەکانی تر زیاتر دەتوانێت وەك نوێنەری کولتوورێك تێکەڵ بە جیهان ببێت، " موزیك و گۆرانی یەکێکن لەهەرە خێراترین هۆکارەکانی تێکەڵ بوون بە جیهان"[٢]. هەروەها (مستەفا عەباس) پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات، بە مەرجێك ئەو موزیکە توانای هەبێت بۆ خۆ خزاندنە ناو ئەو جیهانەوە و ئەو بنەمایانەی ئەوەی تێدابێت لەنێو ئەو کولتوورە جیهانییەدا بە زیندوویی بمێنێتەوە و بەردەوامی بەخۆی بدات وەکو دەڵێت: "موزیك و گۆرانی کالایەکی خێران بۆ بەجیهانیبوون، بەلام پەیوەندیدارە بە شوناسی موزیکەکەوە، کە دەتوانێ جێگەی خۆی بکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی یارمەتیدەر دەبن بۆ بەجیهانیبوون، دەبێت ئەو موزیکە توانای خۆڕاگرتنی هەبێت و فۆڕمی تایبەت بەخۆی هەبێت"[٣]. دەتوانین ئەو موزیکەی، کە هەمانە بەشێوازی خۆمان بیبەینە ناو جیهانەوە، دەکرێ هەر بە شمشاڵ و بلوێر و دەفەکەی خۆمانەوە بچینە ناو جیهانەوە، بەلام دەبێت ئەو موزیکە کارێکی جوان و گەورەبێت، ئەو موزیکە بتوانێت بەر ڕوحی جیهان بکەوێت، بێگومان بە بەراورد بە هەموو کایە کولتووریەکانی تر خێراتر داخڵ دەبێت، چونکە زمانی موزیك ڕۆڵی تیادا دەبینێ.

---

[١]. نزار سابیر، هەمان چاوپێکەوتن.

[٢]. هەردی مەجید حەمەڕەفیق، هەمان چاوپێکەوتن.

[٣]. مستەفا عباس، هەمان چاوپێکەوتن.

## دووەم: دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە

به شێوەیەکی گشتی دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە  لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە، هەروەها بەراوردیان دەکەین بەو تێزو تیۆرانەی، کە لە توێژینەوەکەدا کاریان پێکراوە.

**یەکەم:** کولتووری کۆمەڵگەی کوردی و بە تایبەتی شاری سلێمانی، ئەوە نیشان دەدات سەرەڕای مانەوەی هەندێك دابونەریتی کۆن و  کارکردن پێیان، بەڵام کولتووری نوێی سەردەمیش هاتۆتە ناویەوە و کاریگەری لەسەر داناوە، ئەوەی ئاشکرا دەرئەکەوێت ئەوەیە، کە نە کولتورێکی نەریتی چەقبەستووی تەواو بوونی هەیە و نە دەرگاکانیشی بەسەر گۆڕانکاری پیشەیدا ئاوەڵاکردووە، بەڵکو لە هەندێك باردا خەریکی پاراستنی کولتووره نەریتیەکەیەتی و لە هەندێك باری تردا خەریکی گۆڕانکاریە تێیدا و جێگرتنەوەی بە کولتووری نوێ، کەواتە دەگەینە ئەوەی، کە کولتووری کوردی پێیەکی لەنێو نەریتەکاندایە و پێیەکیشی لەنێو جیهانی نوێدا.

**دووەم:** دواکەوتنی کولتووری زۆر بە بەهێزی  بەدیدەکرێت لە شاری سلێمانیدا، لە ژێر ڕۆشنایی تێزەکەی ولیام ئۆگبێرن  بۆ پرسی گەشەی ماددی و ناماددی کولتوور. ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی بەسەر لایەنی ماددیدا هاتووە لەڕووی تەکنەلۆژی و گەشەی ئابووری و دروستبوونی باڵەخانەی بەرز و شێوازی ژیان و دیزاین و کەلوپەلی ناوماڵ و ئامێرە ئەلکترۆنییە دیجیتاڵییەکان لەشاری سلێمانی هاتونەتەکایەوە. بەڵام کولتووری کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی بەسەردانەهاتوە. واتە لایەنی ناماددی تا ئەندازەیەکی زۆر بەخاوی گەشەدەکات، هەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی، کە بەدیدەکرێن لەناو شاری سلێمانی وەکو دیاردەی ژنکوژی و سنوردانان بۆ ئازادییە گشتییەکان و سنوردادان بۆ ئازادییەکانی بیروڕا، هەروەها ڕەفتاری نەریتپارێزی و بیری چەقبەستووی نەریتی باو و دیاردەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، دیاردەی دواکەوتنی کولتووری زیاتر تۆخ دەکەنەوە. کەواتە ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو کۆڕاییەیە لەسەر بوونی دواکەوتنی کولتووری لەشاری سلێمانیدا، کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ تیۆرییە بەکارهاتووەکەدا لەنێو لایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا.

**سێیەم:** یەکێك لەو دەرئەنجامە گرنگانەی، کە ئەم توێژینەوەیە پێی دەگات، ئەوەیە دنیای نوێ سەرەڕای هەندێك بەهای مرۆیی، بەڵام بارکراوە بە هەندێك دیاردەی گرفتئامێزی وەك بێ پێوەری کۆمەڵایەتی و ترازانی پەیوەندییە گەرمەکان و کاڵبوونەوەی هەستی هاودەردی و پەرتبوونی بیروباوەڕە مرۆییە قوڵەکان و شوێنگرتنەوەیان بە پەیوەندی سارد و هاودەردی درۆینە و

بەرژەوەندخوازی. هەموو ئەمانەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ تێزی هەریەك لە ئیمل دۆرکایم سەبارەت بە بێ پێوەری کۆمەڵایەتی لە دنیای نوێدا و زیگمۆند باومان لە پەیوەندیدا بە نوێگەری شل، کە لە لایەنی تیۆریدا بە چڕی کارمان لەسەر کردووە.ئەم دەر ئەنجامە دەتوانێت وەڵامدەرەوەی ئامانجی یەکەم و چوارەم بێت لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا.

**چوارەم:** مۆدە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردن و نەخشاندنی کەسێتی مرۆڤەکاندا، لە شوێن و کاتی جیاوازدا. لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی پەیوەندیەکاندا. لە دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتی و هاوڕێیەتییەکاندا، مۆدەکان ڕۆڵی کاریگەر و چالاك دەبینن لە شێوەگرتنی ڕەفتار و کردە کەسیەکاندا، لە شێوەگرتنی گروپ و دەستە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی دەستەی هونەری و شارستانی و سیاسیەکاندا، هەروەها کاریگەرە لەسەر دروستکردن و بونیادنانی کەسێتی تاك لە کۆمەڵگەدا. کەواتە دەتوانین ببینین لە شاری سلێمانی لەبەرئەوەی تاکەکانی زۆر گرنگی بە مۆدێلە نوێکان و خواستیان بۆ خۆنوێکردنەوە زۆرە، بۆیە دەتوانین بڵێین تا ئەندازەیەکی باش مۆدەکان ڕۆڵیان لە گۆڕانکاری بەسەر شێوازی ژیانی تاکەکاندا کێشاوە. ئەم دەرئەنجامەش دەتوانێت ڕاڤەی ئامانجی سێیەم بێت لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا.

**پێنجەم:** یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی چین و توێژی کۆمەڵایەتیەکان، مۆدە کۆمەڵایەتیەکانن، مۆدەکان خەسڵەت و تایبەتمەندی چینێکی دیاریکراو دەخەنەڕوو، بەهەمان شێوە جودای دەکەنەوە لە چینێکی تر، چینە سەرمایەدار و خاوەن پارەکان مۆدی تایبەت بەخۆیان هەیە لەڕووی ئابووریەوە، چینی ئەرستۆکرات و خاوەن پێگە کۆمەڵایەتی و بنەماڵە ناودارەکان مۆدی تایبەت بەخۆیان هەیە، لە شاری سلێمانیدا ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرچاو بەدیدەکرێت، وێڕای ئەوەی ئابووری ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە دروستبوونی توێژ و چینی جیاوازدا، بەڵام مۆدە کۆمەڵایەتیەکانی بە پلەی یەکەم دیاردەی ئابووری و کۆمەڵایەتین، کەواتە مۆدەکان لەئاستە ئابووری و کۆمەڵایتەیەکەدا توانیویەتی جیاوازی چینایەتی دروست بکات. بۆ نموونە ئەو جیاوازیە زۆرەی لە ژیانی تاکەکانی ئەم شارەدا دەبینین، کە چینێك زۆر دەوڵەمەند بوون و بەشێکی زۆریش لە هەژارییەکی زۆردا دەژین. ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ تێزەکانی هەریەکە لە جورج زیمل و ڤبلن و مارکس، کە تێیدا ڤبلن مۆدکان بە دیاردەی چینایەتی وەسف دەکات. ئەم دەئەنجامە وەڵامدەرەوەی ئامانجی دووەمە لە توێژینەوەکەدا.

**شەشەم:** ئاراستەی دیاریکردنی مۆدەکان لەژێر ڕۆشنایی جیاوازی چینایەتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لەشاری سلێمانی کاریگەری ڕاستەخۆی هەبووە لەسەر دیاریکردنی ئازادیە کەسی و تاکییەکان. ڕابەرانی مۆد، کە توانیویانە تا ئەندازەیەکی باش کۆتە کۆمەڵایەتی و نەریتیەکان ببەزێنن، مۆدە نوێکان تاقی بکەنەوە و گوزارشت بکەن لە سەربەستی و ئازادی خودی خۆیان. کەواتە مۆدەکان دەتوانن ببنە پاڵنەری دەستبەرکردنی ئازادیەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا. لە شاری سلێمانی هەم لە سەر ئاستی تاك و هەم لەسەر ئاستی گروپ ئەو شێوازە بەدی دەکەین، کە لە دەستە و گروپی جیاوازدا خۆیان بەرجەستەدەکەن و خۆیان ڕێکخستووە.

**حەوتەم:** موزیکی کوردی لەنێو خۆیدا هەڵگری ئەو ڕەسەنایەتی و شوناسە بەهێزەیە، کە دەتوانرێت لە موزیکی تری میللەتانی تر جیابکرێتەوە، چونکە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئاشکران و توانای خۆپاراستنی هەیە لە ونبوون و کەوتنەژێرەوەی کولتووری دیکەوە.

**هەشتەم:** جیهانی نوێ لە دیوە سەرمایەدارییەکەدا کاریگەری زۆری لەسەر موزیکی کوردی هەبووە، وەك بەشێك لە کولتووری کۆمەڵگە، ئەوەی دەتوانین دیاری بکەین ئەو ڕۆڵە بەهێزەی تەکنەلۆژیا و ئەلکترۆنیاتە لەسەر ئەم موزیکە، کەواتە گۆڕانەکان لەم بوارەدا کاریگەر بووە لەسەر پێگە و بەها کۆمەڵایەتییەکانی، سەرەڕای کاریگەربوون لەسەر چێژ و جوانی هونەری موزیك و گۆرانی کوردی لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە. کەواتە بەکاڵابوونی ئەم موزیکە لە ژێرکاریگەری موزیکی نوێدا، کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ تێزەکەی تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لە پەیوەندیدا بە بتبوونی موزیك کە وەکو شمەك و کاڵا مامەڵەی پێوە دەکرێت. کە تەنها لە پێناو بەدەستخستنی پارە و سەرگەرمکردندایە، بێ لەبەرچاوگرتنی بەها هونەرییەکەی.

**نۆیەم:** کولتووری کوردی بەهۆی پرۆسەی نوێگەریوە ئاشنایەتی زۆری بە جۆرە جیاواز و نوێکانی موزیك و گۆرانی جیهانی پەیداکردووە، نوێگەری ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ هاتنەکایەی ستایلە جۆربەجۆرەکانی موزیکی بیانی، کەواتە ئەوەی جێی سەرنجە، تێکەڵبوونی موزیکی کوردیە بەو میراتە کولتووریە مرۆییە فراوانەی، کە نوێگەری وەکو دیاری لەگەڵ خۆی هێناویەتی.

**دەیەم:** ئەم توێژینەوەیە توانی ئەوە ئاشکرابکات، کە کۆمەڵگەی کوردی لەڕێگەی موزیکەکەیەوە زیاتر لە هەر کایەیەکی تری کولتووری دەتوانێت، داخڵی پرۆسەی بەجیهانیبوون ببێت، نوێنەرایەتی کولتووریی خۆی هەبێت لەنێو کولتووری میللەتانی جیهاندا، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە کولتووری و فەرهەنگیانەی، کە لەنێو ئەو موزیکەدایە، کە جیای دەکاتەوە لە

هونەری میللەتانی تر، کە ڕەسەنایەتی و شوناسێکی کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە، کە ڕێگەی بۆ خۆش دەکات، سنورە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان ببڕێت، وەك بەشێك لە جیهان خۆی بناسێنێت، لەناو ئەو پرۆسەیەشدا وەك شوناسێکی زیندوو بەردەوامی بەخۆی بدات. هەردوو دەرەنجامی نۆیەم و دەیەم دەتوانێت گوزارشت بێت لە ئامانجی پێنجەم لە توێژینەوەکەدا.

## سێیەم: ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

### ١. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

**ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکان بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:**

**یەکەم:** پێویستە گەشەی زیاتر بە گۆڕانکاریە کولتووریەکان بدرێت لەڕووی نامادیەوە، وەکو ئاشنابوون بە مافەکانی منداڵان و ژنان و ئازادیە کەسیەکان و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و بەها باڵاکان، تا لەگەڵ گەشەکردنە مادیەکاندا هاوسەنگی دروست ببێت و دیاردەی دواکەوتنی کولتووری کەمتر ببێتەوە. بۆ ئەمە دەبێت قوتابخانە و ڕێکخراوە پەروەردەیی و ناوەندە مەعریفییەکان ڕۆڵیان هەبێت.

**دووەم:** گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان پێویستیان بەوەیە زیاتر گەشەسەندن بەخۆیانەوە ببینن، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی شاردا، لەڕێگەی بەدامەزراوەیکردنی پەیوەندییەکان و ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەك ئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانە گۆڕانکاری کولتووری بەدی بهێنن، ئەمەش دەکرێ دامودەزگا پەروەردەیی و مەدەنییەکان پێی هەڵبستن لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنبیری و هونەرییەکانەوە.

**سێیەم:** پێویستە گەشەکردنی مۆدە کۆمەڵایەتیەکان و هاتنەناوەیان هاوسەنگ بێت لەگەڵ بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیانەی تاکەکانی کۆمەڵگە. هەروەها حکومەت پێویستە ڕۆڵ ببینێت لە پاراستنی ئازادیی پۆشین و نمایشی جل و بەرگ و بەها تاکەکەسییەکان.

**چوارەم:** پێویستە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکان ڕۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە کەمکردنەوەی جیاوازییە چینایەتی و توێژبەندیەکان لە کۆمەڵگەدا، بەهۆی مۆدەکۆمەڵایەتیەکانەوە، کارێك بکەن مۆدەکۆمەڵایەتیەکان بۆ دەربڕینی ئازادیەکان بێت نەك بۆ دروستکردنی جیاوازی چینایەتی.

**پێنجەم:** موزیکی کوردی وەك کایەیەکی گرنگی کولتوور پێویستە نرخاندنی بۆ بکرێت و ئاڕاستەی کۆمەڵگە بکرێت، ئەرکی حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیرییە ئەم بوارە بپارێزێت و گەشەی پێبدان لەگەڵ دروستکردنی بازار، بۆ خستنە بازاڕی کاری موزیك و گۆرانی کوردی بە پێی یاسا، کە هەموو کەس نەتوانێت وەك کالاّ و شمەك کاری نایاسای پێوە بکات.

**شەشەم:** پێویستە موزیکی کوردی وەك نوێنەری ڕاستەقینەی کولتووری کۆمەڵگە، بەشداری بکات لە ڤیستیڤاڵ و بۆنە جیهانی و نەتەوەییەکان. ڕێگەی بۆ خۆشبکرێت بۆ چوونە نێو جیهانەوە، کە بە پلەی یەکەم ئەرکی هونەرمەندان و حکومەت و دەزگا ڕۆشنبیری و کولتوورییەکانە بەم کارە هەستن. لە بەر ئەوەی لەم ڕێگەیەوە دەتوانین کولتووری کوردی ئاشنا بکەین بە میللەتانی جیهان و کولتوورەکەشمان بە جیهانی بکەین.

**حەوتەم:** کارکردن بۆ گەشەی کولتووری مەعنەوی هاوتەریب بە کولتوورە ماددیەکان، هەروەها دانانی فلتەری پەروەردەیی بۆ هاتنەناوەی تەکنەلۆژیا و ئامێرە ئەلکترۆنییە خێراکان، بەشێوەیەك ڕێگربێت لە شێواندی پەروەردە و ڕەفتارەکانی مندالاّن، ئەمەش دەبێت لایەنی پەیوەندیدار، کە وەزارەتی پەروەردەیە پێی هەڵبستێت.

**هەشتەم:** ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، کە ڕێگە خۆش بکات بۆ کرانەوەی زیاتری شاری سلێمانی بەڕووی شارە کولتووری و هونەرییەکانی وڵاتانی دراوسێ و میللەتانی تری ڕۆژئاوا، لە پێناو پاراستنی مۆرکی کولتووری و ڕۆشنبیری ئەم شارە.

## ٢. پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم:** گرنگیدان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی هاوشێوە لەبواری کولتووردا، بە تایبەت کولتووری ناوچەیی و لۆکاڵی ئەو ناوچانەی، کە کولتووری ڕەسەن تێیدا پارێزراوە، چونکە کولتوور ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتە و دروستبوونی کۆمەڵگەیە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە توێژەرانی کۆمەڵناسی و توێژەرانی بواری کولتوور توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام بدەن.

**دووەم:** پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە لقی سۆسیۆلۆژیای کولتوور و هونەر لە زانکۆکاندا بە تایبەتی لە زانکۆی سلێمانی، کە تائێستا ئەم لقەی سۆسیۆلۆژیا نەچۆتە نێو بواری خوێندنی بەشی کۆمەڵناسییەوە، کە پێویستە وەزارەتی خوێندنی بالاّ بەم کارە هەڵبستێت.

**سێیەم:** بەهەند وەرگرتن و بایەخ پێدانی وردە کولتوور لە نموونەی مۆدە کۆمەلاّیەتییەکان و موزیکی جەماوەری و گۆرانی بۆ ئاشنابونی مرۆڤی کورد بە کولتوورە مەعنەوی و مادییەکەی. ئەرکی ناوەندە ئەکادیمی و هونەریەکانە گرنگی بدەن بە توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا.

**چوارەم:** گرنگیدان بە مۆد و نەریتە نوێیەکان و گونجاندیان لەگەڵ نەریتی کوردی، هەروەها هەوڵدان بۆ ئاشناکردنی تاکی کوردی بە مۆدە و کولتووری دنیای دەرەوە لە پێناو گەشەسەندنی کولتووری لە کۆمەڵگەدا. بۆ ئەمەش پێویستە ناوەندە کولتووری و ئەنستیوتە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکان توێژینەوە لەم بوارەدا ئەنجام بدەن.

**پێنجەم:** گرنگیدان بە بەها نوێیەکان و کەمکڤدنەوەی پەیوەندییە ساردەکان و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی مرۆییانەی دوور لە بەرژەوەندی ماددی، هەروەها بەهێزکردنی هاریکاری کولتووری و کۆمەلاّیەتیی.

# سەرچـــاوەكـــان

## یەكەم: سەرچاوە كوردیەكان


١. بەكر علی، لەدایك بوونی موزیك لەڕوحی ڕۆمانەوە، لە بلاوكراوەكانی پاشكۆی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢. پیتەر كریستۆ، مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە، وەرگێڕانی: شۆڕش جوانڕۆیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٢.

٣. تاهیر حسۆزیباری، محمد حیسن شوانی، دەروازەیەك بۆ كۆمەڵناسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤. حەسەن زیندەباف، كۆمەڵناسی و هونەری موزیك، وەرگێڕانی: ستار كریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٥. ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنەكان، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكری و ئەدەبی نما، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٦. ڕامین جهانبەگلو، ژیار و تازەگەری، وەرگێڕانی: هیوا عزیزی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٧. ڕامین جەهانبەگلو، مۆدێرنیتە، دیموكراسی و ڕۆشنبیران، وەرگێڕانی: موسڵح ئیروانی و مراد حەكیم، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨. ڕێبوار سیوەیلی، نوسین و بەرپرسیاری، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٩. سایمۆن ماندی، موزیك و جیهانگرایی، وەرگێڕانی: نایف شێخانی، دەزگای موزیك و كەلەپوری كورد، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٠. سەلاح حسن پاڵەوان، تیۆدۆر ئەدۆرنۆ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١١. عەبدولا گۆڕان، دیوانی گۆڕان، چاپی سێیەم، نشر پانیز، تهران، ١٣٨٦.

١٢. علی حەرب، باسی كۆتاییەكان، وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٣. لویس كوزەر، دۆركهایم ژیان و ئەندێشە، وەرگێڕانی: محمد قادر، خانەی چاپ و بلاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٤. مارشاڵ بێرمەن، ئەزمونی مۆدێرنیتی، وەرگێڕانی: مەنسور تەیفوری، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٥. محمد شوانی، سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر، ٢٠١٥.
١٦. محمد حەمەباقی، مێژووی مۆزیکی کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای موزیك و کەلەپوری کورد، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٧. مەریوان وریا قانیع، ناسیۆنالیزم و سەفەر ، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١٨. مەریوان وریا قانیع، فیکرو دونیا، بەرگی دووەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بلأوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٩. مەریوان وریا قانع، فیکر و دونیا، بەرگی یەکەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بلأوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٣.
٢٠. مەعەن خلیل عومەر، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، وەرگێڕانی: محمد شوانی، هەولێر، ٢٠١٢.
٢١. مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢.
٢٢. نزار سابیر، ناسیۆنالیزم و موزیك لە ئەزموونی کوردستانی عێراقدا، ئەڵمانیا، ٢٠١١.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

١. ابراهيم البيومى غانم، مناهيج البحث وأصول التحليل في العلوم الاجتماعية، مكتبة الشرق الدولية، القاهرة، ٢٠٠٨.
٢. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، دار العربة للموسوعة، بيروت، ١٩٩٩.
٣. دلال ملحس استيتية، التغير الاجتماعى والثقافى، دار وائل للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٤.
٤. دنيس كوش، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعيدانى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧.
٥. ديفيد انغليز، جون هيوسون، مدخل الى سوسيولوجيا الثقافة، ترجمة: لما نصير، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٣.
٦. زيجمونت باومان، الحب السائل عن هشاشة الروابط الانسانية، ترجمة: حجاج أبو جبر، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، ٢٠١٦.

٧. سهيلة ابو سعيد و عبيدات، البحث علمى: والبحث النوعى والبحث الكمى، منشورات دار الفكر، عمان، ٢٠٠٢.
٨. شريف محمد عوض، صناعة الثقافة في عصر العولمة وأثرها في التغيير ملامح الهوية الثقافية، القاهرة، ٢٠١٣.
٩. صبحى محمد قنوص، علم دراسة المجتمع، الطبعة الثالث، دار الجماهيرية لنشر والتوزيع، مصراتة، ١٩٩٣.
١٠. طاهر حسو الزيبارى، اساليب البحث العلمى فى علم الاجتماع، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٤.
١١. عبدالباسط محمد الحسن، اصول البحث الاجتماعى، الطبعة السادسة، مكتبة الوهبة، القاهرة، ١٩٩٧.
١٢. عبدالغنى عماد، منهجية البحث في علم الاجتماع، دار الطليعة للطباعة والنشرظ، بيروت، ٢٠٠٧.
١٣. عقيل حسين عقيل، فلسفة مناهيج البحث العلمى، مكتبة مدبولى، بيروت، ١٩٩٩.
١٤. على عودة محمد، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار افكار للدراسات والنشر، دمشق، ٢٠١٢.
١٥. قصى الحسين، كتابة البحوث العلمية و الاكادمية المنهجية الحديثة، دار و مكتبة الهلال، بيروت، ٢٠٠٧.
١٦. محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، دار المعريفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٩٧.
١٧. محمد عاطف غيث، دراسات فى علم الاجتماع التطبيقى، دارالنهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت .
١٨. محمد على محمد، مقدمة فى البحث الاجتماعى، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٢.
١٩. ربحى عبدالقادر الجديلى، مناهج البحث العلمي، ٢٠١١.

## سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان

١. احمد گل محمدی، جیهانی شدن فرهنگ، هویت، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٣.
٢. استوارت ام. هوور، نات لاندبای، بازاندیشی درباره رسانه، دین و فرهنگ، ترجمه: مسعود أریایی نیا، چاپ دوم، انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٥.
٣. امیل دورکیم، دربارەی تقسیم کار اجتماعی، ترجمه: باقر پرهام، چاپ پنجم، نشر مرکز، تهران، ١٣٩٢.

٤. أنتونی ستوار، موسیقی و زهن، ترجمه: غلامحسین معتمدی، نشرمرکز، تهران، ۱۳۸۸.
٥. أنتونی گیدنز، تجدد و تشخص، ترجمه: ناصر موفقیان، نشر نی، تهران، ۱۳۷۸.
٦. أنتونی گیدنز، سیاست، جامعه‌شناسی و نظریه اجتماعی، ترجمه: منوچهر صبوری، چاپ سوم، نشر نی، تهران، ۱۳۸٤.
٧. أنتونی گیدنز، فراسوی چپ و راست، ترجمه: محسن ثلاثی، انتشارات علمی، تهران، ۱۳۸۲.
٨. أندرو بووی، زیبایی شناسی و زهنیت، فرنگستان هنر، تهران، ۱۳۹۱.
٩. بابك احمدی، مودرێرنیته واندیشه‌ی انتقادی، چاپ ششم، نشر مرکز، تهران، ۱۳۸٥.
١٠. بابك احمدی، موسیقی شناسی فرهنگ تحلیلی مفاهیم، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، ۱۳۹۱
١١. پیتر چایلدز، مدرنیسم، ترجمه: رضارضایی، چاپ دووم، نشر ماهی، تهران، ۱۳۸٦.
١٢. جان أر. گیبینز، سیاست پست مدرنیته، ترجمه: منصور انصاری، چاپ دوم، انتشارات گام نو، تهران، ۱۳۸٤.
١٣. جان أی. فیشر، دانیشنامهء زیبایی شناسی، ترجمه: منوچهر صانعی دره‌بیدی، چاپ سوم، انتشارات فرهنگستان هنر، تهران، ۱۳۸٦.
١٤. جورج رتزر، نظریه جامعه‌شناسی دوران معاصر، ترجمه: محسن ثلاثی، چاپ ششم، انتشارات علمی، تهران، ۱۳۷۳.
١٥. جیمز کولمن، بنیاد نظریه اجتماعی، ترجمه: منوچهر صبوری، نشر نی، تهران، ۱۳۷۷.
١٦. حمید رضا جلائی پور، جمال محمدی، نظریه‌های متأخر جامعه‌شناسی، نشر نی، تهران، ۱۳۸۷.
١٧. حمید عضدانلو، اشنایی با مفاهیم اساسی جامعه‌شناسی، چاپ دوم، نشر نی، تهران، ۱۳۸٦.
١٨. دومینیك استریناتی، مقدمه‌ای بر نظریه‌ی فرهنگ عامه، ترجمه: پریا پاك نظر، چاپ پنجم، انتشارات گام نو، تهران، ۱۳۸۸.
١٩. دیود داسلر، ویلیام ام.ویلیس، جامعه‌شناسی برسی تعامل انسانها، ترجمه: مهرداد هوشمند، انتشارات اطلاعات، تهران، ۱۳۸۸.
٢٠. راب استوانز، متفکران بزرگ جامعه شناسی، ترجمه: مهرداد میر دامادی، چاپ هشتم، نشر مرکز، تهران، ۱۳۹۲.
٢١. رامین جهانبگلو، موج چهارم، چاپ ششم، نشر نی، تهران، ۱۳۸۸.

۲۲. ریمون آرون، مراحل اساسی سیراندیشه در جامعه‌شناسی، ترجمه: باقر پرهام، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ۱۳۸۲.

۲۳. ریمون بودن، مطالعاتی در آپار جامعه‌شناسان کلاسیک، ترجمه: باقر پرهام، جلد دوم، چاپ دوم ، نشر مرکز، تهران، ۱۳۸۳.

۲٤. ژاك ریس، ژان فرانسوا دورتیه، منشأ عالم، حیات، انسان، زبان و فرهنگ، ترجمه: جلالالدین رفیع فر، موسسه‌ی انتشارات آگاه، تهران،۱۳۸٦.

۲۵. ژان استوتزال، روانشناسی اجتماعی، ترجمه: علی محمد کاروان، چاپ پنجم، تهران، ۱۳۷۱.

۲٦. عبدالکریم سروش، فر به‌تر از ایدئولوژی، چاپ هفتم ، مؤسسه فرهنگی صراط، تهران، ۱۳۸۱.

۲۷. فاطمة زیباکلام مفرد، حسنی و آسوده، تحلیل و بررسی موسیقی از منظر تیئودر آدورنو و دلالت های آن در تعلیم و تربیه، تهران، ۱۳۹٤.

۲۸. فرامرز رفیع پور، جامعه‌ی روستایی و نیازهای ان، چاپ دوم، شرکت سامی انتشار، تهران، ۱۳۷۰.

۲۹. کلود ریویر، درامدی بر انسان شناسی، ترجمه: ناصرفکوهی، چاپ هفتم، نشر نی، تهران، ۱۳۸٦.

۳۰. گی روشه، تغییرات اجماعی، ترجمه: منصور وپوقی، چاپ هفدهم، نشر نی، تهران، ۱۳۸٤.

۳۱. لوئیس کوزر، برنارد روزنبیرگ، نظریه های بنیادی جامعه شناختی، ترجمه: فرهنگ ارشاد، چاپ دوم، نشر نی، تهران، ۱۳۸۳.

۳۲. لوئیس کوزر، زندگی و اندیشه‌ی بزرگانی جامعه‌شناسی، ترجمه: محسن ثلاثی،چاپ دهم ، انتشارات علمی، تهران، ۱۳۸۲.

۳۳. مایکل پیوزی، یۆرگن هابرماس، ترجمه: احمد تدین، چاپ سوم، انتشارات هرمس ، تهران، ۱۳۹۰.

۳٤. محمد فاضلی، مصرف وسبك زندگی، انتشارات صبح صادق، قم، ۱۳۸۲.

۳۵. مهری بهار، مصرف و فرهنگ، مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران، ۱۳۹۰.

۳٦. هربرت مارکوز، انسان تك ساحتی، ترجمه: محسن مویدی، چاپ ششم، مؤسسه انتشارات أمیر کبیر، تهران، ۱۳۹۱.

٣٧. هندری.ل و دیگران، اوقات فراغت و سبك زندگی و جوانان، ترجمه: فرامرز ككولی دزفولی، چاپ سوم ، سازمان میلی جوانان، تهران، ١٣٨١.
٣٨. یان كرایب، نظریەی اجتماعی كلاسیك، ترجمه: شهناز مسمی پرست، چاپ سوم، مؤسسەی انتشار أگاه، تهران، ١٣٨٦.

## چوارەم:سەرچاوە ئینگلیزیەکان

1. Van Eijck K, The impact of family background and educational attainment an cultural consumption. Vol 25,PP.197.

2. Paddison, M . 1993.' Adornos Aesthetics of Music' New York ; Cambridge Unversity Press.
3. Rose , Gillian. (1978).' The Melancholy Science'; An Tntroduction to the Thoughtof Thodor W.Adorno. New York; Columbia University Press. p 131.

4. Adorno TW, 'A Social Critique of Radio Music' Kenyon Review 7 on. 2(spring 1945) p208.

5.Paddison, M. 1982. 'The Critique Criticser; Adorno and Popular Music' Popular Music, Vol 2. Thoeary and Method.
6. Thomson. Alex.(2006). 'Adorno ; A Guide for the Perplexed' LONDON. NEW YORK. Continuum. P 50.

## پێنجەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان

١. ئەشرەف حسن، کاریگەری نیچە لەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرت، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٤٢،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٥.
٢. بابەك ئەحمەدی، مۆدێرنیتی و قەیران، وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣. ڕامین جەهانبەگلو، مۆدیرنیتە و نەریتی پچڕان، وەرگێڕانی: ڕێباز مستەفا، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە ٢٠-٢١، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، سلێمانی،٢٠٠٦.
٤. زیگمۆن باومان، مۆدێرنە، وەرگێڕانی: ڕێبین هەردی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٣٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٥. شاهۆ سەعید، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٣٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦. محمد مزوز، قەیرانی مۆدێرنەو گەڕانەوەی دیۆنیزۆس، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٤١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٧. مێرسیا ئەلیاد، ئەفسانەکان لەجیهانی مۆدێرندا، وەرگێڕانی: محمەد حسێن، گۆڤاری سەردەم، ژمارە٤٧-٤٨، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٦.
٨. مەریوان وریا قانع، لەدایکبوونی دونیای نوێ، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆلینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٩. مەریوان وریا قانیع، لەنێوان مۆدێرنە و ئیسلامی سیاسیدا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ١١، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٠. هادی محمدی، کوردەواری...مۆدێرنیزم یان پۆست مۆدێرنیزم، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە ١٩، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١١. هاشم صالح، مۆدێرنیزم چیە، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٣٥، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٤.
١٢. امیر مسعود امیر مظاهری، احسان عزیزی، خاستگاه وچیستی موسیقی زیر زمینی از منظر جامعه شناسی، ماهنامەی علوم اجتماعی، شماره ٧٢، تهران، ١٣٩٢.
١٣. امیر جاودانی، موسیقی در اندیشه تئودور أدورنو، مجله رادیو، شماره ٣٩، تهران،١٣٨٦.
١٤. عبدالله بالوناس، عولمه الاقتصاد - الفرص والتحدیات، مجله جامعه دیمشق للعلوم الاقتصادیه والقانونیه، المجلد ٢٤، عدد الاول،٢٠٠٨.
١٥. فخرالسادات پیلتن، بررسی عوامل اجتماعی گرایش به مد در بین نوجوانان، فصلنامه مطالعات جامعەشناسی جوانان، شماره یازدهم، سال چهارم، تهران، ١٣٩٢.
١٦. ناهد رودافشان، مد مقاومت در برابر فرهنگی عمومی، شماره ٢٤٧، ڤزارش ، تهران، ١٣٩٢.
١٧. محمد سعید مهدوی کنی، مفهوم سبك زندگی و گسترەأن و علوم اجتماعی، فصلنامه تحقیق فرهنگی، شماره ١، سال اول، ١٣٨٤.
١٨. مریم رفعت جاه، هویت انسانی زن در چالش ارایشت و مد، فصنامه شورای فرهنگی و اجتماعی زنان، شماره٣٨٥، تهران.

# پاشکـــــــۆکان

# پاشکۆی (١)

## ناو و پسپۆڕی لیژنەی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی چاوپێکەوتنی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی پسپۆڕەکان | پلەی زانستی | پسپۆڕی | ناوەندی کار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. محمد شوانی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سەلاحەدین |
| ٢ | د. یاسین سەردەشتی | یاریدەری پرۆفیسۆر | مێژووی هاوچەرخی ئێران | زانکۆی سلێمانی |
| ٣ | د. نجات محمد فەرەج | یاریدەری پرۆفیسۆر | کۆمەڵناسی | زانکۆی سلێمانی |
| ٤ | د. عالیە فەرەج | یاریدەری پرۆفیسۆر | کۆمەڵناسی خێزان | زانکۆی سلێمانی |
| ٥ | د. نەوزاد ئەحمد ئەسوەد | یاریدەری پرۆفیسۆر | زمانی عەرەبی | زانکۆی سلێمانی |

بەشێوەیەکی گشتی فۆڕمی چاوپێکەوتنەکە لای لیژنەی هەڵسەنگاندن پەسەندکرا، هیچ تێبینیەکی ئەوتۆیان نەبوو جگە لە هەندێك تێبینی تێبینی بۆ گۆڕینی شێوازی دەربڕینی پرسیارەکان.

## پاشکۆی (٢)

زانکۆی سلێمانی
سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کۆمەڵناسی

**بەڕێز :**........................................

تویژەر هەڵدەستێت بەئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بە ناونیشانی(**نوێگەری و گۆڕانی کولتووری**) بەئامانجی دەرخستنی ڕۆڵی نوێگەری لە گۆڕانە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا لە سێ دەیەی ڕابردوودا لە شاری سلێمانی، بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی وەك پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی کۆمەڵناسیدا، داوا لە بەڕێزتان دەکەم بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە هاوکاری ئێوەی بەڕێز جێگەی ڕێز و پێزانینە.

**خوێندکار: شەماڵ لطیف رشید** **سەرپەرشتیار: پ ی د. حسین اسماعیل علی**

## فۆڕمی چاوپێکەوتن تایبەت بە نموونەی توێژینەوەکە

ڕێککەوتی چاوپێکەوتن: / / ٢٠١٦

شوێنی چاوپێکەوتن:...................................

ماوەی چاوپێکەوتن:.....................................

### تەوەری یەکەم: زانیاری تایبەت بە نموونەی توێژینەوەکە

١. ناوی سیانی لێتوێژراو: ..........................
٢. تەمەن: ..........................................
٣. ڕەگەز:............................................
٤. ئاستی خوێندن (بڕوانامە):......................
٥. بواری پسپۆڕی:.................................
٦. شوێنی کار:.......................................

## تەوەری دووەم: پرسیاری تایبەت بەتوێژینەوەکە

### یەکەم: نوێگەری و کولتوور

١. کۆمەڵگەی کوردی هەڵگری خەسڵەتی کولتووری تایبەت بە خۆیەتی، ئەو خەسڵەتانە چین؟ ئایا نوێیە یاخود نەریتیە ؟

..........................................................................................

.........................................

٢. دەرکەوتەکانی نوێگەری دەبینی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا؟ ئەو دەرکەوتانە چین لە ئاستە ماددی و ناماددییەکەیدا؟

..........................................................................................

.........................................

٣. ئایا کولتووری کۆمەڵگەی کوردی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە لەژێر کاریگەری کولتووری نوێگەریدا؟کۆمەڵگەی کوردی کاردانەوەی چۆنە بەرانبەر دەرکەوتەکانی پرۆسەی نوێگەری ؟

..........................................................................................

٤. ئایا پرۆسەی نوێگەری ئاستی باوەڕبوونی تاکی کوردی بە خورافە و ئەفسانەکان لاوازکردووە؟ ڕەنگدانەوەی ئەو لاوازکردنە لە چیدا بەدیدەکەیت؟

..........................................................................................

.........................................

٥. (**دواکەوتنی کولتووری**) بەدیدەکەیت لە کولتوری کۆمەڵگەی کوردیدا ؟ چۆن؟

..........................................................................................

.........................................

٦. هۆکارەکانی دواکەوتنی کولتووری بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟

..........................................................................................

.........................................

٧. گەورەبوونی شارەکان و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لە دیاردەکانی دنیای تازەن، بۆ کۆمەڵگەی کوردی شار و خوێندەواری چ گۆڕانێکی لە کولتووردا دروستکردووە؟

..........................................................................................

.........................................

## دووەم: نوێگەری و مۆدە کۆمەڵایەتییەکان

١. کەناڵە یەکەمینەکانی مۆد چین؟ سەرچاوەکانی مۆد لە ئێستادا بۆ کۆمەڵگەی کوردی چین؟

.....................................................................................................

....................................................

٢. ڕۆڵی مۆدەکان لەدیاریکردنی سیما سەرەکیەکانی کەسێتیدا چین؟ چۆن کاردەکاتە سەر هەڵبژاردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ؟

.............................................................................................

.............................................................

٣. بە بڕوای تۆ هۆکاری لاوازی توانای داهێنانی کوردی تایبەت بەمۆدەکان بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

.............................................................................................

.........................................................

٤. پەیوەندی مۆدێلەکان بە جیاوازی چینایەتییەوە چۆن دەبینی ؟

.............................................................................................

.............................................................

٥. بەکارهێنانی مۆدێلەکانی جل و بەرگ و دیکۆراتی ناوماڵ و شێوازی نوێی ژیان توانیویانە کار لەسەر ئاستی ئازادی و تاکایەتی مرۆڤی کورد بکەن؟

.............................................................................................

................................................................

٦. ڕۆڵی مۆدەکانی دنیای نوێ لە هۆشیاری تاکی کوردا چۆن دەبینی؟

.............................................................................................

.................................................................

٧. جیاوازی و تایبەتمەندیەکانی کولتوری کوردی کامانەن بۆ قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە یان خۆگونجاندن لەگەڵ مۆدەکاندا؟

.............................................................................................

.................................................................

## سێیەم: نوێگەری و مۆزیکی کوردی

١. پەیوەندی هونەری موزیك لە کوردستاندا بە ڕەسەنایەتییەوە چۆنە؟ئایا توانیویەتی شوناسی کولتووری خۆی بپارێزێت لە بەرانبەر موزیکی جیهانیدا؟

.......................................................................................................

.....................................................................

٢. بە بڕوای تۆ موزیکی کوردی توانیویەتی پەیامێکی ڕەخنەگرانە ئاڕاستەی کۆمەڵگەی کوردی بکات؟

.......................................................................................................

.....................................................................

٣. بیروڕای بەڕێزت چییە لە بارەی (**بەکاڵابوون**)ی هونەری موزیکی کوردی؟

.......................................................................................................

.....................................................................

٤. ئایا تەکنەلۆژیا چ جۆرە کاریگەریەکی لەسەر موزیکی کوردی هەیە؟

.......................................................................................................

.....................................................................

٥. گرنگی یاخود زیانی موزیکی جەماوەری لە جۆری ڕاپ و جاز و ئەرەبێسك بۆ کۆمەڵگەی کوردی چین؟

.......................................................................................................

.....................................................................

٦. ئایا لەنێو موزیکی کوردیدا لە شاری سلێمانی مۆرکی کولتووری کوردەواری لەبەرچاوگیراوە ؟

.......................................................................................................

.....................................................................

٧. ئایا موزیکی کوردی دەروازەیەکی خێراترە بۆ جیهانگیری "کالایەکی خێرایە" بۆ گواستنەوە؟ هەروەها تایبەتمەندیەکانی بۆ بەجیهانیبوون چین؟

.......................................................................................................

.....................................................................